# شیکردنەوەی یاسایی

## توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

SEED

نووسەران

عدنان قادر

ڕاوێژکاری باڵای یاسایی و داکۆکیکردن، ڕێکخراوی سیید

adnan.amin@seedkurdistan.org

کریستین پێری

ڕاوێژکاری باڵای سیاسەت و داکۆکیکردن، ڕێکخراوی سیید

kristin@seedkurdistan.org

**نووسەران:** عدنان قادر و کریستن پێری

**ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە:** ئابی ٢٠٢٥

**سیید** ڕێکخراوێکی ناحکومی ناوخۆییە بە ڕابەرایەتی ژنان کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکات بۆ دروستکردنی داهاتوویەک کە هەمووان بتوانن تیایدا گەشە بکەن لە ڕێگەی پاراستنی ئەو کەسانەی لە بەردەم مەترسیدان و دەستەبەرکردنی مافەکان بۆ هەمووان. ئێمە کاردەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی و پاراستنی منداڵان و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و باشترکردنی تەندروستی دەروونی و خۆشگوزەرانی. لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە گۆڕانکاری ڕیشەیی دروستدەکەن و دەستپێشخەرییەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگا و پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و پەروەردە و داکۆکیکردنەوە پشتگیری تاکەکان دەکەین و کۆمەڵگا و سیستەمەکان بەهێز دەکەین بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی بەردەوام.

خاوەندارێەتی ئەم شیکارییە دەگەڕێتەوە بۆ سیید. هەر بەرهەمهێنانەوەیەک یان بەکارهێنانێک، چ بەشەکی بێت یان بە تەواوی، بێ مۆڵەتی نووسراوی سیید ڕێگەپێدراو نییە. مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ٢٠٢٥.

ئەم شیکارییە بە پاڵپشتی دارایی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گروپی ئای کیو IQ بەرهەم هاتووە. بەڵام بۆچوون و دەرکەوتە و دەرەنجام و ڕاسپاردەکان کە لێرەدا گوزارشتیان لێکراوە تایبەتن بە نووسەرەکان.

# خشتەی ناوەڕۆک


## ١. پوختەی جێبەجێکاریی ........................................ ٤

## ٢. ئامانج ........................................ ٥

## ٣. چوارچێوە ........................................ ٥

## ٤. میتۆد ........................................ ٥

## ٥. چوارچێوەی یاسایی لە سەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی ........................................ ٦

٥.١ پێشەکی ........................................ ٦

٥.٢ چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی ........................................ ٧

٥.٢.١ پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان (پەیماننامەی بۆداپستی ساڵی ٢٠٠١) ........................................ ٧

٥.٢.٢ پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا لە سەر پاراستنی منداڵان
لە خراپ بەکارهێنانی سێکسیی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی (پەیماننامەی لانزارۆتی ساڵی ٢٠٠٧) ........................................ ٩

٥.٢.٣ پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا لە سەر قەدەغەکردن و
بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و توندوتیژی خێزانی (پەیماننامەی ئیستەنبوڵی ساڵی ٢٠١١) ........................................ ١١

٥.٢.٤ ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبییەکان لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری ساڵی٢٠١٠ ........................................ ١٣

٥.٣ چوارچێوە یاساییە نیشتمانییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ........................................ ١٤

٥.٣.١ دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق ........................................ ١٤

٥.٣.٢ یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ ........................................ ١٥

٥.٣.٣ یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨) ی ساڵی (٢٠١٢) ی عێراق و ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٨) لە هەرێمی کوردستاندا ........................................ ١٦

٥.٣.٤ یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستاندا ........................................ ١٧

٥.٣.٥ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستاندا ........................................ ٢٠

٥.٣.٦ رەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لە عێراقدا ........................................ ٢٠

٥.٤ وەڵامدانەوە یاساییە هەرێمییەکان بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی ........................................ ٢٣

## ٦. دامەزراوەکان لە عێراق وهەرێمی کوردستان ........................................ ٢٤

٦.١ کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن ........................................ ٢٥

٦.٢ وەزارەتی ناوخۆ لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ........................................ ٢٥

٦.٢.١ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ لە عێراقدا ........................................ ٢٦

٦.٢.٢ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان
لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی خێزان و منداڵان لە توندوتیژی خێزانی لە عێراقدا ........................................ ٢٦

٦.٣ وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق وهەرێمی کوردستاندا ........................................ ٢٧

٦.٤ ئاژانسەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ........................................ ٢٧

## ٧. پێشنیار و کارە لەپێشینە سەرەکییەکان بۆ یاسادانان بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی ........................................ ٢٨

# ١. پوختەی جێبەجێکاریی

لە جیهانێکدا کە دیجیتاڵیبوون لە زیادبوونی بەردەوامدایە، توندوتیژی ئەلیکترۆنی گوزارشت لە هەڕەشەیەکی بەربڵاو ئەکات لە سەر سەلامەتی و ئاسایشی تاك و کۆمەڵگە و نەتەوەکان. لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا - کە تیایاندا ڕێژەی توندوتیژی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزە و چوارچێوەی پاراستنە بنەڕەتییەکان لاوازە و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و فشارە کولتووریەکان مەترسیەکانی پەڵەی کۆمەڵایەتی پەیوەندار بە شەرەف و تۆڵەکردنەوە لە ڕزگاربووان زیاتر دەکەن - دەرئەنجامەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی زۆر قووڵن. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕوونتر بەرجەستە دەبێت لە دژی ئەندامانی گروپە لاوازەکان لەناویاندا ژنان و منداڵان. لە کاتێکدا کە ژنان بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ لە ژێر کاریگەریی توندوتیژیدان لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە[١]، کە دەستەواژەیەکی گشتگیرە بۆ ژمارەیەکی جۆراوجۆری پێشێلکارییەکان دژ بە ژنان کە ئەنجامدەدرێن یان دەکرێ گەورەتر بکرێن لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، منداڵان لە ژێر مەترسی گەورەی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیدان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە[٢]، کە جۆرێکی تایبەتی تاوانە سێکسیەکانی دژ بە منداڵانە کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی لەخۆ دەگرێت.

عێراق و هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین ئاڵەنگاریی گەورە بوونەتەوە لە چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا، لە ناویاندا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. سەرەڕای هەنگاوە کردارییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانانە لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکاندا، بەڵام نەبوونی یاسایەکی تۆکمە و ڕوون لە سەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی کۆسپی بۆ وەڵامدانەوە دامەزراوەییەکان دروست کردووە. دەستووری عێراقی کە سەرەکیترین و باڵاترین یاسایە لە وڵاتدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان توندوتیژی و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردن قەدەغە دەکات و پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان لەو چوارچێوەیەدا یاسا دابڕێژێت. بەڵام تا ئێستا زۆربەی یاسا بەرکارەکان هەمان ئەو یاسایانەن کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە تەقلیدییەکان دارێژراون و بە سەر ئەو تاوانانەدا جێبەجێدەبن و لەوانەیە گونجاو نەبن بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکارییە ئەلیکترۆنیەکان. ئەم یاسایانەی کە ئێستا بەرکارن بە شێوەیەکی ڕوون شێوازە سەرەکییەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لەخۆناگرێت و دامەزراوەیەکی حکومی تایبەتمەند دەستنیشان ناکات بۆ وەڵامدانەوە و هیچ ڕێوشوێنێکی تەکنیکی گونجاو لەخۆناگرێت بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم تاوانانە. لەبری ئەوە، وەڵامدانەوەی ئێستا بۆ توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی چەند دەقێکی پەرتەوازەوە لە دووتوێی چەند یاسایەکی گشتی و تایبەتدا چارەسەر دەکرێت کە بە پلەی جیاواز پەیوەستە بە بابەتەکە و چوارچێوەی جێبەجێکردنیشیان جۆراوجۆرە. ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ناڕوونی لە سنووری دەسەڵاتەکان و پوکانەوەی هەماهەنگیکردن لە نێوان دامەزراوە وەڵامدەرەوەکان و جێبەجێکردن و لێکدانەوەی جۆراوجۆری یاساکان و هێشتنەوەی تاکەکان لە ژێر مەترسیدا.

لە کاتێکدا گفتوگۆکردن لە سەر ئەم بابەتە بەردەوام دەبێت لە گەشەکردن بە هاوتەریبی لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە خێراکاندا وە داڕشتنی یاسا بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دەکرێ ببێتە ئەرکێکی قورس، ئەوا چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هەن کە دەکرێ بەکاربهێنرێن لە پرۆسەی پەرەپێدانی یاساگەلێکی ناوخۆیی بەهێز. بەشێوەیەکی بەرچاو، پەیماننامەکانی بۆداپست و لانزارۆتی و ئیستەنبوڵی ئەنجومەنی ئەورووپا هاوچەرخترین و گشتگیرترین کۆمەڵە ڕێوشوێن فەراهەم دەکەن بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی لە ڕەهەندی ئەلیکترۆنیدا، بەتایبەت دژ بە ژنان و منداڵان. لە هەوڵەکانیاندا بۆ داڕشتنی یاسایەکی نیشتمانیدا، یاسادانەران دەتوانن سوود لە پێوەر و ستانداردە باوەکان ببینن کە لەو پەیمانامە نێودەوڵەتیانەدا هاتوون بە هاوتەریبی لەگەڵ دەقە یاساییە نەرمەکاندا وەك ڕێبەرێك یا لیستێکی پێداچوونەوە یاخود یاسایەکی نموونەیی.

لە کرۆکی ڕێگەچارەکەیدا بۆ ئەم کێشەیە، یاسا نێودەوڵەتیەکان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو یاسایانەی دارێژراون بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکان لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا دەکرێ بە شێوەیەکی جیاواز دووچاری خراپ جێبەجێکردن و خراپ بەکارهێنان ببنەوە. هەربۆیە یاسا نێودەوڵەتیەکان هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگەی تێهەڵکێشکردنی هەردوو پارێزگارییە بابەتی و ڕێکارییەکانەوە هاوسەنگییەکی ورد ڕابگرن لە نێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکاندا بە پشتیوانیکردنی توانای یاسادانەرە نیشتیمانییەکان بۆ بە تاوان ناساندنی توندوتیژی و کردارە زیانبەخشەکان بە بێ پێشێلکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان، لە ناویاندا مافی تایبەتمەندێتی و پاراستنی داتا و ئازادی بیروبۆچوون و ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و ئازادی کۆبوونەوە و بەشداری لە کۆمەڵەکان. هەروەها یاسا نێودەوڵەتیەکان جەختدەکەنەوە لە سەر ئەوەی کە پێویستە هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی گشتگیر و دوورمەوداتر بن لە تەنها کارکردن لە سەر لێپێچینەوە و دادگاییکردن، بەڵکو پێویستە هەنگاو بنێن بەرەو تێهەڵکێشکردنی ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی لە توندوتیژی و پاراستنی قوربانییەکان و فەراهەمکردنی قەرەبوو بۆ ئەوانەی کە زیانیان بەرکەوتووە و پاڵپشتیکردنی وەڵامدانەوەیەکی هەماهەنگی نێوان لایەنەکان لە سێکتەرە جیاوازەکان لە نێویشیاندا لە نێوان ئەو دەسەڵاتانەی کە کار دەکەن لە سەر ئەو تاوانانەی کە سنوری وڵاتان دەبەزێنن. ڕەچاوکردنی هەریەك لەو ڕەگەزانە لە پەرپێدانی یاسا نیشتمانیەکاندا نەخشەڕێگایەکی پراکتیکی فەراهەم دەکات بۆ ریشەکێشکردنی توندوتیژی و پاراستنی تاکەکان و هێشتنەوەیان بە پارێزراوی لە ڕەهەندی ئەلیکترۆنیدا و توانای دەوڵەتەکان بۆ گەلاڵەکردنی وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر زیاد دەکات.

---

١. چەند دەستەواژەیەکی ئەلتەرناتیف هەیە وەکو (توندوتیژی ئەلیکترۆنی دژ بە ژنان) یا (توندوتیژی دژ بە ژنان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە) کە دەکرێت بەشێوەیەکی هاوواتایانە لە ئەدەبیات و گوتاردا بەکاربهێنرێن بۆ وەسفکردنی هەمان دیاردە. لە کاتێکدا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لەناو ئەم پەیپەرەدا بەکارهێنراوە، پێویستە وا لێکبدرێتەوە کە جێبەجێدەبێت بە سەر هەموو دەستەواژەکان کە پەیوەندیدارە بە کردارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان و و کچان کە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ئەنجام دەدرێن.

٢. دەستەواژەی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان بە ئۆنلاین بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت لەو گوتارەی کە لە ئێستادا هەیە لە سەر بابەتەکە بەڵام زیادکردنی (لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە) وەکو هەموارێکی سەرەکی لەبری دەستەواژەی (ئۆنلاین) پەسەندترە بۆ ئەوەی وردیی و فراوانی پێناسەکە زیاتر بکات و باشتر ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی تەکنەلۆژیا بێت لە ئەنجامدان یا گەورەترکردنی ئەو تاوانانە دژ بە ژنان و منداڵان لەهەردوو چوارچێوەی ئەلیکترۆنی و نائەلیکترۆنیدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە چاپی دووەمی (ڕێبەرەکانی دەستەواژەکان بۆ پاراستنی منداڵان لە خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی. (ECPAT International 2025).

ئەم ڕاپۆرتە چوارچێوەی یاسایی بەرکار لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا شیدەکاتەوە، لە ناویاندا هەردوو یاسا گشتی و تایبەتکراوەکانیش لە بەرانبەر ئەو پێوەرانەدا. هەروەها وەکو ڕاهێنانێکی بەراوردکاریی، ئەم ڕاپۆرتە هەوڵەکانی دەوڵەتی کوەیت هەڵدەسەنگێنێت بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی دانانی یاسای ژمارە (٦٣) ی ساڵی ٢٠١٥ لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری کە نموونەیەکی گرنگی هەرێمی فەراهەم ئەکات بۆ وڵاتێك کە پێوەرە جیهانیەکان تێهەڵکێش ئەکات بە شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کەلتووری نێوخۆییدا. دواتر ڕاپۆرتەکە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ هەندێك پێشکەوتنی بەدیهاتوو لە بوارەکەدا و ئەو ئاڵەنگاریيانەی کە ڕووبەڕووی دامەزراوە حکومیەکان بوونەتەوە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە سایەی نەبوونی ڕاسپاردەیەکی پشت بەستوو بە یاسا. لە کۆتایدا، ئەم ڕاپۆرتە هەندێك پێشنیار پێشکەشدەکات بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرەپێدانی یاسایەکدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم هەڕەشە پەرەسەندووە. ئەم ڕاپۆرتە جەختدەکاتەوە کە وەڵامدانەوەی یاسایی تۆکمە پێویستە بە لایەنی کەمەوە:

- **پارێزگارییە پێویستەکان لەخۆبگرێت.** لە سەر بنەمای داندانپێدانان بەوەی کە ئەو چوارچێوانەی کە ڕەفتارە تاوانیەکان لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا دەستنیشان دەکەن مەترسی خراپ بەکارهێنان و خراپ جێبەجێکردن تیایاندا زۆرە وە ئەگەر هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی چالاکیە تاوانییەکان خراپ بەڕێوە ببرێن ئەوا مەترسیەکان گەورەتر دەبن بۆ ڕزگاربووان، پێویستە یاساکە پارێزگارییە پێویستەکان فەراهەم بکات بۆ ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی.
- **ڕێبازێکی گشتگیر دابمەزرێنێت.** بۆ ئەوەی وەڵامێکی تۆکمە و تەواوکەری یەکتر دروست بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی، پێویستە یاساکە ڕێبازێکی گشتگیر دابمەزرێنێت کە ڕێوشوێنەکان لەخۆبگرێت بۆ خۆپارێزی و پاراستن و دادگاییکردن و قەرەبووکردنەوە.
- **چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بنیات بنێت.** بۆ کاراکردنی وەڵامدانەوە بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی، پێویستە یاساکە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی ئاشکرا و ڕوون دروست بکات بە سەرکردایەتیەکی لایەنێکی ڕاسپێردراو و میکانیزمی گونجاو بۆ پاڵپشتیکردنی دەستێوەردانە فرەچینەکان و کرداری هەماهەنگیکردن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سێکتەرە جیاوازەکان ئەمەش لە پێناو ڕێبازی بەهێزی (کۆی سیستەمەکان).
- **دارێژراو بێت لە پێناو دروستکردنی کاریگەری.** بۆ مسۆگەرکردنی وەڵامدانەوەیەکی بەهێز بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی، پێویستە یاساکە هەندێك ڕێوشوێن لەخۆبگرێت بۆ پاڵپشتی کردنی جێبەجێ کردن و چاودێری و هەڵسەنگاندن و پێشکەوتن و ئاسانکردنی خۆگونجاندن لە کاتی پێویستدا.

## ٢. ئامانج

ئەم شیکارییە هەندێك چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی و نیشتمانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی شیدەکاتەوە لە ناویاندا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان وخراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. ئەم شیکردنەوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی وەڵامدانەوەی یاسایی هاوسەنگ و گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە گەڵ سەرنج خستنەسەر خۆپارێزی و پاراستن و دادگاییکردن و قەرەبووکردنەوە و سیاسەتە تەواوکارییەکان. ئەم شیکردنەوەیە، کە لە لایەن ڕێکخراوی سییدەوە برەوی پێ دراوە، پشت بەستە بە ئەزموونی کارکردنی ڕێکخراوەکە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاراستن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و ئەزموونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وە هەروەها ڕەچاوکردنی وەڵامدانەوەی دامەزراوە حکومییەکان لە سەرانسەری عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەم شیکردنەوەیە کۆمەڵێک پێشنیاری سەرەکی و کاری لە پێشینە پێشکەشدەکات لە پێناو پەرەپێدانی یاسایەک بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی.

## ٣. چوارچێوە

ئەم شیکارییە یاساییە شیکردنەوەیەکی گشتگیر پێشکەش دەکات بۆ چوارچێوە یاساییە پەیوەندیدارەکان بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام هەڵسەنگاندنێکی قووڵ فەراهەم ناکات سەبارەت بە بەرکەوتنە یاساییەکانی ئەم چوارچێوەیە بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕاگەیاندنەوە[٣].

## ٤. میتۆد

ئەم شیکارییە یاساییە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە پێداچوونەوەی سەرچاوە سەرەتاییەکان لە ناویاندا یاسا و پەیماننامە پەیوەندارەکان بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لە چوارچێوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنییەکاندا، وە سەرچاوە لاوەکییە بەردەستەکان. هەروەها ئەم شیکارییە دەوڵەمەندکراوە بە ئەزموونی کارکردنی مەیدانی ڕێکخراوی سیید و تەواوکراوە بە چاوپێکەوتنە سەرەکییەکان و بیروبۆچوونەکانی بەرپرسان و شارەزایان.

٣. پێویستە پاراستنی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان ڕەچاوبکرێت لەکاتی بە تاوان ناساندنی ڕەفتارە ئەلیکترۆنیەکاندا چونکە ڕێکخستنی ئەم بابەتە پێویستە هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکان و مافەکانی مرۆڤدا. بەهەرحاڵ بە وردی دیاریکردنی هەموو ماف و ئازادییە پەیوەندیدارەکان دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەوە. هەموو پێشنیارە پەیوەندیدارەکان بە خۆپارێزی و بەدواداگەڕان و لێپێچینەوە لە توندوتیژی ئەلیکترۆنی و دابینکردنی پاراستنەکان بۆ ڕزگاربووان پێویستە لەو چوارچێوەدا لێیان تێبگەین و مەبەست ئەوە نیە کە ببنە کۆت و بەندگەلێك بەسەر ئازادییە بنەڕەتییەکانەوە کە لەمادەی (٣٨) و (٤٠)ی دەستووری عێراق و لە یاسا نیشتمانی و هەرێمییەکانی تردا هاتوون.

# ٥. چوارچێوەی یاسایی لە سەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی

## ٥.١ پێشەکی

توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە هەموو ژینگە گشتی و تایبەتەکاندا ڕوودەدات کە تیایاندا تاکەکەسەکان بەریەکتری دەکەون، کە ئەمەش کۆمەڵگە و خێزان و پانتاییە تاکەکەسیەکان و شوێنی کارکردن و دامەزراوە تەندروستیەکان و فێرکارییەکان و هتد... لەخۆدەگرێت لە گەڵ ئەو پانتاییە گشتی و تایبەتەکانەی کە لە ژینگە تەکنەلۆژییەکانەوە دروست دەبن[٤]. لە ئێستادا هیچ پێناسەیەکی دانپێدانراو لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ توندوتیژیی ئەلیکترۆنی بوونی نیە وەك دەستەواژەیەکی پێوەریی. بەهەرحاڵ بە شێوەیەکی گشتی وادەبینرێ کە ئاماژە بدات بە کۆمەڵێك کرداری زیانبەخش و چەند ڕەفتارێك کە دەکرێ هەڕەشەیان پێ بکرێ یان ئەنجام بدرێن یان ئاسانکاریيان بۆ بکرێ یا قورستر بکرێن لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییکردنەوە.

لە جیهانێکدا کە دیجیتاڵیبوون لە زیادبوونی بەردەوامدایە، توندوتیژیی ئەلیکترۆنی گوزارشت لە هەڕەشەیەکی بەربڵاو دەکات لە سەر سەلامەتی و ئاسایشی تاك و کۆمەڵگە و وولاتان. هاوشێوەی ئەوەی کە لە شێوازە نائەلیکترۆنییەکانی توندوتیژیدا هەیە، ئەوانەی کە دوچاری گەورەترین مەترسی ئەبنەوە بەزۆریی ئەندامانی گروپە لاوازەکانن لە نێویاندا ژنان ومنداڵان. ژنان بە شێوەیەکی نابەرابەر لە ژێر کاریگەریی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوەن کە دەستەواژەیەکی بەرفراوانە و چەندین جۆری پێشێلکاریی لەخۆئەگرێ دژ بە ژنان کە ئەنجام دەدرێن یا گەورەتر ئەکرێن لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لە نێویاندا خراپ مامەڵەکردنی پشت بەستوو بە وێنە و هەڕەشەکردنی سێکسیی و شوێنکەوتنی ئەلیکترۆنی و خۆسەپێنی ئەلیکترۆنی و گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی و هەڵگرتنی نازناوی کەسی دیکە بە شێوەی ئەلیکترۆنی و ناوزڕاندن و گوتاری ڕق لێبوون و هاککردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی. منداڵان لە ژێر مەترسیەکی گەورەی خراپ مامەڵەکردن و خراپ بەکارهێنانی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوەن کە جۆریکی تایبەتی تاوانە سێکسیەکانی دژ بە منداڵانە کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دیجیتاڵیەکان لەخۆئەگرێت لە ناویاندا مل پێکەچکردن بۆ کاری سێکسی و ناچارکردن بۆ ئەنجامدانی کارە سێکسییەکان و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و دەسکەوتنی بابەتەکانی تایبەت بە خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان و بابەتەکانی خراپ بەکارهێنانی سێکسیی منداڵان و هاندان و لەخشتەبردنی منداڵان بۆ ئەو مەبەستانە.

لە کاتێکدا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لیستێکی داخراو پێك ناهێنن بۆ هەموو پێشێلکارییە پێشبینیکراوەکانی دژ بە ژنان و منداڵان لە ژینگەی دیجیتاڵیدا بەڵام چەند هێمایەکن بۆ مەترسییە بێ هاوتاکانی پەیوەست بە ژینگەی ناوەندە تەکنەلۆژییەکان کە لە زیادبووندان لە هەردوو ڕووی بەربڵاویی و مەترسیەوە بە هۆی بەردەوامی تەکنەلۆژیا لە پێشکەوتن و بڵاوبوونەوە.

داڕشتنی یاسایەکی گشتگیری بەهێز ستراتیجێکی سەرەکیە لە جەنگی دژ بە توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا. لە ڕێگەی بە تاوان ناساندنی ڕەفتارە تاوانییە تازە دەرکەوتووەکان لە ڕەهەندی ئەلیکترۆنیدا و دەستنیشانکردنی دامەزراوە یا ئاژانسێکی ڕاسپێدراو بۆ وەڵامدانەوە و دانانی پرۆسە و ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە و فەراهەمکردنی نەخشەڕێگەیەکی کرداریی بۆ خۆپارێزی لە توندوتیژی و پاراستنی قوربانییەکان و دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان، دانانی یاسایەك بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی دەتوانێ پاڵپشتی توانای دەوڵەت بکات بۆ بنیاتنانی ڕێبازێکی هەمەلایەن و کاریگەر بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم هەڕەشە گەورەیە.

پەرپێدان و دانان و جێبەجێکردنی یاسایەك بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی پرۆسەیەکە کە دەبێ بە وریایی و بە ئاگادارییەوە بەڕێوەببرێ بۆ خۆپارێزی لە پێشێلکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ژینگەی دیجیتاڵیدا، لە ناویاندا مافی تایبەتمەندێتی و ماف و ئازادییەکانی بیروبۆچوون و ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن و نامەگۆڕینەوە و.... هتد. بەرپرسیارێتی دەوڵەت بۆ پارێزگاری لەو ماف و ئازادییانە - وەك لە مادەکانی (٣٨) و (٤٠)ی دەستووری عێراقی و لە یاسا نیشتمانی و هەرێمی و چوارچێوە یاساییە نێودەوڵەتیەکاندا بەرجەستە کراون کە عێراق ئیمزای لە سەر کردوون[٥] - پێویستە لەبەرچاوبگیرێت کاتێك بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین بۆ توندوتیژی و زیانە ئەلیکترۆنیەکان. وە پێویستە ڕێکخستنی ئەم بابەتانە هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکاندا بۆ کەمکردنەوەی مەترسی خراپ جێبەجێکردن و خراپ بەکارهێنان[٦].

٤. پێشنیاری گشتی ژمارە (٣٥) (لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان، ٢٠١٧).

٥. ماف وئازادییە بنەڕەتییەکان لەچەندین چوارچێوەی نێودەوڵەتی گرنگدا دیاریکراون کە تیایاندا عێراق ئیمزای لە سەرکردوون لەوانە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی وسیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ی ساڵی ١٩٦٦ و چەن بەڵگەنامەیەکی تری پەیوەندیدار.

٦. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ستراتیجیە پێشبینیکراوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و لە هەمان کاتدا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهانی دیجیتاڵیدا، بڕوانە کۆمەڵێک پرەنسیپی پێشنیارکراو لە لایەن هاوپەیمانی بۆ مافە جیهانیە دیجیتاڵیەکان بۆ پێشخستنی داهاتوویەکی کراوە و ئازاد و ئارامی دیجیتاڵی بۆ هەموان لە ڕێگەی پەیماننامەی دیجیتاڵی جیهان کە لێرەدا بەردەستە.

## ٥.٢ چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی

بە شێوەیەکی گشتی لە ناوەڕۆکی هەوڵەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئەوە ئەگەڕێت کە سازان بەدی بهێنێت لەنێوان دوو خاڵدا، یەکەم ڕوانگەی ئەنتەرنێتێکی ئازاد کە تیایدا دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بەردەست بێت و هاوبەشیکردن زانیاری دووربێت لە کۆتوبەند وە دووەم هەبوونی وەڵامێکی دادپەروەرانەی سزایی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی. تێگەیشتنی سەرەکی لە پشت ئەم چوارچێوانەوە ئەوەیە کە دەبێت هەر سنوردارکردنێکی مافە بنەڕەتییەکان پێویست و گونجاو بێت و پێویستە ئەم سنوردارکردنە بە بەرتەسکی پێناسە بکرێت کە تیایدا بە ڕوونی و وردیی ڕەفتارە تاوانییەکان دیاری بکرێت و ئەوە مسۆگەر بکرێت کە لە پرۆسەی دادگاییکردن و لێکۆڵینەوەکاندا بنەماکانی سەروەریی یاسا و لایەنی کەمتریني گەرەنتیە یاساییەکان جێبەجێدەکرێن. لەم بارەیەوە، دەوڵەت بەرپرسیارێتیەکی دوو جەمسەری هەیە، یەکەمیان دەوڵەت لە ڕێگەی دەسەڵات و دامەزراوەکانیەوە پێویستە ڕێز لە یاسا بگرێت و دوور بکەوێتەوە لە کرداری زیانبەخش. دووەمیان دەوڵەت پێویستە پەیرەوی ڕێوشوێن و پارێزگارییە یاساییەکان بکات لە هەموو کەیسەکاندا و تاکەکان بپارێزێت لە ئەکتەرەکانی دەرەوەی دەزگاکانی دەوڵەت. ئەم پابەندییە پابەندیی بەدیهێنانی ئەنجام نیە بەڵکو پابەندیی ئامراز و پرۆسەی گەیشتنە بە ئەنجامەکە کە وادەخوازێت دەوڵەت هەوڵەکان بخاتەگەڕ بۆ ڕێکخستنی وەڵامدانەوەکانی خۆی بۆ ڕاگرتنی پێشێلکارییەکانی سەر مافەکانی مرۆڤ. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا شکست هێنان لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەدا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لێ ئەکەوێتەوە.

چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار هەن کە هاوچەرخترین و گشتگیرترین ڕێوشوێنەکان فەراهەم دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێوازە ئەلیکترۆنیەکانی توندوتیژی بە تایبەت دژ بە ژنان و منداڵان و دابینکردنی چارەسەری گونجاو بۆ ڕزگاربووان. ئەو ڕێوشوێنانە پێوەر و ڕێبەری گونجاو فەراهەم دەکەن بۆ پاڵپشتیکردنی یاسادانەرە نیشتمانییەکان لە پرۆسەی دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی پێشێلکارییە ئەلیکترۆنیەکان و ناساندنی ڕێوشوێنی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی کاریگەر و لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوان بەهۆی ڕەفتارە تاوانییەکانەوە.

پەیماننامەی بۆداپست و لانزارۆتی و ئیستەنبوڵی ئەنجومەنی ئەوروپا پەیوەندیدارترین پەیمانامە نێودەوڵەتیەکانن کە چەند پێوەر و ستانداردێکی هاوبەش پێشکەش دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی. دەقەکانیان گونجاو و وردن بۆ مسۆگەرکردنی پێوەرەکانی سەروەری یاسا و لە گەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە نەرمیان تێدایە کە ڕێگە بە خۆگونجاندن دەدەن لە سیستەمە یاساییە جیاوازەکان لە هەر هەرێمێکی ئەم جیهانەدا[٧]. لەوەش زیاتر، شانبەشانی گەشەکردنی تەکنەلۆژیا، ئەو بەڵگەنامانە دەکرێت بە شێوەیەکی دینامیکی بگونجێنرێن لە ڕێگەی دروستکردنی دەقەکانی یاسای نەرمەوە لە لایەن لیژنە پسپۆڕییەکان و کۆمیسیارە تایبەتمەندەکانەوە. ڕێکەوتنامەی وڵاتە عەرەبیەکان لە سەر تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردنی ساڵی (٢٠١٠) بریتیە لە بەڵگەنامەی هەرێمی بۆ وڵاتە عەرەبیەکان و بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندیدارە بەم گفتوگۆیەوە چونکە عێراق ئیمزای لە سەر کردووە، هەر بۆیەش هەر چوار بەڵگەنامەکە شیکارییان بۆ ئەکرێت[٨].

### ٥.٢.١ پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان (پەیماننامەی بۆداپستی ساڵی ٢٠٠١)

پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان[٩] (لێرە بەدواوە بە پەیماننامەی بۆداپست ئاماژەی پێ دەدرێت) گشتگیرترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیە لە سەر تاوانی ئەلیکترۆنی و بەڵگەی ئەلیکترۆنی. پەیماننامەی بۆداپست لە لایەن ئەنجومەنی ئەوروپا و هەندێك وڵاتی تری دەرەوەی ئەوروپاوە پەرەی پێ دراوە لە ساڵی ٢٠٠١ و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا و لە لایەن ٨٠ وڵاتەوە لە سەراپای جیهاندا ئیمزا کراوە. ئەم پەیماننامەیە چوارچێوەیەکی یاسایی جیهانی فەراهەم دەکات بۆ پاڵپشتی کردنی لایەنەکانی لە داڕشتنی یاسای نێوخۆییدا بۆ پێناسەکردنی ڕەفتارە جۆراوجۆرەکانی تاوانی ئەلیکترۆنی، هەر لە لە دەست پێگەیشتنی نایاسابیەوە دەست پێ دەکات تا دەستوەردان لە داتا و سیستەمەکان و تاوانی فێڵکاریی پەیوەست بە کۆمپیوتەرەوە هەتا دەگاتە بابەتی سێکسی منداڵان[١٠]. هەروەها پەیماننامەی بۆداپست چەن میکانیزمێکی ڕێکاریی و چەند ئامرازێکی داهێناوە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان و مسۆگەرکردنی سەلامەتی و ئاسایشی بەڵگە ئەلیکترۆنیەکان. هەروەها پەیماننامەکە ڕۆڵ دەگێڕێت وەکو بنەمایەکی یاسایی بۆ هەماهەنگی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی تاوانی ئەلیکترۆنیدا لە نێوان وڵاتەکانی ئەندام لە پەیماننامەکەدا. ئەم پەیماننامەیە تەواوکراوە بە پرۆتۆکۆلی یەکەمی پەیماننامەکە لە سەر تاوانە ئەلیکترۆنیەکان کە پەیوەستە بە تاوان ناساندنی ئەو کردارانەی کە مۆرکی ڕەگەزپەرستی یا بێزراوکردنی خەڵکی بیانی لەخۆدەگرێت و ئەنجام دەدرێن لە ڕێگەی سیستەمی کۆمپیوتەرەوە[١١] هەروەها تەواوکراوە بە پرۆتۆکۆلی دووەم بۆ هەماهەنگی پاڵپشتی کراو و خستنەڕووی بەڵگەی ئەلیکترۆنی[١٢].

پەیماننامەی بۆداپست لیژنەی پەیماننامەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکانی دامەزراندووە بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە و گۆڕینەوەی زانیاری و هاوبەشکردنی باشترین پەیڕەوەکان. ئۆفیسی تایبەتمەندی پرۆگرامی تاوانی ئەلیکترۆنی سەر بە ئەنجومەنی ئەوروپا سەرکردایەتی بونیادنانی تواناکان دەکات بۆ لایەنەکانی پەیماننامەکە و هاوکاری تەکنیکی فەراهەم ئەکات بۆ پاڵپشتیکردنی لە ئاوێتەکردنی ئامرازە بابەتی و ڕێکارییەکان لە گەڵ یاسا نێوخۆییەکاندا.

وەکو خاڵێکی بنەڕەتی کە پێویستە تێبینی بکرێت کە پەیماننامەی بۆداپست هەوڵدەدات سازان بکات لە نێوان ڕوانگەی ئەنتەرنێتێکی ئازاد کە تیایدا زانیارییەکان بە ئازادیی بجووڵێن و هاوبەش بکرێن، لە گەڵ پێویستی هەبوونی وەڵامدانەوەیەکی کاریگەرانەی دادگەریی تاوانی بۆ حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنان. لەم وەڵامدانەوەیەدا کۆت و بەندەکان بەشیوەیەکی بەرتەسک پێناسەکراون و تەنها چەند کردارێکی دیاریکراو بە تاوان ناسێندراوە و لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانیان دەکرێت. هەروەها ئەو داتایانەی کە پێویستن وەك بەڵگە لە دادگاییکردندا بەکاربهێنرێن پێویستە لە چواچێوەی پارێزگاربەندییەکانی سەروەری یاسا بەدەستهێنرابن.

٧. لەکاتێکدا عێراق پەیوەندیی نەکردووە بەو چوارچێوانەوە، پێوەرەکانی ئەنجومەنی ئەوروپا کە لە پەیماننامەکانی بۆداپست و لانزارۆتی و ئیستەنبوڵدا هاتوون، هاوتەریب لەگەڵ دەقەکانی یاسا نەرمەکانیاندا، چەند پێوەرێکی بەنرخ فەراهەم ئەکەن بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە دژی ژنان و منداڵان، دەکرێ وەك ڕێبەرێک یان لیستێکی پێداچوونەوە یاخود تەنانەت وەك یاسایەکی نموونەیی بەکاربهێنرێن بۆ پاڵپشتیکردنی داڕشتنی یاسایەکی نێوخۆیی.

٨. لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی فەرمی پەیماننامەی دژ بە تاوانە ئەلیکترۆنەکان ی پەسەند کرد کە هەوڵی زیادکردنی هەماهەنگی نێودەوڵەتی دەدات و چوارچێوەیەکی یاسایی یەکگرتوو دادەنێت بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشە پەرەسەندووەکانی کە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان دروستی ئەکەن. شیکردنەوەی ئەم چوارچێوە تازەیە، کە پێویستی بە ئیمزای (٤٠) لایەنی ئیمزاکەر هەیە بۆ بەرکاربوونی، لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەم شیکارییەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پەسەندکردنی ئەم پەیماننامەیە هەنگاوێکی گرنگ بەرجەستە ئەکات بەرەو پێشەوە لەهەوڵە جیهانییەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی.

٩. پەیماننامەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان (ئەنجومەنی ئەوروپا، ساڵی ٢٠٠١).

١٠. هەرچەندە (بابەتی سێکسی منداڵان) ئەو دەستەواژە یاساییەیە کە بەکارهاتووە لەم پەیماننامەیە و یاساکانی تردا کە ئاماژەیان پێ دراوە لەم شیکارییەدا بەڵام دەستەواژەکانی بابەتەکانی خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان و بابەتەکانی خراپ بەکارهێنانی سێکسی منداڵان بەربڵاوترن وە ڕەنگدانەوەی سروشتی خراپ مامەڵەکردن و خراپ بەکارهێنان دەردەخات دژ بە منداڵان.

١١. پرۆتۆکۆلی زیادکراوی یەکەمی پاشکۆ بۆ پەیماننامەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان، سەبارەت بە تاوان ناساندنی ئەوکردارانەی کە بە سروشت ڕەگەزپەرستانەن و خەڵکی بیانی بێزراو ئەکەن کە لە ڕێگەی سیستەمەکانی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێن (ئەنجومەنی ئەوروپا ، ساڵی ٢٠٠٣).

١٢. پرۆتۆکۆلی زیادکراوی دووەمی پاشکۆ بۆ پەیماننامە لەسەر تاوانی ئەلیکترۆنی سەبارەت بە هەماهەنگی پاڵپشتی کراو و خستنەرووی بەڵگەی ئەلیکترۆنی (ئەنجومەنی ئەوروپا، ساڵی ٢٠٠٢).

## پەیوەندی پەیماننامەی بۆداپست بە توندوتیژی ئەلیکترۆنییەوە

پەیماننامەی بۆداپست و پرۆتۆکۆڵە زیادراوەکانی لە گەڵ پەیماننامەی ئیستەنبوڵ و لانزارۆتیدا، چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز فەراهەم دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی و توندوتیژی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە دژ بە ژنان و منداڵان وە هەروەها مافەکانیان لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا مسۆگەر دەکات. بە شێوەیەکی گشتی پەیماننامەی بۆداپست ئەو ڕەفتارانە بە تاوان دەناسێنێت کە لە دژی یان لە ڕێگەی داتا و سیستەمەکانی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێن وە داوای پەسەندکردنی کۆمەڵێك ڕێسای ڕێکاریی دیاریکراو ئەکات بۆ بەهێزکردنی لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردنی ئەنجامدارانی تاوان و پارێزگارییکردن لە بەڵگە ئەلیکترۆنییەکان. لەوانەیە توانای جێبەجێکردنی ئەو دەقانە بەسەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنیدا بگۆڕێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا گروپی کاری پەیماننامەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لە سەر گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی ئەلکترۆنی بە تایبەت دژ بە ژنان و منداڵان توێژینەوەیەکی رووپێویی بڵاوکردەوە لە سەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی بۆ شیکردنەوەی توانای جێبەجێکردنی ئەو چوارچێوەیە لە سەر توندوتیژی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە[١٣]. لیژنەی پەیمانامەکە بەشێوەیەکی فراوان پێناسەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی ئەکات بەوەی کە لە ناوەڕۆکدا پێکدێت لە" چەندین جۆری جیاوازی گێچەڵ پێکردن و پێشێلکاریی تایبەتمەندێتی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی و خراپ بەکارهێنانی سێکسیی و تاوانەکانی لایەنگیریی دژ بە گروپ یا کۆمەڵگە کۆمەڵایەتییەکان" و تێبینی ئەوە دەکات کە "توندوتیژیی ئەلیکترۆنی ڕەنگە هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ و توندوتیژیی جەستەیی و هەروەها شێوازە جۆراوجۆرەکانی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لەخۆبگرێت"[١٤].

### دەقە بابەتییەکان

لە ڕێگەی ژمارەیەك دەقی بابەتیی یاسای تاوانیەوە، پەیماننامەی بۆداپست بە شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چارەسەری چەندین جۆری توندوتیژی ئەلیکترۆنی و ئەنجام دراو لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە دەکات. مادەکانی (٢ -١٣)ی پەیماننامەکە وا دارێژراون کە ئامرازەکانی خۆپارێزی لە تاوانەکانی کۆمپیوتەر (یاخود پەیوەست بە کۆمپیوتەرەوە) و سەرکوتکردنیان لەخۆبگرێت ئەمەش لە ڕێگەی دانانی کۆمەڵێک پێوەری هاوبەش کە لایەنی کەمی ستانداردەکانی تایبەت بە تاوانە پەیوەندارەکانی تێدا بێت. هەندێك لەو دەقانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا یاخود دەقەکان ئاسانکاریی دەکەن بۆ هەندێك پەیوەندی بەرفراوان بەو شێوازانەی توندوتیژی.

مادەی (٤) لە پەیماننامەی بۆداپست دەقی کردووە لە سەر ئەوەی کە دەستوەردان لە داتاکاندا بریتیە لە هەر کردارێکی بەئەنقەستی زیانگەیاندن یان سڕینەوە یان خراپکردن یان گۆڕین یان سەرکوتکردنی داتای کۆمپیوتەری بە بێ بوونی هیچ مافێک. سەبارەت بە شێوازە باوەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی دژ بە ژنان و منداڵان، ئەم مادەیە دەکرێ بەشێوەیەکی سەرەکی جێبەجێ بکرێت بە سەر حاڵەتەکانی خراپ مامەڵەکردنی پشت بەستوو بە وێنە وەکو کرداری سڕینەوەی وێنەیەك لە سەر گەلەرییەك یا هەموارکردنی نووسینی پۆستێك لە سەر فەیسبوك یان دەستکاریکردنی وێنەیەك یاخود دروستکردنی وێنەیەکی ناڕاست بە بێ ڕەزامەندی ئەو کەسەی کە خاوەنی داتاکەیە.

مادەی (٥) باسی دەستوەردان لە سیستەمدا دەکات و پێناسەی دەکات بە کردارێکی بە ئەنقەست کە کۆسپ دروست بکات لە بەردەم کارکردنی سیستەمی کۆمپیوتەرەکەدا لە ڕێگەی خستنەناوەوەی یا پەخشکردنی یان سڕینەوەی یان خراپکردنی یان گۆڕینی یان سەرکوتکردنی داتایەکانی کۆمپیوتەر بە بێ بوونی هیچ مافێک. سەبارەت بە توندوتیژیی لە سەر بنەمای جۆریکۆمەلایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، مادەی (٥) دەکرێ بە شێوەیەکی سەرەکی جێبەجێ بکرێت بۆ پێشێل کردنی داتاکان کە لە سەلامەتی ژنان کەم دەکاتەوە یان دانانی پرۆگرامی بەدواداچوون لە سەر ئامێری قوربانیەکە بە مەبەستی چاودێریکردنی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و چالاکیەکانی تایبەت بە گواستنەوەی داتاکان. مادەی (٩) کۆمەڵیک کردار بە تاوان دەناسێنێت لە نێویاندا بەرهەمهێنانی بابەتی سێکسیی منداڵان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە یاخود کڕینی بابەتی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە یاخود بەردەستخستنی بابەتی سێکسیی منداڵان یان دابەشکردن و گواستنەوەی لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە. بەرهەمهێنان یاخود کڕین یاخود دابەشکردنی بابەتی سێکسیی منداڵان (کە بە بابەتەکانی خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵانیش دەناسرێتەوە) یەکێکە لە شێوازەکانی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.

سەبارەت بەو دەقانەی کە ئاسانکاری پەیوەندیەکی بەرفراوان دەکەن بە توندوتیژی ئەلیکترۆنیەوە، مادەی (٢) لە پەیماننامەی بۆداپست دەستڕاگەیشتنی بە ئەنقەست و نایاسایی بەسەراپای یاخود هەر بەشێکی سیستەمی کۆمپیوتەری بە بێ بوونی هیچ مافێک بە تاوان دەناسێنێت. نموونەیەکی باوی دەستڕاگەیشتنی نایاسایی بریتیە لە هاککردن - کە جگە لەوەی خۆی وەکو یەکێك لە شێوازەکانی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ناسێنراوە- لەوانەیە لە ناو چەندین جۆری تری توندوتیژی دا بەرجەستە ببێت وەکو هەرەشەکردن و شوێنەکەوتنی ئەلیکترۆنی و هەڕەشەکردنی سێکسیی. مادەی (٣) پێناسەی ڕێگریلێکردن نایاسایی دەکات بە هەر کردارێکی ڕێگریلێکردن بە بێ هیچ مافێک، لە ڕێگەی ئامرازی هونەرییەوە، لە گواستنەوەی داتای کۆمپیوتەریی کە بەردەست نین بۆ خەڵکی گشتی بۆ سیستەمێکی تر یان گواستنەوەی لە نێو هەمان سیستەمدا. بۆ نمونە، لەم شێوازەدا کەسێک هەڵدەستێت بە ڕێگریلێکردن لە پەیوەندییە هاتوو و ڕۆشتووەکانی کەسە قوربانییەکە یان لەڕێگەی گوێ لێگرتنەوە. کەواتە ڕێگریلێکردنی نایاسایی لەوانەیە بەکاربهێنرێت لە چوارچێوەی پێشێلکارییەکانی تایبەتمەندێتیدا وەك ئەوانەی لە سەرەوە وەسف کراون. دەستکارییکردن و هەموارکردنی پۆستەکانی سۆشیال میدیا بۆ ڕاکێشان یاخود هێنانی دوژمنایەتی جۆرێکە لە دەستوەردان لە داتاکاندا وەکو ئەوەی لە مادەکانی (٤) و(٥) دا هاتوون[١٥]. مادەی (٦) خراپ بەکارهێنانی ئامێرێك بۆ ئەنجامدانی بەئەنقەستی تاوانێك لەخۆدەگرێت. بۆنموونە ئەنجامدەری تاوان ڕەنگە سیستەمی قوتابخانەیەك بپشکنێ بۆ چنینەوەی پاسۆردەکان و دواتر بەکارهێنانیان بۆ گواستنەوەی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی وەکو یەکێك لە شێوازەکانی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.

### دەقە ڕێکارییەکان

بەدەر لە دەقە بابەتییەکان، پەیماننامەی بۆداپست هەروەها هەندێك ڕێسای ڕێکاریی داهێناوە بۆ ئەوەی بخرێتە ناو یاسا نیشتمانیەکانەوە. ئەم ڕێسا ڕێکارییانە، کە ئامانجیان ڕێگریکردنە لە توندوتیژی ئەلیکترۆنی بەهەموو شێوەکانییەوە، کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی بەهێز فەراهەم دەکەن بۆ وڵاتە ئەندامەکان بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن لە کاتی لێکۆڵینەوەکردن و پرۆسەی لێپێچینەوەی یاساییدا لە کەیسەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا. مادەکانی (١٦) و (١٧) هەندێك ڕێوشوێن فەراهەم دەکەن لە سەر پارێزگاریکردنی خێرای داتا و چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەشێکی دیاریکراوی داتاکان لە لایەن لایەنی پەیوەندارەوە. دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی دەوڵەتانی ئەندام لە پەیماننامەی بۆداپست، لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی دادوەریدا، دەتوانن فەرمان بکەن بە پارێزگاریکردن لە داتای خەزنکراوی بەردەست و هاوبەشکردنی ئەم داتایانە لەلایەن هەڵگرانی داتاکان و دابینکەرانی خزمەتگوزارییەوە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەیەکی تاوانیی دیاریکراو.

١٣. لێکۆڵینەوەی رووپێوی لەسەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی (ئەنجومەنی ئەوروپا ٢٠١٨).

١٤. هەمان سەرچاوە.

١٥. هەربۆیە مادەکانی (٤) و (٥) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و ئاسانکاریی هەندێك پەیوەندی بەرفراونیان بۆ دەکات.

مادەی (١٨) دەقی داوە لە سەر ئەوەی کە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان دەتوانن کە کەسێك ناچار بکەن کە لە چوارچێوەی هەرێمی ئەواندا بێت بۆ پێدانی داتای بەردەست یا خەزنکراو و دەتوانن کە دابینکەری خزمەتگوزارییەك کە لە هەرێمی ئەواندا کار دەکات ناچار بکەن کە زانیاری بەشداربووان پێشکەش بکات. ئەو زانیارییەی بەشداربووان کە ڕەنگە دابینکەری خزمەتگوزارییەکە ناچار بکرێ کە هاوبەشی پێبکات، لە سەر بنەمای فەرمانێك کە لەدەسەڵاتێکی تایبەتمەندەوە دەرچووبێت، دەکرێت جۆر و ماوەی خزمەتگوزاریی پەیوەندیکردنی بەکارهێنراو وهەروەها ناسنامەی بەشداربوو و ناونیشانی و ئەو ژمارەی تەلەفۆنەی کە دەکرێت بەردەست بێت لەخۆبگرێت ئەمەش بە ڕەچاوکردنی گرێبەستی خزمەتگوزارییەکە.

سەرەڕای ڕێوشوێنە بەردەستەکانی پەیوەندیدار بە گەڕان و دەستبەسەرداگرتنی شتە مادییەکان لە یاسا ڕێکارییە سزاییەکاندا، مادەی (١٩) هەندێك ڕێکاری هاوچەرخ فەراهەم دەکات لە سەر گەڕان و دەستبەسەرداگرتنی داتای خەزنکراوی کۆمپیوتەر بۆ مەبەستەکانی بەدەستهێنانی بەڵگە لە لێکۆڵینەوەکردن یان پرۆسەیەکی تاوانیی دیاریکراودا. ئەم ڕێوشوێنانە دەسەڵات دەبەخشن بە دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆ دەستراگەیشتن و گەڕان بۆ داتای کۆمپیوتەری لە سیستەمێکی کۆمپیوتەریدا یاخود بەشێك لەو سیستەمە یاخود لە ناوەندێکی خەزنکراوی سەربەخۆی داتادا، وەکو دیسك. هەروەها دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان دەتوانن دەستبگرن بەسەر سیستەمێکی کۆمپیوتەری یاخود بەشێکی ئەو سیستەمە یاخود ناوەندێکی خەزن کردنی داتا یاخود بیانپارێزن یاخود کۆپیەك لەداتاکانی دروست بکەن. مادەکانی (٢٠) و (٢١) ی پەیماننامەی بۆداپست دەقبەندی لە سەر ئەوە ئەکات کە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان پێویستە دەسەڵاتدار بکرین بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی داتاکانی ترافیک و داتاکانی ناواخنی هاوڕێ لەگەڵ پەیوەندییە دیاریکراوەکان دا کە دەگوێزرێنەوە بە سیستەمێکی کۆمپیوتەری. هەروەها دەسەڵاتەکان دەتوانن دابینکەری خزمەتگوزاریەك ناچار بکەن لەسنووری توانای هونەرییدا بۆ هاوکاریی و یارمەتیدان لە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی ئەو داتایانەی سەرەوە. بەو پێیەی داتای ناواخن ڕەنگە ئاستێکی بەرزتری پاراستنی تایبەتمەندێتیان هەبێت، هەندێك یاسای نیشتمانی کۆت و بەندی زۆرتر دادەنێن لە سەر تۆمارکردن و کۆکردنەوەی ئەم جۆرە داتایە، بەپێی سروشتی ناواخنەکە یا ئەو نامەیەی کە دەنێردرێن.

لەکۆتاییدا، مادەی (٢٣) ی پەیماننامەی بۆداپست داوا دەکات کە هەموو لایەنەکان هەماهەنگی بکەن لە بەرزترین ئاستدا لەسەر لێکۆڵینەوەکردن یاخود ڕێوشوێنە تاوانیەکانی پەیوەندیدار بە سیستەمەکانی کۆمپیوتەر یا داتاکانیەوە. ئەمە هەروەها بۆ حاڵەتەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانیش جێبەجێ دەبێت، کە بە شێوەیەکی تایبەت گرنگە لە بەر ئەوەی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە توانایاندایە کە تاوانەکان لە دوورەوە ئەنجام بدەن و هەر بەو شێوەش تاوانەکان ئەکەن. بە شێوەیەکی گشتی، بە لە بەرچاوگرتنی دەسەڵاتە ڕێکارییە دیاریکراوەکان، پەیماننامەی بۆداپست چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز بەرجەستە دەکات بۆ وەڵامدانەوەی کەیسەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی و بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ ڕزگاربووان. لە گەڵ ئەوەشدا، بۆ فەراهەم کردنی بینینێکی تەواوکاریی کە بتونێت چارەسەری ئەو مەترسیانە بکات کە ژنان و منداڵان دوچاری ئەبنەوە و بۆ زیاتر تێگەشتن لە کرداره تاوانییەکان لەم بوارەدا، پێویستە پەیماننامەکە بەهاوتەریی دابنرێت لەگەڵ هەردوو پەیماننامەی ئیستەنبوڵ و لانزارۆتی و بەهێزبکرێت بەدەرکردنی یاسایەك لە سەر ئاستی نیشتمانی بۆ پاراستنی منداڵان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان.

### ٥.٢.٢ پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا لە سەر پاراستنی منداڵان لە خراپ بەکارهێنانی سێکسیی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی (پەیماننامەی لانزارۆتی ساڵی ٢٠٠٧)

پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا لە سەر پاراستنی منداڵان لە خراپ بەکارهێنانی سێکسیی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی[١٦] یاخود پەیماننامەی لانزارۆتی کە لەساڵی ٢٠٠٧ دا پەسەند کرا و لە ساڵی ٢٠١٠ دا کەوتە بەرکار. ئەم پەیماننامەیە لە لایەن هەموو وڵاتانی ئەنجومەنی ئەوروپاوە ئیمزا کراوە و هەروەها چەندین وڵاتی تر پەیوەندیی پێوە کردووە. پەیماننامەی لانزارۆتی یەکەمین پەیماننامەی هەرێمیە کە بەشێوەیەکی تایبەت جەخت لە سەر پاراستنی منداڵان دەکاتەوە لە توندوتیژی سێکسی و هەروەها یەکەمین بەڵگەنامەی یاسایی نێودەوڵەتییە کە کرداری لەخشتەبردنی منداڵان بە تاوان دەناسێنێت. ئەم پەیماننامەیە میتۆدێکی گشتگیر وەردەگرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە سێکسیەکانی دژ بە منداڵان لە ناویانا چەند ڕێوشوێنێك بۆ خۆپارێزی و پاراستن و دادگاییکردن و پەرەپێدان بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی و نیشتمانی لە چارەسەرکردنی ئەم تاوانانە. ڕێوشوێنە سەرەکییەکانی ڕێگریکردن و دەستپێشخەرییەکانی فێرکردن و هوشیارکردنەوە بۆ منداڵان و دیاریکردن و ڕاهێنانی ئەو کەسانەی کە بەرکەوتنیان لەگەڵ منداڵاندا هەیە و بەرنامەکانی چاودێریکردن و دەستێوەردان بۆ تاوانبار و تاونبارە پێشبینیکراوەکان لەخۆدەگرێ. سەبارەت بە لایەنی پاراستن، پەیماننامەکە مەرجی دامەزراندنی چەند میکانیزمێکی هەواڵدان و هێڵەکانی یارمەتی و ڕێوشوێنی دادوەریی گونجاو بۆ منداڵان و هەندێك پرۆگرام بۆ بەخشینی پاڵپشتی و یارمەتی بە قوربانیان، لە ناویاندا ڕێوشوێنەکانی چارەسەری پزیشکی و چاودێری فریاگوزاری داناوە. سەبارەت بە لایەنی لێپێچینەوە و دادگاییکردن، پەیماننامەکە کۆمەڵێک کرداری دیاریکراو بە تاوان دەناسێنێت کە پێشێلکاری سێکسی پێك دەهێنن دژ بە منداڵان. لەکاتێکدا جەخت کردن لە سەر هەماهەنگیکردن لە چارەسەرکردنی ئەو تاوانانەدا، پەیماننامەکە وڵاتان هان دەدات بۆ پەسەندکردنی چەند سیاسەتێکی تەواوکارییانە و سەراپاگیر بۆ پاڵپشتیکردنی کاری هەماهەنگییانە و کاریگەر بۆ بەشداریکردن لە گۆڕینەوەی زانیاریدا و دەستنیشانکردنی هەماهەنگیکارانەی چارەسەرییەکان لە گەڵ خاوەن بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم پەیماننامەیە بۆ ئەوە دارێژروە کە بەتەواوی گونجاو و تەبا و تەواوکار بێت لە گەڵ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە سەر مافەکانی منداڵ و پرۆتۆکۆڵە ئارەزوومەندانەکانیدا لەناویاندا پرۆتۆکۆڵی تایبەت لە سەر فرۆشتنی منداڵان و لەشفرۆشی کردنی منداڵ بابەتی سێکسیی منداڵ[١٧].

---

١٦. پەیماننامە لەسەر پاراستنی منداڵان لە دژی خراپ بەکارهێنانی سێکسی وخراپ مامەڵەکردنی سێکسی (ئەنجومەنی ئەوروپا، ٢٠٠٧).

١٧. بۆ چارەسەرکردنێکی بەرفراوانتری پاراستن و مافەکانی منداڵان، لەناویاندا لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا، تکایە بڕوانە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافەکانی منداڵ و پرۆتۆکۆڵە زیادکراوەکانی و کۆمێنتی گشتی ژمارە (٢٥) ی ساڵی ٢٠٢١ (CRC/C/GC/25) کە لە لایەن کۆمیتەی مافەکانی منداڵەوە دەرکراوە لە سەر ئەوەی کە چۆن وڵاتانی ئەندام بتوانن دەقەکانی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ جێبەجێ بکەن لە ڕەهەندی دیجیتاڵیدا. عێراق لایەنێکی ئیمزاکەرە لەسەر پەیماننامەی مافەکانی منداڵ و لە سەر زۆرێك لە پرتۆکۆڵە زیادکراوەکانی، لەناویاندا پرۆتۆکۆڵی ئارەزوومەندانەی فرۆشتنی منداڵ و لەشفرۆشی کردن بە منداڵ و بابەتی سێکسی منداڵ، کە وڵاتانی ئەندام تیایدا پابەند دەکات کە هەموو شێوازەکانی خراپ بەکارهێنانی سێکسیی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵ قەدەغە بکەن و بە تاوان بناسێندرێن- لەناویاندا بەکارهێنانی منداڵان لە بابەتە سێکسییەکان و ئەداکردنی سێکسیی و بابەتەکانی خراپ بەکارهێنانی سێکسیی منداڵان- و ئەوەی کە یاسا نیشتمانیەکانیان بگونجێن لەگەڵ دەقەکانی پرۆتۆکۆڵەکەدا. پەیماننامەی لانزارۆتی بە تەواوی گونجاو و تەبایە لەگەڵ ئەو چوارچێوە سەرەکییانەدا.

## چوار پایەی پەیماننامەی لانزارۆتی

خۆپارێزی | پاراستن | دادگاییکردن | پەرەپێدانی هەماهەنگی نیشتمانی و نێودەوڵەتی

## پەیماننامەی لانزارۆتی

لە چوارچێوەی پایەکانیدا بۆ دادگاییکردن، پەیماننامەی لانزارۆتی ژمارەیەك تاوانی سێکسی بە تاوان دەناسێنێت دژ بە منداڵان، لەناویاندا:

- خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان کە ئاماژەیە بۆ هەر چالاکییەکی سێکسی لە گەڵ منداڵێکدا کە هێشتا نەگەشتۆتە تەمەنی یاسایی بۆ ئەو چالاکیانە، یا هەر چالاکییەك کە تیایدا حاڵەتێکی لاوازی یا پێگەیەکی متمانەپێکراو یا پێگەیەکی دەسەڵاتداریی خراپ بەکاردەهێنرێت، یاخود کە تیایدا زۆرلێکردن یا هێز یا هەڕەشەکان بەکاردەهێنرێن.
- کاری لەشفرۆشی کردن بە منداڵ[18] کە هەموو ئەو حاڵەتانە ئەگرێتەوە کە تیایدا منداڵێك بەکار ئەهێنرێت یا ناچاردەکرێت یا وای لێ ئەکرێت کە بەشداری بکات لە کاری لەشفرۆشیدا لە بەرانبەر پارە یاخود هەندێك دەسکەوتی تر یاخود حاڵەتێك کە کەسێك پەنای بردۆتە بەر خراپ بەکارهێنانی منداڵان بۆ ئەو مەبەستانە یاخود ئەو کەسە دەسکەوتی هەبووە لەو خراپ بەکارهێنانەوە.
- بابەتی سێکسیی منداڵان کە ئاماژەیە بە هەر بابەتێکی کە وێنای منداڵێك دەکات کە تێوەگلێنراوە لە ڕەفتارێکی ئاشکرای سێکسی راستەقینەیی یاخود لاسایی کراوە یاخود وێنای ئەندامە سێکسییەکانی منداڵ ئەکات بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ مەبەستی سێکسیی. هەروەها بەرهەمهێنان یاخود کڕین و فرۆشتن یاخود بەدەستهێنانی ئەم بابەتانە یا بەئەنقەست دەستڕاگەیشتنی ئەم بابەتانە لەخۆئەگرێت.
- بەشداری پێ کردنی منداڵێك لە ئەداکردنی بابەتی سێکسییدا کە هەر حاڵەتێك لەخۆبگرێت کە تیایدا منداڵێك بەکاربهێنرێت یا ناچار بکرێت یاخود وای لێ بکرێت کە بەشداری بکات لەم ئەداکردنەدا یاخود حاڵەتێك کە تیایدا کەسێك دەسکەوتی هەبێت یاخود با ئاگاییەوە ئامادە بێت لەم ئەداکردنەدا.
- تێکدانی ڕەوشتی منداڵان کە هەر کردارێکی بەئەنقەست لەخۆدەگرێت کە ببێتە هۆی ئەوەی منداڵێك کە هێشتا نەگەشتۆتە تەمەنی یاسایی بۆ چالاکیە سێکسییەکان تەماشای چالاکی سێکسی یا خراپ مامەڵەکردن بۆ مەبەستە سێکسییەکان بکات.
- لەخشتەبردنی منداڵان بۆ مەبەستە سێکسییەکان کە واتای ئەوەیە کە کەسێکی پێگەیشتوو بە شێوەیەکی ئەنقەست پێشنیار بکات، لە ڕێگای تەکنەلۆژیای پەیوەندییکردن و زانیارییەوە، کە منداڵێك ببینێت کە هێشتا نەگەشتۆتە تەمەنی یاسایی بۆ چالاکیە سێکسیەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی هەریەك لەو کردارانەی سەرەوە بە مەرجێک هەندێ کرداری مادیی ڕووبدات یان ئامادەکاری ڕوودانی بکرێت لە پێناو گەیشتن بەم چاوپێکەوتنە.
- هەر کردارێکی بەئەنقەستی هاوکاریکردن یاخود هاندان بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانە و هەر هەوڵدانێکی بەئەنقەست بۆ ئەنجامدانیان.

ئەم بەڵگەنامە یاساییە گونجێنراوە لەگەڵ پەیماننامەی بۆداپستدا لە ڕێگەی ڕای تەفسیریی[19] لیژنەی لانزارۆتیەوە لە سەر توانای جێبەجێکردنی پەیماننامەی لانزارۆتی بەسەر تاوانە سێکسییەکانی دژ بە منداڵان کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە ئەنجامدەدرێن و جاڕنامەی دواتری لیژنەکە لە سەر پاراستنی منداڵ لە خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی و خراپ بەکارهێنانی سێکسیی ئەنجامدراو لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا نوێیەکانەوە[20]. ئەم سەرچاوە تەواوکەرانە دان بەوەدادەنێن کە تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن دەروازەی نوێیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی تاوانە سێکسییەکان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان ئەنجام بدەن، و جەخت لە سەر توانای جێبەجێکردنی پەیماننامەکە دەکەنەوە لە سەر ئەم تاوانانە و دەوڵەتانی ئەندام بانگهێشت ئەکەن بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی منداڵان لە کرداری خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵکردنی سێکسییان کە لە ڕێگەی ئەم ئامرازانەوە ئەنجام دەدرێن. هەربۆیە ئەو تاوانانەی کە لە پەیماننەمەی لانزارۆتیدا پێناسەکراون بەهەمان شێوە جێبەجێدەبن دەبن بە بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەنجامدارانی تاوان تەکنەلۆژیای زانیاریی و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن یاخود میتۆدی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە بەکاردەهێنن. لە بەر ئەوە پەیماننامەی لانزارۆتی چوارچێوەیەکی گرنگ دەخاتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەلەکردنی سێکسیی منداڵان، کە شێوازی سەرەکی توندوتیژی ئەلیکترۆنییە دژ بەمنداڵان[21].

---

١٨. لەشفرۆشی ئەو دەستەواژە یاساییەیە کە بەکاردەهێنرێت لە دەقەکانی ئەم پەیماننامەیە و لە یاسا ئاماژەپێکراوەکانی تردا لەم شیکارییەدا. بەڵام دەستەواژەی (خراپ بەکارهێنانی منداڵان لە لەشفرۆشی دا یاخود بۆ لەشفرشی) ئەڵتەرناتیڤێکی پەسەندکراوە و باشترە چونکە کەمتر مانای پەڵەی شەرمەزاری کۆمەڵایەتی پێوە دەرئەکەوێ و بەڕوونی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو منداڵانەی بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێن قوربانی ئەم خراپ بەکارهێنانەن.

١٩. ڕای تەفسیریی لەبارەی توانای جێبەجێکردنی پەیماننامەی لانزارۆتی بەسەر تاوانە سێکسیەکانی دژ بە منداڵانی ئەنجامدراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکانی زانیاری و پەیوەندیکردنەوە (لیژنەی لانزارۆتی ئەنجومەنی ئەوروپا، ٢٠١٧).

٢٠. جاڕنامەی تایبەت لەسەر پاراستنی منداڵان لەدژی خراپ بەکارهێنانی سێکسیی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا نوێیەکان گەشەکردووەکان (پەیماننامەی لانزارۆتی ئەنجومەنی ئەوروپا، ٢٠٢٤).


٢١. لیژنەی پەیماننامەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان پشتڕاستی ئەکاتەوە کە پەیماننامەکانی لانزارۆتی و ئیستەنبوڵ تەواوکارین بۆ پەیماننامەی بۆداپست. بەم پێیەش هەر کردارێکی توندوتیژی ئەلیکترۆنی کە بە دیاریکراوی لە لایەن پەیماننامەی لانزارۆتیەوە باس نەکرابێت دەگونجێت کە بە پێی پەیماننامەی بۆداپستەوە چارەسەربکرێت کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ تاوانی ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ئەنجامدانی توندوتیژیدا دەکات. بروانە: لێکۆڵینەوەی ڕووپێویی لیژنەی پەیماننامەکە لەسەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی و کاری بەردەوامی ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ چارەسەری توندوتیژی ئەلیکترۆنی دژ بە منداڵان بۆ زانیاری زیاتر.

### ٥.٢.٣ پەیماننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا لە سەر قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و توندوتیژی خێزانی (پەیماننامەی ئیستەنبوڵی ساڵی ٢٠١١)

لە ساڵی ٢٠١١ دا ئەنجومەنی ئەوروپا پەیماننامەیەکی پەسەندکرد بۆ قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و توندوتیژی خێزانی (پەیماننامەی ئیستەنبوڵ) کە دواتر لە ساڵی ٢٠١٤ کەوتە بەرکار و لە لایەن هەموو وڵاتانی ئەوروپی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپاوە ئیمزا کرا و دواتر وڵاتانی تر پەیوەندییان پێوە کرد. پەیماننامەکە وەڵامێکی گشتگیر و سەراپاگیری داهێناوە بۆ چەندین شێوازی توندوتیژی و هەندێك پابەندیی گرنگ دروست ئەکات بۆ وڵاتانی ئەندام بۆ دروستکردنی خزمەتگوزاریەکانی پاراستن و پاڵپشتیکردن. پەیماننامەی ئیستەنبوڵ چوار پایەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: خۆپارێزی و پاراستن و دادگاییکردن و سیاسەتە تەواوکارییەکان. پایەی خۆپارێزی پەرەدەدات بەگۆڕانکاریی ئەرێنی لە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان و بەرزکردنەوەی هوشیاریی و بەهێزکردنی ژنان و بەشداریکردن بە کوڕان و پیاوان. پایەی پاراستن هەوڵی مسۆگەرکردنی ئەوە دەدات کە ڕزگاربووان پارێزراو بن و زانیاریی گونجاویان دەست بکەوێت و دەستیان ڕابگات بە پاڵپشتی پێویست لەناویانا وەرگرتنی ڕاوێژی یاسایی و دەروونی و هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوون و خوێندن و ڕاهێنان. پایەی دادگاییکردن بۆ ئەوە دارێژراوە کە مافی ڕزگاربووان بپارێزێت لە ڕێگەی لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوان لە سەر کردارە هەڵەکانیان لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی یاسایی و لایەنی دادوەریی و لایەنی جێبەجێکردنی یاساوە. دوایین پایە، جەختکردن لە سەر سیاسەتە تەواوکارییەکان، بۆ ئەوە دارێژراوە کە کۆمەڵە سیاسەتێکی گشتگیری پشت بەستوو بە ماف فەراهەم بکرێت و سەرچاوە داراییە پێویستەکان تەرخان بکرێت و هەماهەنگی مسۆگەر بکرێت لە نێوان دامودەزگا پەیوەندیدارەکاندا چ حکومی بن یاخود ناحکومی بۆ پاڵپشتی کردنی ڕێبازی (کۆی سیستەمەکان) بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی.

پەیماننامەکە پێناسەیەکی گشتگیر فەراهەم دەکات بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان لە ڕێگەی ناساندنی کۆمەڵێکی بەرفراوانی ئەو شێوازانەی کە ئەم توندوتیژییە دەکرێ تیایدا بەرجەستە بێت و هەموو ئەو کردارانە لەخۆ دەگرێت کە "دەبنە هۆی یاخود ڕەنگە ببنە هۆی زیانی جەستەیی یا سێکسی یا دەروونی یا ئابووری یاخود دەردەسەری بۆ ژنان لەناویاندا هەڕەشەکردن بەم کردارانە یان زۆرلێکردن یاخود بێبەشکردنی کردنی هەڕەمەکیانە لە ئازادی جا چ لە ژیانی گشتی یا تایبەتدا ڕوودەن"[٢٢]. هەروەها پێناسەیەك بۆ توندوتیژی خێزانی فەراهەم دەکات کە توندوتیژی جەستەیی یان سێکسی یان دەروونی یان ئابووری دەگرێتەوە لە نێوان ئەندامانی خێزاندا. پرەنسیپی چاودیری پێویست لەناو پەیماننامەی ئیستەنبوڵدا دانراوە بۆ ئەوەی دڵنیایی بدات لە نەهێشتن و لێکۆڵینەوەکردن و سزادانی کردارەکانی توندوتیژیی و هەروەها دابینکردنی قەرەبوو بۆ زیانلێکەوتوان.

## چوار پایەی پەیماننامەی ئیستەنبوڵ




## پەیماننامەی ئیستەنبوڵ لە بارەی توندوتیژی ئەلیکترۆنیەوە

ئەم پەیماننامەیە گروپێکی شارەزایان بۆ کارکردن دژ بە توندوتیژی دژ بە ژنان و توندوتیژی خێزانی دامەزراندووە (لێرە بە دواوە بە گروپەکە دەناسێنرێت) بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە و پەسەندکردنی پێشنیارە گشتیەکان. ئەم پێشنیارانە لەڕووی یاساییەوە سیفەتی پابەندیان نیە بەڵام بەشێکی گرنگ پێك دەهێنن لە یاسا نەرمەکان و ڕێبەرێکی تەفسیریی فەراهەم دەکەن بۆ دەقەکانی پەیماننامەکە. لە ساڵی ٢٠٢١، گروپەکە یەکەمین پێشنیاری خۆی پەسەندکرد لە سەر ڕەهەندی ئەلیکترۆنی توندوتیژی دژ بە ژنان[٢٣]. ئەم پێشنیارە ڕوونی دەکاتەوە کە هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە پەیماننامەی ئیستەنبوڵدا نیە بەڵام لە هەمان کاتدا جەخت لە سەر لەخۆگرتنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی دەکاتەوە کە وەکو دەربڕینێکی توندوتیژی کە باسکراوە لە پەیماننامەکەدا. گروپەکە وای دادەنێت کە توندوتیژی ئەلیکترۆنی ڕەهەندێکی سەرەکییە لە توندوتیژی دژ بە ژنان و هەر بۆیە جەخت دەکاتەوە کە ئەو پێناسەیەی کە لە ناو پەیماننامەی ئیستەنبوڵدا هاتووە قابیلی جێبەجێکردنە بەسەر - لەخۆگرە بۆ- جۆرە باوەکانی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لەناویاندا هاوبەشیکردنی وێنە و ڤیدیۆ بە بێ ڕەزامەندی و خۆسەپێنی و گێچەڵی سێکسیی ئەلیکترۆنی و شوێنکەوتنی ئەلیکترۆنی و خراپ مامەڵەکردنی دەروونی ئەنجامدراو لە ڕێگەی ئامرازی ئەلیکترۆنیەوە. لە کاتێکدا چەندین جۆری جیاوازی میتۆد هەیە بۆ پۆلێنکردن و دابەشکردنی ئەو کردارە جۆراوجۆرانەی کە توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە پێك دەهێنن بە پشتبەستن بە پەیوەندی نێوان ئەنجامدەرانی تاوان و ڕزگاربووان و شێوازە ڕەفتارییەکانی خراپ مامەڵەکردن و ئامرازەکانی ئەنجامدانیان، بەڵام وا دەردەکەوێت کە دابەشکردنی تاوانەکان بۆ گێچەڵی سێکسیی ئەلیکترۆنی و شوێنکەوتنی ئەلیکترۆنی و توندوتیژیی دەروونی ئەلیکترۆنی گونجاوترینە لە گەڵ ئەو پێناسەکردنەی کە لە پەیماننامەی ئیستەنبوڵدا هاتووە.

٢٢. پەیماننامە لەسەر قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و توندوتیژی خێزانی (ئەنجومەنی ئەوروپا، ٢٠١١).

٢٣. پێشنیاری گشتی ژمارە (١)ی گروپی شارەزایانی پەیماننامەکە لە سەر ڕەهەندی دیجیتاڵی توندوتیژی دژ بە ژنان (ئەنجومەنی ئەوروپا ساڵی ٢٠٢١).

## گێچەڵکردنی سێکسیی ئەلیکترۆنی

مادەی (٤٠) لە پەیماننامەی ئیستەنبوڵ دەقی داناوە لە سەر ئەوەی گێچەڵکردنی سێکسیی "هەموو ئەو شێوازانەی هەڵسوکەوتی نەویستراو بە شێوەی ووتە یان دەرەوەی ووتە یان هەڵسوکەوتی مادی دەگرێتەوە کە سروشتێکی سێکسییان هەیە بەمەبەستی پێشێلکردنی شکۆی کەسێك بەتایبەت کە ببێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی ترسێنەر یان دوژمنکارانە یان سووکایەتی پێکەر یا ڕیسواکەر یان شەرمهێنەر[٢٤]. ئاژانسی یەکێتی ئەوروپا بۆ مافە بنەڕەتیەکان پێناسەی تاوانی سێکسیی ئەلیکترۆنی دەکات "کە بریتیە لەو ئیمەیل و کورتەنامە نەویستراوانەی کە ناوەڕۆکی ئاشکرای سێکسییان هەیە و دەبنە هۆی سوکایەتی یان هەوڵدان بۆ سوکایەتیکردن لە سەر وێبسایتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەك فەیسبوك یاخود ژوورەکانی قسەکردن لە سەر ئینتەرنێت"[٢٥]. گروپەکە لە پێشنیاری گشتی ژمارە (١) ی خۆیدا لە سەر ڕەهەندی ئەلیکترۆنی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕوونی ئەکاتەوە کە ئەم ڕەفتارانە دەکەونە چوارچێوەی مادەی (٤٠) ی پەیماننامەکەوە:

- هاوبەشیکردنی وێنە یاخود ڤیدیۆ بە بێ ڕەزامەندی کە هاوبەشیکردنی وێنە یا ڤیدیۆی نەشیاو یاخود سێکسی کەسێك دەگرێتەوە نێر بێ یاخود مێ (هەروەها پێیشی دەوترێت خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی پشت بەستوو بە وێنە یاخود بابەتی سێکسی بە پاڵنەری تۆڵەکردنەوە).
- گرتنی یاخود بەرهەمهێنانی یاخود کڕین و فرۆشتنی وێنەکان یا ڤیدیۆکان بە بێ ڕەزامەندی کە گرتنی وێنەی سێکسی یاخود وێنەی تایبەتی کەسێك بەبێ ڕەزامەندی خۆی و گرتنی وێنەی سێکسی کەسێك لە ژێر جلەکانیەوە بەبێ ڕەزامەندی خۆی و گۆڕینی ڕوخساری یا دەموچاوی کەسێك بە هی کەسێکی تر بە بێ ڕەزامەندی خۆی لەخۆ دەگرێت.
- خراپ بەکارهێنان یا ناچارکردن یا هەڕەشەکردن کە پێک دێت لە زۆرلیکردن بۆ ناردنی نامە کە ناوەڕۆکی سێکسی هەبێت یاخود هەڕەشەکردنی سێکسی و هەڕەشەکردن بە ئەتککردن و هەڕەشەکردن بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی کەسی و بەکارهێنانی ناوی کەسێکی تر.
- خۆسەپێنی بە سێکسی کراو کە هەر کردارێکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و پڕوپاگەندە دەگرێتەوە سەبارەت بە ڕەفتاری سێکسی کەسێك یان نووسینی کۆمێنتی سێکسی لە سەر وێنە یا پۆستی کەسێك یاخود هەڵگرتنی نازناوی کەسێك بۆ هاوبەشیکردنی ناوەڕۆکی سێکسی یا هەراسانکردنی کەسانی تر.
- ناردنی وێنەی سێکسی لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنەکانی ژوان بەستنەوە یا بە نامە و تێکستەکان یاخود بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکانی بلوتوث یا ئێردرۆپ.

## شوێنکەوتنی ئەلیکترۆنی و شوێنکەوتن لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە

مادەی (٣٤) لە پەیماننامەی ئیستەنبوڵ دەقبەندی لە سەر ئەوە دەکات کە (شوێنکەوتن) بریتیە لە ڕەفتارێکی بە ئەنقەستی دووبارەبووەوەی هەڕەشەئامێز کە ئاراستەدەکرێت دژ بەکەسێکی تر، نێر بێت یا مێ، کە ببێتە هۆی ئەوەی کە ترسی لا دروست ببێت لە سەر سەلامەتی خۆی. ڕاپۆرتی شرۆڤەکاریی پەیماننامەکە دەڵێت: " ئەمە شوێنکەوتنی قوربانیەکەیە بە شێوەی واقیعی و دەرکەوتن لە شوێنی کار یا وەرزشکردن یا فێربوونی کەسەکە و هەروەها شوێنکەوتنی کەسەکە لە جیهانی گریمانەییدا دەگرێتەوە (ژوورەکانی چاتکردن و سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان...و هتد)[٢٦].

## توندوتیژیی دەروونی ئەلیکترۆنی

مادەی (٣٣) لە پەیماننامەی ئیستەنبوڵ پێداگیری دەکات کە وڵاتان هەموو شێوازەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دەروونی بە تاوان بناسێنن و توندوتیژی دەروونی پێناسە ئەکات بەوەی کە بریتییە لە " هەر کردارێکی بە ئەنقەست کە بە جددی سەلامەتی دەروونی کەسێك پەك بخات لە ڕێگەی نارچارکردن یاخود هەڕەشەوە". پێشنیارە گشتیەکەی گروپەکە ڕاڤەی ئەوە دەکات کە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی ئەنجام دراو لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە کاریگەریی و دەرئەنجامی دەروونییان هەیە بۆ ڕزگاربووان. لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانیدا شێوازە نائەلیکترۆنیەکانی توندوتیژی دەروونی دەکرێت بگۆڕێن بۆ چەند دەرکەوتنێکی مەترسیداری نوێ بەهاوکاریی تەکنەلۆژیا. بۆ نموونە، توندوتیژیی خێزانی دەکرێت ڕەهەندی نوێ وەربگرێت کاتێك هاوسەری ئێستا یان ڕابردوو وێنەی سۆزداریی کەسی ڕزگاربوو (هاوسەرەکە)ی لا یە.

بە کورتی، پەیماننامەی ئیستەنبوڵ پێناسەی توندوتیژی دژ بە ژنان و توندوتیژی خێزانی لەهەردوو شێوازی ئەلیکترۆنی و نائەلیکترۆنی دەکات و بەرزترین پێوەر پێشکەش دەکات لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێشێلکارییانە. توندوتیژیی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە زنجیرەیەکی بەرفراوانی ڕەفتار و شێوازەکانی توندوتیژی لەخۆئەگرێت کە دەکەونە ژێر پێناسەی توندوتیژیی دژ بە ژنان کە ڕوون کراوەتەوە لە پەیماننامەی ئیستەنبوڵدا. جگە لەوەش پەیماننامەی ئیستەنبوڵ چوار پایەی داهێناوە لە سەر خۆپارێزی و پاراستن و دادگاییکردن و سیاسەتە تەواوکارییەکان کە پێکەوە میتۆدێکی گشتی و سەراپاگیر پێك دەهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. ئەم پەیماننامەیە هەروەها هاریکارە بۆ وڵاتانی ئەندام تیایدا بۆ پێشخستنی چەند میکانیزمێکی کاریگەری وەڵامدانەوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو لایەنەکانی توندوتیژی خێزانی. پاراستنە فەراهەمکراوەکان لە پەیماننامەی ئیستەنبوڵدا پێویستە تەواوبکرێن بە بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان کە بە تایبەت داڕێژراون بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی وەك پەیماننامەی بۆداپست.

٢٤. پەیماننامە لەسەر قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و توندوتیژی خێزانی ( ئەنجومەنی ئەوروپا، ٢٠١١).

٢٥. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: پاراستنی ژنان و کچان لەتوندوتیژی لەسەردەمی دیجیتالیدا (ئەنجومەنی ئەوروپا).

٢٦. ڕاپۆرتی شیکاری بۆ ڕێککەوتننامەی ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و توندوتیژی ئەلیکترۆنی (ئەنجوومەنی ئەوروپا، ٢٠١١).

### ٥.٢.٤ ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبییەکان لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری ساڵی ٢٠١٠

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ وەزیرانی ناوخۆ و دادی وڵاتە عەرەبیەکان ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریی (لێرەوە بەدواوە ڕێکەونامەی وڵاتە عەرەبیەکان دەناسێنرێت) بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی وڵاتە عەرەبیەکان و سەلامەتی کۆمەڵگا و تاکەکانیان. ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی دەقە بابەتییەکان بۆ پێناسەکردنی دەستەواژە و تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و دەقە ڕێکارییەکان بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەو تاوانانە و هەماهەنگی نێوان وڵاتە عەرەبیەکان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانانەدا لەخۆدەگرێت. پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکان پابەندییەکی نێودەوڵەتی دروست دەکات بۆ تێهەڵکێشکردنی دەقەکانی پەیماننامەکە بۆ نێو سیستەمی یاسایی نێوخۆی وڵاتانی ئەندام. عێراق ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکانی پەسەندکردووە بە یاسای پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری ژمارە (٣١) ی ساڵ ٢٠١٣.

دەقەکانی ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکان بە نزیکی هەمان ئەوانەی پەیماننامەی بۆداپستن لەڕووی ڕێسا بابەتیەکان و دەسەڵاتە ڕێکارییەکان و هەماهەنگی نێودەوڵەتییەوە. بەڵام پەیماننامەی بۆداپست بەڕوونی جەخت دەکاتەوە لە سەر گرنگی دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان وەڵامدانەوەی دادگەریی تاوانی بۆ تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لە لایەک و بەرپرسیارێتی پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکان لە لایەکی ترەوە. لەم ڕووەوە بە تایبەت پەیماننامەی بۆداپست جەخت دەکاتەوە لە سەر مافە تاکەکەسیەکان وەك مافی ئازادی بیروبۆچوون و ڕادەربڕین، لەناویاندا گەڕان بۆ زانیاری و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی وە هەروەها مافی تایبەتمەندێتی دەق لە سەرکراو لە پەیماننامەی نیودەوڵەتی مافە مەدەنی وسیاسیەکانی ساڵی ١٩٦٦ و پەیماننامەی مافەکانی منداڵی ساڵی ١٩٨٩ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی دیکە. بە پێچەوانەوە، ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی جەخت دەکاتەوە لە سەر سەلامەتی و ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە، هەرچەندە بە شێوەیەکی سەرپێیی و خێرا ئاماژە دەدات بە مافە نێودەوڵەتیەکانی مرۆڤ لە دیباجەکەیدا. ئەم میتۆدە گشتیە بەڕوونی تێبینی دەکرێت لە ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبییەکاندا کە بەشێك لەخۆدەگرێت لە سەر تاوانە پەیوەندیدارەکان بە تیرۆریزم و تاوانی ڕێکخراوەکانەوە کە ئەنجام دەدرێن بە تەکنەلۆژیای زانیاری و هەروەها سەبارەت بە تاوانی ئەلیکترۆنی پەیوەندیدار بەسەلامەتی و ئاسایشی وڵاتانی ئەندامەوە. عێراق میتۆدێکی هاوشێوەی پەسەندکردووە لە یاسای پەسەندکردنی ڕێکەوتنامەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری ژمارە (٣١) ی ساڵی ٢٠١٣ دا لە ڕێگەی جەخت کردنەوە لە سەر پێویستی پاراستنی سەلامەتی و ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە لە هۆکارە پێویستەکانی دەرچوواندنی یاساکەدا.

ڕێکەوتنامەی وڵاتە عەرەبیەکان چەند کردارێکی دیاریکراوی تەکنەلۆژیای زانیاری بە تاوان دەناسێنێت کە لە مادەکانی (٥) هەتا (٢١)دان. تاوانە ڕیزکراوەکان لە دەستڕاگەیشتنی نایاسایی و ڕێگریلێکردنی نایاسایی و تاوانەکانی دژ بە سەلامەتی داتاکان و خراپ بەکارهێنانی زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان و ساختەکردن و هەڵخەڵەتاندن و بابەتی سێکسی و تاوانەکانی دژ بە تایبەتمەندێتی و تاوانەکانی تیرۆریزم و تاوانە ڕێکخراوەکانی ئەنجامدراو بە تەکنەلۆژیای زانیاری و پێشێلکردنی مافی نوسەر و مافە هاوپەیوەستەکان پێوەی هەروەها بەکارهێنانی نایاسایی ئامرازەکانی پارەدانی ئەلیکترۆنی.

بەڕیزپەڕکردنی بەشی تایبەت بە تاوانەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆریزمەوە[27] و تاوانە ڕێکخراوەکان، کردارەکان کە بە تاوان ناسێندراون لە ڕێکەوتنامەی وڵاتە عەرەبیەکاندا، وەك ئەوانەی پەیماننامەی بۆداپست یا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بەتاوانی ئەلیکترۆنییەوە یا ئاسانکاریی هەندێك پەیوەندیی بەرفراوانی بۆ دەکەن. لە کاتێکدا بە تاوان ناساندنی ئەم جۆرە ڕەفتارانە هەنگاوێکی ئەرێنییە ڕووەو پاراستنی کەسانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی و ئەوانەی کە لە مەترسیدان، بەڵام جەخت کردنەوە لە سەر بەرژەوندییەکانی دەوڵەت و بە باڵاتر دانانی لە مافی تاکەکان ڕەنگدانەوەی لە پێشینە دانانی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە بە سەر سەلامەتی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیاندا لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکاندا. جگە لەوەش ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکان نەگونجێنراوە بەشێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ چوارچێوە پەیوەندیدارەکاندا بۆ پاراستنی ژنان و منداڵان لە ژینگەی دیجیتاڵیدا.

٢٧. گرنگە کە تێبینی بکرێت کە لە جیهانێکدا کە بەدیجیتاڵیبوون بەردەوام لە پەرەسەندندایە، ناتوندرێت کە توندوتیژی ئەلیکترۆنی و جۆرەکانی تری تاوان لیست بکرێت بە تەواوەتی. بۆ نموونە داعش (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) کە فەیسبوك و واتس ئاپ بەکاردەهێنێ بۆ فرۆشتنی کچان و ژنانی ئێزیدی، بەوە نەك تەنها کارێك دەکات کە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتیە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، بەڵکو کردارەکە دەچێتە چوارچێوەی تاوانە تیرۆریستیەکان و تاوانەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، چونکە توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ وا ناسێنراوە کە ڕەگەزێکی پێکهێنەرە بۆ تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید.

## ٥.٣ چوارچێوە یاسایە نیشتمانییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا[٢٨]

عێراق و هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی یاسایی تۆکمەیان نیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی. لە بری ئەوە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی بەتێکەڵەیەك لە یاسای گشتی و تایبەت چارەسەر دەکرێت کە بە چەند ئاستێکی جیاوازی پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە وە چوارچێوەی جێبەجێکردنیشیان جیاوازە[٢٩]. ئەمە سەردەکێشێت بۆ ناڕوونی سەبارەت بە سنوری دەسەڵاتی دامەزراوەکان و هەماهەنگی نێوانیان و لێپرسینەوە لە چوارچێوەی لێپرسراوێتی یاساییدا. هەروەها دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی جیاوازی یاساکان و دروستبوونی لەمپەر لە بەردەم توانای هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ گەڵاڵەکردنی وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر و گشتگیر بۆ هەندێك هەڕەشەی دیاریکراوی وەکو توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.

لە کاتێکدا کە هەندی جار ئاژانسەکانی لایەنی جێبەجێکردن بە دوای چارەسەری ئەم کەلێنانەدا گەڕاون لە ڕێگەی دەرچواندنی ڕێنمایی و ڕێنمونییەکانەوە، پێویستە دەسەڵاتی ناساندنی هەر کردارێک بە تاوان و دیاریکردنی سزای گونجاو بۆی تەنها لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە پەیڕەو بکرێت و هەر هەوڵێك بۆ سەرپێچیکردنی ئەمە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، نادەستوورییە[٣٠].

زۆر گرنگە کە تێبینی بکرێت کە بە تاوان ناساندنی ڕەفتارە ئەلیکترۆنیەکان لەوانەیە ببێتە هۆی مەترسی سازش کردن لە سەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ژینگەی دیجیتاڵیدا، لەناویاندا مافی تایبەتمەندێتی و مافی هەڵگرتنی بیرورا و ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکان....وهتد. هەربۆیە پێویستە یاسا سزایی و ڕێکارییەکان کە ئەم بابەتە ڕێك دەخەن هاوسەنگی ڕاگرن لە نێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکاندا.

پێش شیکردنەوەی یاسا بەرکارەکان کە پەیوەندیدارن بە توندوتیژی لە ڕەهەندی دیجیتاڵیدا، ئەم بەشە بە کورتی باس لە چوارچێوەی یاسایی تایبەت بە ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان دەکات لە عێراق و لە هەرێمی کوردستاندا.

### ٥.٣.١ دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق

دەستوری عێراقی باڵاترین یاسای وڵاتە کە مافە تاکەکەسیەکان و پاراستنە بەردەستەکان مسۆگەر دەکات. هەر چەندە لە کاتی بەرکاربوونی ئەم دەستورەوە لە ساڵی ٢٠٠٥، تەکنەلۆژیا و ئامرازی پەیوەندیکردنی نوێ لە عێراقدا بڵاوبۆتەوە و بەشێکی گرنگی کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان بە بەردەوامی ڕوو لە بەرزبوونەوەن بە تایبەت ئەوانەی بە شێوەی ئەلیکترۆنی ڕوودەدەن و بۆیە دەرکەوتە و جۆرە نوێیەکانی توندوتیژی دەستیان کردووە بەسەرهەڵدان لە پانتایی دیجیتاڵیدا. سەرەڕای ئەوەش وەکو خاڵێکی بنەڕەتی کە تێبینی بکرێت، هەر ڕێوشوێنێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە بە هاوتەریی لە گەڵ ئەو دەقە دەستوریانەی کە قەدەغەی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن دەکەن، پێویستە ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ بکات کە لە ناو هەمان چوارچێوەدا مسۆگەرکراون. لەم گۆشەنیگایەوە بە تاوان ناساندنی هەر ڕەفتارێك ئەبێت پێویست و گونجاو بێت و دژ نەوستێتەوە لە گەڵ ناوەرۆکی یەکێك یا زیاتر لە ماف و ئازادییە پارێزراوەکاندا.

### دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق

مادەی (٣٨) ی دەستووری عێراقی دەقی کردووە کە:

"دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بەمەرجێك نەبێتە هۆی تێکچوونی یاسا و ئادابی گشتی:

یەکەم: ئازادی دەربڕین بە هەموو شێوەکان.

دووەم: ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و ئاگاداری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

سێیەم: ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە، ئەمەش دەبێت بە یاسا ڕێك بخرێت"

هەروەها مادەی (٤٠) ی دەستوور دەقبەندی لە سەر ئەوە دەکات کە :

"ئازادی پەیوەندیکردن و ناردنی نامەی پۆستەیی و تەلەفۆنی و ئەلیکترۆنی و بروسکە و جۆرەکانی دیکە پارێزراوە و نابێت چاودێری بکرێت یان گوێی لێ بگیرێت یا ئاشکرا بکرێت تەنها لە بەر پێویستی یاسایی یان ئاسایش و بە پێی بڕیاري دادگا نەبێت."

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئازادییەکانی رادەربڕین و ڕۆژنامەوانی و پەیوەندیکردن و نامەناردن کە هەموویان چەند ڕەهەندێکی ئەلیکترۆنییان هەیە ئەوا ئەو پاراستنە بنەڕەتییانە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن لە کاتی بە تاوان ناساندنی ڕەفتارە ئەلیکترۆنییەکاندا.

لە ڕوانگەی بەرەنگاربوونەوەی کردارە زیانبەخشەکان، دەستوور لە مادەی (٢٩/٤) دا قەدەغەی " هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن لە ناو خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا" دەکات. هەروەها دەستوور دەقی داوە لە سەر ئەوەی کە "خراپ بەکارهێنانی ئابووریی بۆ منداڵ بە هەموو شێوازەکانیەوە قەدەغە بکرێت و پێویستە دەوڵەت ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنیان" (مادەی ٢٩/٣) و ئەوەی کە "کاری زۆرەملێ و بەندایەتی و بازرگانیکردن بە بەندە و بازرگانیکردن بە ژنان و منداڵان و بازرگانیکردن بە سێکس قەدەغەیە" (مادەی ٣٧/٣). ئەم دەقە فراوانانە ژمارەیەکی زۆر لە شێوازەکانی توندوتیژی و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردن دەگرنەوە، چ بە شێوازی ئەلیکترۆنی ڕووبدەن یا بە نائەلیکترۆنی. ئەوە بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی یاسادانانە کە کۆمەڵێك یاسای گونجاو دابنێت لە ژێر چوارچێوەی دەقەکانی دەستووردا.

٢٨. عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە و و دەقەکانی دەستووری عێراق جێبەجێ دەبن بە سەر هەموو بەشەکانی عێراقدا. بە دەر لەو یاسایانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە ژمێردراوەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە، یاسا فیدراڵییەکان جێبەجێ نابن لە هەرێمی کوردستانی عێراق تەنها مەگەر لە لایەن هەرێمەوە پەسەندبکرێن یاخود مێژووی بەرکاربوونیان لە هەرێم پێش دروستبوونی هەرێمی کوردستان بووبێت (دانراو بەپێ ی بڕیاری ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢).

٢٩. چوارچێوەی یاسا تاوانییەکان کە بەرکارن پێکدێن لە یاسای سزاکانی عێراق - کە یاسای سەرەکی ڕێکخستنی ڕەفتارە تاوانییەکانە- و چەند یاسایەکی تایبەتمەندی تر لەسەر هەندێك جۆری تاوان وەکو بازرگانیکردن بە مرۆڤ و لەشفرۆشی و توندوتیژی خێزانی و هتد... بەشی هەرە زۆری یاسا بەرکارەکان لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە داڕێژراون کە تاوانە تەقلیدییەکان بنبڕبکەن و ئەو ڕەگەزە سەرەکییەیان تێدا نیە کە وایان لێ بکات گونجاو بن بۆ بەکارهێنان لە سەردەمی دیجیتاڵدا. لە کاتێکدا کە دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەوپێشێلکارییە ئەلیکترۆنییانە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت و بە سەر ئەو جۆرە تاوانەدا جێبەجێبکرێن بەڵام ئەم چوارچێوانە بۆ ئەوە دانەنراون کە بەکاربهێنرێن لەسەردەمی دیجیتاڵیدا و ڕەنگە گونجاو نەبن بۆ وەڵامدانەوەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیە خێراکان و ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازە تازە دەرکەوتووەکانی ڕەفتارە تاوانییەکان یا بۆ دامەزراندنی چەند پرۆتۆکۆلێکی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوەکردن ودادگاییکردن لە تاوانانەدا.

٣٠. بڕوانە مادەکانی (١٩/٢) و (٦١/١) لە دەستووری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

وەکو بەشێك لەم پرۆسەیە، یاسادانەرەکان پێویستە رەچاوی ماف و ئازادییە دەستوورییەکان بکەن کاتێك یاساکان دادەرێژن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن لە ناویاندا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە رێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە رێگەی تەکنەلۆژیاوە. دەبێت میکانیزمە بابەتییەکان و رێکارییەکان پێویست و گونجاو بن. وە هەروەها پێویستە ئەو رەفتارانەی کە بە تاوان دەناسێندرێن بەشێوەیەکی بەرتەسك دەستنیشان بکرێن هەتا وەکو تاکەکەسەکان پێشوەختە بزانن کە چ رەفتارێک یان هەڵسوکەتێک قەدەغەکراوە.

رێکارە سزاییەکان، جگە لە شتەکانی تر، پێویستە پرنسیپی پابەندبوون بە پارێزگارییە یاساییەکان و پێوەرەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لەخۆبگرێت و دڵنیایی بدات لە رێگریکردن لە هەر دەستدرێژیەکی نایاسایی بۆ سەر مافەکانی تاك. هەروەها پێویستە سزا دەستنیشانکراوەکان بۆ هەریەك لە شێوازەکانی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە رێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە رێگەی تەکنەلۆژیاوە گونجاو بن و کافی بن بۆ تەمێکردن و بەرگرتن لە تاوانباران لە دووبارە ئەنجامدانەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی.

### ٥.٣.٢ یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩

لە سایەی نەبوونی یاسایەك کە بە شێوەیەکی تایبەت دارێژرابێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی، یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ دەبێتە یاسایەکی سەرەکی بەرکار کە جێبەجێ دەبێت بەسەر رەفتارە تاوانییەکاندا هەرچەندە هەندێك لە دەقەکانی رەنگە لاوەکی بن لە ئاست ئەو دەقانەی کە لە یاسا تایبەتمەندەکانی تردا هەن، لە ناویاندا ئەو چوارچێوانەی کە دواتر لەم بەشەدا شیدەکرێنەوە[٣١].

## یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩

ژمارەیەك دەق گشتی هەن لە یاسای سزاکانی عێراقیدا کە جێبەجێ دەبن بەسەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا. باسی (٥) بەشی (٧) پێناسەی رەفتاری تاوانیی پەیوەندیدار بە پەیوەندییە بێ تەل و تەلدارەکان دەکات. مادەی (٣٦٣) دەق کردووە کە "هەرکەسێك بە ئەنقەست کەسانی تر بێزار بکات بە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیی تەلدار یا بێ تەل سزا دەدرێت بە حەپسکردنێك کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت و هەروەها غەرامەیەك کە لە (٢٢٥٠٠٠ ) دینار عێراقی زیاتر نەبێت یاخود بەیەکێك لەو دوو سزایە."

هەروەها یاسای سزاکانی عێراقی هەندێك شێوازی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی رێك خستووە لە رێگەی دەقەکانی پەیوەندیدار بە هەرەشەکردن و ناوزڕاندن و جنێوپێدان و درکاندنی نهێنییەکان لە رێگەی مادەکانی (٤٣٠-٤٣٨) ەوە و هەروەها تاوانەکانی پەیوەندار بە ئاکار و ئادابی گشتی و تاوانە سێکسییەکانی دژ بە منداڵان لە مادەکانی (٣٩٣-٤٠٣) داکە دەکرێت وا لێکدانەویان بۆ بکرێت کە جێبەجێدەبن دەبن بەسەر ئەو پێشێلکارییانەدا کە بە ئامرازی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێن. لە مادەی (٤٣٠) دا یاسای سزاکان روونی ئەکاتەوە کە " هەر کەسێك کە هەڕەشە لە کەسێکی دیکە بکات بە ئەنجامدانی تاوانێک دژ بەو کەسە یا دژ بەماڵ و سامانی، یا دژ بە کەسێکی تر یا ماڵ و سامانی یاخود بە دانەپاڵی چەند بابەتێکی ئابرووبەرانەی دیاریکراو بۆ ئەو کەسە یاخود بە درکاندنی ئەم بابەتانە و ئەم هەڕەشانە هاوڕی بوون لەگەڵ داواکاریەکدا یا داوایەک بۆ جێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراو یاخود بۆ دوورکەوتنەوە لەو کارە یاخود مەبەستی ئەوانە بێت، سزا دەدەرێت بە ماوەیەکی بەندکردن کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت یاخود بە حەپسکردن".

٣١. جێبەجێ کردنی ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو پرەنسیپەی سیستەمی دادگەریی تاوانیی کە دەڵێت کە دەقەکانی یاسا نوێیەکان و تایبەتمەندەکان، هەردووکیان یا هەریەکەیان، باڵاتر و لە پێشترن بەبەراورد لەگەڵ دەقە بەرکارەکان و یاسا گشتییەکان لە کاتێکدا ئەو دوو یاسایە ناکۆك دەبن.

هەروەها لە مادەی (٤٣٢) دا دەقی داوە کە "هەرکەسێك کە هەڕەشە بکات لە کەسێکی تر بە قسە یان کردار یان بە ئاماژەپێدانی نووسراو یا زارەکی، یاخود لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە یاخود لە هەندێك بارودۆخی تردا جگە لەوانەی کە لە مادەکانی (٤٣٠ و ٤٣١ ) دا باس کراون، سزادەدرێت بە ماوەیەك حەپسکردن کە زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ یاخود بە غەرامەیەك کە زیاتر نەبێت لە (٢٢٥٠٠٠) دیناری عێراقی". لە مادەی (٤٣٣/١) یاسا ڕوونی دەکاتەوە کە "ناوزڕاندن بریتیە لە دانەپاڵی ڕووداوێکی دیاریکراو بۆ کەسێکی دیکە بەشێوەیەکی ئاشکرا، کە ئەگەر ڕاست بێت، ئەم کەسە دوچاری سزادان دەکات یاخود دەبێتە هۆی بێزراوکردنی لە لایەن کۆمەڵگەوە" هەروەها ئەم یاسایە لە مادەی (٣٤٣) دەقبەندی لە سەر ئەوە دەکات کە " جنێوپێدان بریتیە لە دانەپاڵی شتێکی ناشەرەفمەندانە یا بێڕێزانە بۆ کەسێکی تر یاخود زیان گەیاندن بە هەستەکانی، تەنانەت ئەکەر دانەپاڵی بابەتێکی دیاریکراویش بۆ ئەو کەسە لەخۆ نەگرێت". ناوزڕاندن و جنێودان سزادراون بە حەپسکردن یا بە غەرامە، هەردوو سزاکە یا هەریەکەیان بە جیا. ئەگەر ناوزڕاندن یا جنێوپێدان بڵاوبکرێتەوە لە ڕۆژنامەیەك یا بڵاوکراوەیەك یا هەر ئامرازێکی ڕۆژنامەوانی دیکە، ئەوا بەبارودۆخێکی قورسکەری سزاکەی دادەنرێت[٣٢] و سزاکە بەو هۆیەوە زیاتر دەبێت. مادەی (٤٣٥) دەقبەندی لە سەر ئەوە دەکات کە " ئەگەر ناوزڕاندن یاخود جنێوپێدان ئاراستەی قوربانیەکە بکرێت بەشێوەی تایبەت [ڕێگەی ئاشکرا نەبێت] لە ڕێگەی گفتوگۆی تەلەفۆنیەوە یاخود ئەگەر بنێردرێن بۆ قوربانیەکە بە شێوەی نوسراو یان پێی ڕابگەیەنرێت بەهەر ئامێرێکی تر، سزاکە ماوەیەکی حەپسکردن دەبێت کە زیاتر نەبێت لە (٦) مانگ و غەرامەیەك کە لە (٢٢٥٠٠٠) دیناری عێراقی زیاتر نەبێت، یاخود بەیەکێك لەو دوو سزایە."

سەبارەت بە درکاندنی نهێنی کەسی یان خێزانی کەسێك، مادەی (٤٣٧) دەق کردووە کە "هەر کەسێك بەهۆی وەزیفەکەیەوە یا پیشەکەیەوە یا هونەرەکەیەوە یاخود سروشتی کارەکەیەوە ئاگادار بێت لە هەندێك زانیاریی نهێنی و ئەو زانیارییانە بدرکێنێ لە هەندێك بارودۆخدا جگە لەوانەی کە یاسا ڕێگەی پێ داون یاخود ئەو زانیارییانە بۆ خزمەتی خۆی یا بۆ خزمەتی کەسێکی تری بەکاردەهێنێ سزادەدرێت...". لەوەش زیاتر مادەی (٤٣٨) دەڵێت کە "هەر کەسێك بە هەر شێوەیەك وێنەیەك یا نیشانەیەك یا زانیارییەك بڵاوبکاتەوە سەبارەت بە ژیانی تایبەتی یاخود خێزانیی کەسێکی تر، تەنانەت ئەگەر ئەو زانیاریە ڕاستیش بێت ئەگەر بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییە بوو بەهۆی خراپەکردن لە ئاستیاندا" هەروەها "هەر کەسێك کە ئاگاداری[٣٣] زانیارییەك دەبێت کە لە ناو نامەیەکدا یا بروسکەیەکدا یا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا هاتووە و ئەو کەسە ئەم زانیارییە بدرکێنێ بۆ کەسێکی تر، جگە لەو کەسەی کە بۆی ئاڕاستەکراوە و ئەم درکاندنە ببێتەهۆی زیان گەیاندن بە کەسێکی تر" سزا دەدرێت بە حەپسکردن و غەرامە یان بەیەکێك لەو سزایانە.

مادەکانی (٤٠٠) و (٤٠١) ی یاسای سزاکانی عێراقی کردارە ئابڕووبەرەکان بە تاوان دەناسێنێت. ئەگەر ئەم کردارانە بە ئاشکرایی ئەنجام بدرێن، ئەوا سزاکەیان قورستر دەبێت. مادەی (٤٠٢) و مادەی (٤٠٣) کردارەکانی وەك "داواکردنی شتگەلێکی ئابڕووبەرانە لە کەسێک، نێر بیت یا مێ یا ڕووبەڕووبونەوەی مێینەیەك لە شوێنێکی گشتیدا بە قسە یان کردار یان ئاماژە بە شێوەیەك کە ئابڕووی بڕوشێنێت وە هەروەها بەرهەمهێنان و دەسکەوتن و گواستنەوەی بابەتی ئابڕووبەرانە" قەدەغە دەکەن. ئەم دەقانە دەکرێت وا لێکبدرێنەوە کە بۆ پێشێلکارییە ئەلکترۆنی و نا ئەلکترۆنیەکان وەك یەك جێبەجێ دەبن.

مادەکانی (٣٩٦) و (٣٩٧) دەستدرێژی سێکسی ئارەزوومەندانە و نا ئارەزوومەندانەی سەر منداڵان، بە بەکارهێنانی هەڕەشە یاخود بەبێ هەڕەشە یان ناچارکردن یا هەڵخەڵەتاندن بە تاوان دەناسێنێت. مادەی ( ٣٩٩) ڕوونی دەکاتەوە کە (( "هەر کەسێك کە کوڕێك یا کچێك هان بدات کە لە ژێر تەمەنی هەژدەساڵیەوەیە بۆ خراپەکاری یا کردنی بەپیشەیەك یان ئاسانکاریکردن بۆ ئەنجامدانی ئەوە، سزا دەدرێت بە حەپسکردن. سزاکەیش بریتی دەبێت لەماوەیەکی حەپسکردن کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە ویستی قازانج بە دەست بهێنێ لە کارەکەی یاخود پارەی دەست بکەوێت لەو کارەوە".

ئەو دەقانەی سەرەوەی یاسای سزاکانی عێراقی بەو دەقانەشەوەی کە لە سەر خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندین بۆ بێزارکردنی خەڵکی دیکە و هەڕەشەلێکردنیان و جنێوپێدانیان و ناوزڕاندنیان و درکاندنی نهێنییەکان و کردار و بابەتی ئابڕووبەرانە و تاوانە سێکسیەکانی دژ بە منداڵان دەکرێت جێبەجێ بکرێت لە سەر چەندین شێوازی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. بەڵام هەندێك کەموکورتی و ئاڵەنگاریی هەن کاتێك دێینە سەر جێبەجێکردنی ئەو دەقانە بەسەر تاوانەکانی توندوتیژی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. ئەم یاسایە بە ڕوونی پێناسەی ئەم شێوازانەی توندوتیژیی ئەلکترۆنی ناکات، بەڵکو هەموو ئەو شێوازانەی توندوتیژی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لە چەند مادەیەکی دیاریکراودا ڕێکخراون و لە ژێر هەندێك پێناسەی گشتگیردا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. هەروەها ئەم دەقانە زۆر فراوان و گشتتین بۆ مەبەستی جێبەجێکردن کە دەسەڵاتێکی تەقدیری گەورە دەبەخشن بە دەسەڵاتی دادوەریی بۆ چارەسەرکردنی زنجیرەیەکی بەرفراوانی چالاکییە ئەلکترۆنیەکان لەم چوارچێوەیەدا و دەبنە هۆی دروستبوونی چەندین لێکدانەوەی دادوەریی جیاواز بۆ ئەو دەقە گشتیانە. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی دادوەریی دەتوانێت کە بە بەرفراوانی لێکدانەوە بکات بۆ چەندین دەق لەوانەی کە لە سەرەوەدا باسکراون بکات بۆ دادگاییکردنی کەسێك لە سەر ڕەخنەگرتن لە حکومەت. ئەم پێناسە فراوانانە هەروەها مەترسی دروستبوونی سەرلێشێوان لە نێو تاکەکانی خەڵکدا دروست دەکات سەبارەت بەوەی کە چی بە تاوان ناوزەند دەکرێت و چی پارێزراوە لە چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕیندا.

## ٥.٣.٣ یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨) ی ساڵی (٢٠١٢) ی عێراق و ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٨) لە هەرێمی کوردستاندا

یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە عێراقدا لە ساڵی (٢٠١٢) دا دەرکراو دواتر لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی (٢٠١٨) دا پەسەندکرا.

٣٢. بڕوانە مادەکانی (٤٣٣) و(٤٣٤) ی یاسای سزاکان.

٣٣. کاتێك کەسەکە بەرپرس یا فەرمانبەرێکە لە ئاژانسێکی پەیوەندیکردن یا پۆستەدا یا فەرمانبەرێك یا بریکارێکی فەرمییە، ئەوا سزاکە قورستر دەبێ بە پێی مادەی (٣٢٨) ی یاسای سزاکان.

### یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨) ی ساڵی (٢٠١٢) ی عێراق و ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٨) لە هەرێمی کوردستاندا

ئەم یاسا تایبەتە، کە بۆ بەرەنگاریی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە داڕێژراوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بەهەموو شێوازەکانیەوە قەدەغە دەکات، وا پێناسە دەکرێت کە "خستنەسەرکار یان گواستنەوە یان لەخۆگرتنی یان داڵدەدانی کەسانێک دێت لە ڕێگەی هەڕەشەکردن بەهێز یاخود بەکارهێنانی زەبر و هێز یاخود شێوەکانی دیکەی زۆرلێکردن یان ڕفاندن یان فێڵ لێکردن یان هەڵخەڵەتاندن یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یان لە ڕێگەی پێدان یان وەرگرتنی بڕە پارەیەک یان هەر سودێکی تر بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کەسێک کە دەسەڵاتی هەیە یادەستی بەسەر کەسێکی دیکەدا دەڕوات بە ئامانجی فرۆشتن یان خراپ بەکارهێنانییان لە کارەکانی لەشفرۆشی یان خراپ بەکارهێنانی سێکسی یان بێگاری یان کاری زۆرەملێ یان کۆیلایەتی یان سواڵکردن یان بازرگانی کردن بە ئەندامی جەستەی مرۆڤ یان بۆ مەبەستەکانی تاقیکردنەوەی پزیشکی." بە پێی ئەم یاسایە هەر شێوازێکی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کە دژ بە منداڵێک یا ئافرەتێك ئەنجام بدرێت یا لە دژی کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوە بە بارودۆخێکی قورسکەری سزا دادەنرێت و شایستەی سزای زۆر قورسترە.

ئەم یاسایە هێچ دەقێکی تایبەتی تێدا نیە پەیوەست بە توندوتیژی ئەلکترۆنی، بەڵام چوارچێوەی پێناسەی یاساکە ئەوەندە فراوانە کە دەکرێت هەندێك کردار لەخۆبگرێت کە تیایاندا بازرگانیکردن بە کەسەکانەوە بەشێوەی ئەلکترۆنی ڕوودەدات یاخود بە بەکارهێنانی ئامرازی دیجیتاڵی لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کردارانە. ئەمە ڕەنگە هەندێك شێوازی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یا خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لەخۆبگرێت بە مەرجێك ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێناسەی تایبەت بە یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤی تێدا بەدی بێت. بۆ نموونە، ئەوانەی بازرگانی بەمرۆڤەوە دەکەن دەکرێ بە شوێنکەوتنی یا هەڕەشەلێکردنی ئافرەتان دەست پێبکەن و بەرەبەرە بگەن بە ناچارکردنیان یا زۆرلێکردنیان بەرەو لەشفرۆشی یا ڕووەو شێوازەکانی تری خراپ بەکارهێنانی سێکسیی بۆ مەبەستی بازرگانیکردن. لە هەندێک حاڵەتدا ئەوانەی بازرگانی بەمرۆڤەوە دەکەن لەوانەیە منداڵێک خراپ بەکاربهێنن بۆ پەخشی ڕاستەوخۆی سێکسی و بەرهەمهێنانی ناواخنی نایاسایی بۆ دەسکەوتی دارایی. بەڵام لە واقیعدا توانای جێبەجێکردنی ئەم یاسایە سنووردار و دیاریکراوە بەو پێشێلکارییانەوەی کە ڕوو دەدەن لە چوارچێوەی بازرگانیکردندا بە مرۆڤدا نە وەك حاڵەتەکانی توندوتیژی ئەلکترۆنی کە لە کردارەکانی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی ژنان و منداڵان پێک دێن و لە ڕەهەندی گریمانەییدا ڕوودەدەن.

هەروەها لە ڕووی پراکتیکیەوە وەڵامدانەوەکان لە ئاستی پێشێلکارییەکاندا نین و بەس نین بۆ بنبڕکردنیان. جێبەجێکردنی یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە سەرانسەری عێراق و هەرێمی کوردستاندا نە یەکگرتووە نە گونجاو و تەبا بەهۆی ناکۆکیەوە لە گەڵ یاسا سزاییەکانی دیکەدا، بەتایبەت یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی و هاوڕەگەزخوازیی ژمارە (٨) ی ساڵی (١٩٨٨) لە عێراقدا و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨) ی ساڵی (١٩٨٨) لە هەرێمی کوردستاندا. جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەکرێت بە شێواز و لێکدانەوەی جیاواز لەوانەیە ببێتە هۆی لێپێچینەوە لە ڕزگاربووان و بێبەشکردنیان لە پاراستنە بەردەستەکان. جگە لەوەش ناکۆکی لەنێوان یاسا بەرکارەکاندا دەکرێ ببێتە هۆی تێکەڵی لەنێوان دامەزراوە هەمەجۆرەکاندا کە بەرپرسن لە مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم تاوانانەدا لە ناویاندا بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە لە عێراقدا و بەڕێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان و پۆلیس و دادگا تایبەتمەندەکان[٣٤]. هەروەها یاساکە هیچ چارەسەرێک پێشکەش ناکات بۆ کەمی سەرەچاوەی بەردەست بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، وەکو کەمی توانا و شارەزایی هونەریی بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە شێوازە ئەلکترۆنیەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە تایبەتی ئەوانەی دەکەونە ژێر پێناسەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یاخود نەبوونی ئامێر و ئامرازی سەرەکی بۆ پاراستن و خەزنکردن و شیکردنەوەی داتاکان. هەروەها یاساکە ڕێکاری تایبەت لەخۆناگرێت لە سەر چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەو پێشێلکارییانە و بەڕێوەبردنی گونجاوی داتای ئەلکترۆنی.

### ٥.٣.٤ یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستاندا

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تێپەراند لە سەر قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، کە پەیوەندیدارترین یاسایە کە دەرچوێندرابێت هەتا ئەمڕۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی. وەکو یاسایەکی تایبەتمەند، دەقەکانی لە پێشترن لە دەقەکانی ناو یاسا گشتیەکانی وەکو یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ لە کاتی ناکۆکی نێوان دەقەکانیاندا. بەڵام ئەم یاسایە تەنها لە هەرێمی کوردستاندا بەرکارە. ئەم یاسایە لە وەڵامی هەندێك پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا دەرکرا کە پاڵنراوبوون بە دەرکەوتنی هەندێك تەکنەلۆژیای ئاڵۆزی نوێ و کاریگەری ئەو تەکنەلۆژیایانە لە سەر ژیانی تاکەکان بەتایبەت منداڵان و گەنجان.

٣٤. ئەگەر باوکێک یان دایکێک ئامادەکاریی بکات بۆ فرۆشتنی منداڵەکەی بۆ ناو بواری کۆیلایەتی سێکسی یا منداڵێك بەکاربهێنێت بۆ سواڵکردن، بۆ نموونە، ڕەنگە کەیسەکە بکەوێتە سەر خاڵ یەکتربڕی نێوان هەردوو دەسەڵاتی ڕێپێدراویی بەڕێوەبەرایەتی تاوانە ڕێکخراوەکان و بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان.

## یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستاندا

لە هۆکارەکانی پێویستی دەرکردنیدا، یاساکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرێمی کوردستان تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تەندروست کە تیایدا مافەکانی تاکەکەس و ئازادیەکانی پارێزراون. هەروەها لە مادەی (١) ی یاساکەدا جەخت دەکات لە سەر گرنگی مافی تایبەتمەندێتی کە "قسەکردنی تەلەفۆنی و پەیوەندییەکانی پۆستەیی و ئەلیکترۆنی لە کاروبارە تایبەتەکانن و نابێ ریز و حورمەتیان بشکێندرێ" و هەروەها ئەو پشت راستکراوەتەوە کە ئامانجی ئەم یاسایە بۆ پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیە لە رێگەی بەرەنگاربوونەوەی هەر خراپ بەکارهێنانێکی ئامێرەکانی پەیوەندی و شێوازەکانی بەکارهێنانیانەوە.

یاساکە، کە لە هەشت مادە پێکهاتووە، هەندێ رەفتاری تاوانی دیاری دەکات کە دەگەنە ئاستی توندوتیژی ئەلیکترۆنی و دواتر سزاکانیان دیاریکردووە بۆ ئەم کارانە. یاساکە هەروەها میکانیزمێکی لێپرسینەوەی دامەزراندووە بۆ کۆمپانیاکانی پەیوەندی لە بارەی تۆمارکردنی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە و گەیاندنی زانیاری بۆ دەسەڵاتە دادوەرییە تایبەتمەندەکان ئەگەر داوایان کرد.

لە مادەکانی (٢) و (٣) دا، یاساکەدا پێناسەی رەفتارە تاوانییەکانی پەیوەندیدار بە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیەوە دەکات لە ژێر ناونیشانی دوو گروپی سەرەکیدا. مادەی (٢) دەقی داوە کە:

"هەرکەسێک ئەگەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی ( موبایل) یان ئامێرێکی پەیوەندی کردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی هەرەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن ( قذف) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا کە ترس پەیدا دەکات یان دزەی بە گفتوگۆ کردن کرد یان وێنەی چەسپاو یان جووڵاو یان کورتە نامەی بڵاو کردەوە کە لە گەڵ خووڕەوشتی گشتیدا ناگونجێ یان بەبێ ڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجام دانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی یان بڵاو کردنەوەی زانیاری پەیویست بە نهێنی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە کە بە هەر ڕێگایەک بێت چەنگی کەوتبێت هەتا ئەگەر راستیش بن، ئەگەر بە هۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سوکایەتی یان زیانیان پێ بگەیەنێت، ئەوا بۆ ماوەیەک حەپسدەکرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت وە بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزادەدرێت".

مادەی (٣) دەقی کردووە کە :

"هەرکەسێک بە ئەنقەست تەلەفۆنی خانەیی ( موبایل ) یان ئامێرێکی پەیوەندی کردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ جارِس کردنی خەڵک جگە لەو حاڵەتانەی کە لە مادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون بەکاربهێنێت، ئەوا بۆ ماوەیەک کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە یەک ساڵێکیش زیاتر نەبێت حەپسدەکرێت وە بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزادەدرێت".

**بەپشت بەستن بەو دەقانەی مادەکانی (٢) و (٣) ئەم رەفتارانەی لای خوارەوە دەگەنە ئاستی توندوتیژی ئەلکترۆنی، ئەگەر لە رێگەی ئامێرێکی پەیوەندییەوە یان لە رێگەی ئەنتەرنێت یان لە رێگەی هەر سیستەمێکی تری ئەلکترۆنیەوە ئەنجام بدرێن:**

- هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن و جنێودان؛
- بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو کە ترس و تۆقاندن بڵاودەکاتەوە؛
- دزەپێکردنی ئاخاوتن وەك قسەکردنی ئەلکترۆنی یان وێنەی ڕاستەقینە یان دروستکراو؛
- بڵاوکردنەوەی کورتەنامە بە ناوەڕۆکێک کە پێچەوانەی ئاداب و ڕەوشتی گشتی بێت؛
- گرتنی وێنەی کەسەکان بە بێ ڕەزامەندی خۆیان؛
- ئەنجامدانی هەر کردارێك کە ببێتە هۆی بریندارکردنی شەرەف و هێنانی شەرمەزاریی؛
- هاندانی تاکەکان بۆ ئەنجامدانی تاوان و کاری بەدڕەوشتی؛
- بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار بە نهێنییەکانی ژیانی کەسی یاخود خێزانی تاکەکان، ئەگەر ئەم کردارە ئازاریان بدات؛
- بێزارکردنی کردنی کەسانی تر بەهەر شێوەیەك.

مادەی (٦) ی یاسایەکە میکانیزمێکی لێپرسینەوەی داهێناوە بۆ کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن. یەکەم، کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن ناچار دەکات کە لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن کە سیم کارت و ئامێرەکانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی تۆمار بکەن بە ناوی ئەو کەسەوەی کە هەڵگرێتی و هاوبەش نیە لە ماوەی (٦) مانگدا لە بەرواری چوونە بەرکاری ئەم یاسایەوە. بەم پێیەش کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان داوا لێکراون کە ئەو سیم کارتانە هەڵبوەشێننەوە کە هەڵگرەکانیان نەیانتوانیوە تۆماریان بکەن لەماوەی ئەو کاتەدا. دووەم، پێویستە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردنی زانیاری لە سەر سیم کارت و بەکارهێنەرەکانیان بەخشن کاتێك داوایان لێدەکرێت لە لایەن دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانەوە. یاساکە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەو پابەندییانە پێشێل دەکەن تووشی غەرامەیەك دەبن کە "لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە سەد ملیۆن دیناری زیاتر نەبێ".

لە کاتێکدا یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨ بە ڕوونی چارەسەری توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵکردنی سێکسی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ناکات، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پاراستنێکی بنەڕەتی دابین دەکات بۆ ڕزگاربووان و ئەوانەی لە ژێر مەترسیدان. ئەو تاوانانەی کە لە مادەکانی (٢) و (٣) ی یاساکەدا دیاریکراون چەند ڕوویەکی پاراستن و چەند میکانیزمێکی ئیجابی دەخەنەڕوو لە سنووری توانای یاساکەدا بۆ چارەسەرکردنی زنجیرەیەکی بەرفراوانی دەرکەوتنەکانی توندوتیژی ئەلکترۆنی وەك خراپ مامەڵەکردنی پشتبەستوو بە وێنە و گوتاری ڕق و بێزراوی و شوێنکەوتنی ئەلکترۆنی و گێچەڵی سێکسی...هیتر.

بەڵام زۆر شێوازی تر هەیە لە توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵکردنی سێکسی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە کە یاساکە چارەسەری نەکردوون و ئەو تاوانانەی کە تیایدا هاتوون بە دەستەواژەی گشتی دارێژراون و بە وردیی پێناسە نەکراون کە ئەمەش بوار دەهێڵێتەوە بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر کاتێك جێبەجێدەکرێت لە واقیعدا لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە. لە کاتێکدا گونجێت کە ئەمە وەکو خاڵیکی ئەرێنی سەیر بکرێت بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی ئەلکترۆنی و ئەوانەی کە لە مەترسیدان، بەڵام گەورەترین ئاڵەنگاری پێناسەی فراوان بۆ رەفتارە تاوانییەکان بریتییە لەو تێکەڵی و سەرلێشێواویەی کە لێی دەکەوێتەوە کە بە تایبەتی کار دەکاتە سەر هۆشیاری بەربڵاو و یەکگرتووی خەڵک.

دەرئەنجام، ئەوکەسانەی کە ئەزموونی هەندێك شێوازی دیاریکراوی توندوتیژی ئەلکترۆنی دەکەن ڕەنگە دەرك بەوە نەکەن کە ئەم ڕەفتارانە تاوانێکی ناسێنراو پێکدەهێنن، هەربۆیە ڕەنگە بەدوای دادپەروەریدا نەگەڕێن لە ڕێگەی سیستەمی یاساییەوە کە ئەمەش لەمپەر دروست دەکات لە بەرانبەر توانایاندا بۆ گەیشتن بە ماف و پاراستنە سەرەکیەکان. لەوەش گرنگتر، میتۆدی پێناسەی فراوان پێچەوانە دەوەستێتەوە لە گەڵ پرەنسیپە ناسراوەکانی سیستەمی دادگەریی تاوانیی لە عێراقدا، کە وا دەخوازێت کە وەسفکردنی کرداره تاوانییەکان وورد و ڕوون بێت بۆ هەر کەسێکی ئاسایی بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکات بۆ توانای تاک لە بەردەمبوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و دڵنیابوون لە گونجاویی ڕەفتارەکانیان.

لەوەش زیاتر، لە سایەی نەبوونی پێناسەیەکی وورد و ڕووندا، دەکرێت دەقەکانی یاساکە بەشێوەیەک بەکاربهێنرێن لە لایەن دەسەڵاتەکانەوە بۆ لێپێچینەوە لەو تاکانەی کە پیرەوی ئازادی بیروبۆچوون و ڕادەربڕین دەکەن بە شێوەی ئونلاین. بە گشتی، جێبەجێکردنی ئەم یاسایە کار لە سەر لایەنی خۆپاراستن لە توندوتیژیی ئەلکترۆنی لە نێویاندا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنانی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ناکات و سەرنج ناخاتە سەر دابینکردنی پاراستنەکان لە وەڵامدانەوەکاندا. لە کاتێکدا یاساکە داوای پاراستنی کەسەکان دەکات لە توندوتیژیی ئەلکترۆنی، لە واقیعدا یاساکە بەکارهاتووە بۆ سەرکوتکردنی بەکارهێنانی ئازادانەی ئەنتەرنێت و ئازادیی قسەکردن بەتایبەت کە پەیوەندیدار بێت بەرەخنەگرتنەوە لە حکومەت[٣٥]. دەقە فراوانەکان لەم یاسایەدا کاراکراون بۆ لێپێچینەوە لەو کەسانەی کە فەرمانبەرانی میری تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە نەیانتوانیوە پاڵپشتی بەرژەوەندیی گشتی بکەن، ئیتر چ بە پۆستکردنی کۆمێنت لە مینبەرەکانی سۆشیال میدیا بێت یان لە گروپەکانی چاتکردن یاخود بە بڵاوکردنەوەی وتاری ئەلکترۆنی. هەروەها ئەم سروشتە گشتیەی یاساکە دەسەڵاتێکی تەقدیری گەورە دەدات بە دەسەڵاتی دادوەریی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە بە سەر هەلومەرج و ڕووداوەکانی کەیسەکاندا و دیاریکردنی سزاکان بۆ ڕەفتارە تاوانییەکان. سزاکان لە حەپسکردنەوە دەست پێدەکات بۆ ماوەی سێ مانگ هەتا پێنج ساڵ و غەرامە لە یەك ملیۆن دینارەوە بۆ پێنج ملیۆن دیناری عێراقی یان یەکێک لەو سزایانە. لە کاتێکدا یاسا سزاییەکان بە زۆری هەندێك دەسەڵاتی تەقدیری دەبەخشنە دەسەڵاتی دادوەریی بۆ دیاریکردنی سزای گونجاو بە پشت بەستن بە بارودۆخی هەر پێشێلکارییەکی تایبەت، ئەم یاسایە سنووره ئاساییەکانی دەسەڵاتی تەقدیری پێ بەخشراو تێدەپەڕێنێت. بۆ نموونە هەر کەسێك گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی بدرکێنێ و دزەی پێبکات دەکرێت سزا بدرێت بە حەپسکردنێك بۆماوەی پێنج ساڵ یاخود سزایەکی زۆر کەمی وەك غەرامەیەکی یەك ملیۆن دیناری عێراقی.

تێبینی دەکرێت کە لە شێوازەکەی ئێستایدا یاساکە هیچ دامودەزگایەك یاخود یەکەیەك دانامەزرێنێت و ڕاناسپێرێت بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ کەیسەکانی توندوتیژی ئەلکترۆنیدا و ئەوەش دیاری ناکات کە ئەو کەیسانە چۆن ئیدارە بکرێن لە لایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە. جیاواز لە یاسا تایبەتمەندەکانی تر لە هەرێمی کوردستاندا، وەکو یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ کە دەسەڵات دەداتە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان بۆ سەرکردایەتیکردنی هەوڵەکان بۆ وەڵامدانەوە و ڕێگریکردن لە توندوتیژی خێزانی، یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەلکترۆنی بەجێدەهێڵێت لە دەستی دەزگا گشتییەکان کە پۆلیس و دادگاکانی لێکۆڵینەوە و دادگای بابەتی لەخۆدەگرێت کە بەرپرسن لە چارەسەرکردنی هەموو جۆرەکانی تاوان.

یەکێکی تر لە کەموکوڕیەکانی یاساکە ئەوەیە کە هیچ ڕێکارێکی تایبەت یان پاراستنەکانی تایبەت بە قوربانیانی تاوانەکان فەراهەم ناکات کە پشت ببەستێت بە ڕێبازی بە ناوەندکردنی ڕزگاربوو و ڕێبازی پشتبەستوو بە مافەکانی مرۆڤ. لە سایەی نەبوونی ڕێوشوێنی تایبەت لەو یاسایەدا، دەقە گشتیەکانی یاسای ڕێکاری دادگاییکردنی جەزایی عێراقی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١جێبەجێدەبن. ئەو میکانیزم و ڕێوشوێنانەی کە لە یاسای ڕێکاری دادگاییکردنی جەزاییدا هەن دارێژراون بۆ بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردنی پێشێلکارییە نائەلکترۆنیەکان و مەرج نیە کە بگونجێن بۆ کارکردن لە سەر توندوتیژیی ئەلکترۆنی کە لە ژینگەی ئۆنلاین و دیجیتاڵیدا ڕوودەدەن. بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەلکترۆنی کاریگەر بێت، پێویستە یاسا هەندێك ڕێوشوێن لەخۆبگرێت کە تیایدا قوربانی بە ناوەند بکرێت لە ناویاندا بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بەئاگا و پەیڕەوکردنی تایبەتمەندێتی و نهێنیپارێزی لە هەموو بارودۆخەکاندا تەنانەت لە کاتێکدا کە سکاڵا لە لایەن ڕزگاربووانەوە پێشکەش دەکرێت. لە گۆشەنیگای تەکنیکیەوە، پێویستە یاساکە هەندێك ڕێکاری دیاریکراو پەسەند بکات لە سەر پشکنین و دەستبەسەرداگرتن و پاراستنی داتا ئەلکترۆنیەکان. هەروەها هەندێك میکانیزمی پاراستن لەخۆبگرێت لە ناویاندا چاودێری دادوەریی بۆ چۆنیەتی مەمەڵەکردن لە گەڵ داتا کەسیەکان. هەروەها یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن پاراستنی بەردەست تێدا نیە بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی ئەلکترۆنی لە ڕووی چارەسەری کورت مەودا و درێژ مەوداوە. ئەم پاراستنانە دەکرێت مسۆگەرکردنی سەلامەتی و ئاسایشی ڕزگاربووان لەخۆبگرن و هەروەها ئاسانکاریی بکەن بۆ گەیشتنی ڕزگاربووان بە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان بەتایبەت دەروونڕوستی و پاڵپشتی دەروونی و خزمەتگوزارییە یاساییەکان.

پەرەپێدان بە لێپرسینەوە لە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن یەکێکە لە ڕێوشوێنە سەرەکیەکانی خۆپارێزی لە توندوتیژی ئەلکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. لە کاتێکدا یاساکە چارەسەری کێشەی سیم کارت و ئامێری تۆمارنەکراوی کردووە، بەڵام ئەم دەقانە پێویستە جێبەجێبکرێن. لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا ژمارەیەکی زۆری سیم کارت و ئامێری تۆمارنەکراو یاخود نەناسراو هەن لە بازاڕدا کە دەکرێت بەبێ کۆت و بەند بفرۆشرێن یان بەکاربهێنرێن. هەندێک لە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستاندا هەتا ئێستا پاپەندنەبوون بە دەقەکانی ئەم یاسایەوە و هەتا ئێستا لێپرسینەوەیان لێنەکراوە.

لە کۆتایدا یاساکە ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست لەخۆناگرێت کە پاڵپشتی کرابێت بە سەرچاوە تەرخانکراوەکان. نموونەی ڕێوشوێنی بەهێزی خۆپارێزی بریتیە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری کەسەکان (هەرزەکاران و دایکان و باوکان و چاودێریکاران) و کۆمەڵگا و پەرپێدانی مەنهەجی تایبەت بە سەلامەتی ئەلیکترۆنی لە خوێندنگا حکومی و ئەهلیەکان و دروستکردنی چەند مینبەرێك بۆ بڵاوکردنەوە و پێدانی ڕێنمایی لە سەر سەلامەتی ئەلکترۆنی و بابەتە فێرکارییەکانی دیکە و بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی لە ڕێگەی لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسا و دەسەڵاتی دادوەرییەوە، و پێداچوونەوە و چاودێریکردنی ناواخنی ئۆنلاین و پێشخستنی هەندێك ڕێوشوێنی پێوانەیی بۆ کارکردنی میدیای ئۆنلاین. پێویستە میتۆدێکی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلکترۆنی بونیاد بنرێت و بخرێتە ناو ئەو چوارچێوە یاساییەی لە ئێستادا بەرکارە. کە ئەمەش پێویستی بە هاماهەنگی نێوان لایەنەکان لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی دەبێت.

٣٥. ئازادی دەربڕین لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا (UNAMI & OHCHR, 2021).

### ٥.٣.٥ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستاندا

لە کاتێکدا عێراقی فیدراڵ یاسای نیە بۆ بەرەنگاروونەوەی توندوتیژی خێزانی، هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە ساڵی ٢٠١١ دەرچواندووە.

#### یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستاندا

ئەم یاسا تایبەتمەندە، کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستاندا، دارێژراوە بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی خێزانی - یاخود توندوتیژی لەناو چوارچێوەی خێزاندا- بە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی و سێکسی. یاساکە بەشێوەیەکی تایبەتی ئاماژە نادات بە شێوازە باوەکانی توندوتیژی ئەلکترۆنی دژ بە ژنان و منداڵان وەکو توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە رێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان یا خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە رێگەی تەکنەلۆژیاوە. بەڵام بە هۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی ئەلکترۆنی، هەندێك دەق یاسای توندوتیژی خێزانی لەوانەیە جێبەجێ ببن بەسەر پێشێلکاریە ئەلکترۆنیەکان بە مەرجێك ئەو پێشێلکاریانە بکەونە چوارچێوەی پێناسەی توندوتیژی خێزانییەوە. بۆ نموونە ئەگەر پیاوێک هەڕەشە لە هاوسەرەکەی بکات بەشێوەی ئەلکترۆنی بۆ ئەوەی ناچاری بکات بۆ مانەوە لە ناو هاوسەرگیریەکەدا یاخود داوای ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراوی لێبکات یاخود ئەگەر ئەندامێکی خێزان منداڵی نێو خێزانەکە خراپ بەکاربهێنێت بۆ مەبەستی سێکسی لە رێگەی وێنەی نەشیاو یان پەخشی ڕاستەوخۆ یاخود یاری ئەلکترۆنیەوە، کە ئەم سیناریۆیانە دەکرێت لە سنووری ئەم یاسایەدا چارەسەر بکرێن. لە گەڵ ئەوەشدا توانای جێبەجێکردنی یاساکە سنوردارە بەو پێشێلکارییانەوەی کە لە ناو خێزاندا ڕوو دەدەن و کافی نیە بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلکترۆنی دژ بە ژنان و منداڵان بە شێوەیەکی بەرفراوان.

### ٥.٣.٦ رەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لە عێراقدا

هەوڵە درێژخایەنەکان بۆ ڕێکخستنی تاوانی ئەلکترۆنی لە سەر ئاستی فیدراڵیدا هەتا ئێستا نەبوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت. بەڵام بۆ یەکەمجار رەشنوسی یاسایەك لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلکترۆنی لە عێراقدا لە ساڵی (٢٠١١) دا پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرا و دووبارەش لە ساڵی (٢٠١٩) پێشکەش کرایەوە.

لە کاتێکدا لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە بەردەوامی بەدوای دەرچواندنی ئەم رەشنوسەوە بوون لە سەرەتای ئامادەکردنیەوە بەڵام هەر تێنەپەڕێنرا بەهۆی کەموکورتی و کەلێنەکانی و ئەگەری سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕینەوە[٣٦]. هۆکارەکانی دەرچواندن و ئامانجەکانی رەشنوسەکە سەرنج دەخاتە سەر مسۆگەرکردنی بەکارهێنانی یاسایی و ڕەوای کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی زانیاری و داتاکان وە هەروەها دامەزراندنی سیستەمێک کە سزای ئەنجامدەرانی تاوانی ئەلکترۆنی بدات لە ژێر ڕۆشنایی دەرکەوتن و گەشەکردن و پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا. لە کاتێکدا کە بەتایبەت دانەرێژراوە بۆ چارەسەری توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەرێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، بەڵام رەشنوسەکە هەموو ئەو ڕەفتارە ئەلکترۆنیانە رێکدەخات کە ڕوودەدەن بەشێوەی ئەلکترۆنی لە رێگەی یەکێك لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە. بە ڕەچاوکردنی پەیکەری رەشنوسەکە، لە خوارەوە شیکردنەوەیەك پێشکەش دەکەین بۆ تازەترین کۆپی کە لە ساڵی (٢٠٢٢) دا گشتێنراوە.

#### پێناسەکان

رەشنوسی یاساکە لیستێکی (٢٩) پێناسەیی لەخۆدەگرێت، کە بەزۆریی دەستەواژە پەیوەندیدارەکان بە تەکنەلۆژیاوە لەخۆدەگرێت هاوتەریب لە گەڵ دەستەواژە بابەتی و ڕێکارییەکانی تایبەت بە یاسا تاوانییەکان. رەشنوسەکە پێناسەی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆجیای زانیاری و داتاکان و داتا حکومیە نهێنیی و ئاشکراکان و چارەسەرکردنی داتاکان و وێبسات و وشەی تێپەڕ و بەشداربوو و زانیارییەکانی کەسی بەشداربوو و دابینکەری خزمەتگوزاریی و کارتی ئەلیکترۆنی و تۆڕ و ئیمزای ئەلیکترۆنی و ئامرازە ئەلکترۆنیەکانی پەیوەندیکردن و رێپێدان و بەڵگەی دیجیتاڵی دەکات

رەشنوسەکە پێناسەی تاوانی ئەلیکترۆنی بەوە دەکات کە "کردارێکی ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرێك یا تۆڕێکی زانیاری یان هەر ئامرازێکی دیکەی تەکنەلۆجیای زانیاری کە بە پێی دەقەکانی ئەم یاسایە سزادراوە". پێناسەی گوێگرتنی کردووە بەکرداری "بینین یان بەدەستهێنانی داتا و زانیاری بەبێ مۆڵەت" و پێناسەی دەستڕاگەیشتنی نایاسایی کردووە بە "دەستڕاگەیشتنی ڕێپێنەدراو بۆ سیستەمێکی زانیاریی یان تۆڕێك یان کۆمپیوتەرێک" هەرچی هەڕەشەکردنی ئەلکترۆنییە رەشنوسەکە وا پێناسەی دەکات کە "پرۆسەی هەڕەشەکردن یان تۆقاندن بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەك یاخود داتایەک لە بەرانبەر پارەدا یاخود ئەنجامدانی کارێك لە بەرژەوەندی کەسی ئەنجامدەر یا دروستکردنی زیانی جەستەیی یان دەروونی بۆ کەسێکی دیکە".

ئەم لیستەی پێناسەکان دوورودرێژە و دەبێتە هۆی سەرلێشێوان لە بەر چەندین هۆکار. زۆربەی پێناسەکان پێویست نین یان دووبارەن یان پێشتر پێناسەکراون لە یاساکانی دیکەدا. بەم پێیەش دەبێتە هۆی سەرلێشێوان بۆ لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسا و بۆ دەسەڵاتی دادوەریی کە بەرپرس دەبن لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە داهاتوودا. بۆ نموونە داتا حکومیەکان بەوە پێناسە دەکرێت کە ئەو جۆرە داتایانەن کە لە لایەن حکومەتەوە خاوەندارێتیان لێدەکرێت، بەڵام داتای نهێنی وا پێناسە کراوە کە "ئەو داتایەیە کە لە لایەن یاساوە بەنهێنی دانراوە". ئەم جۆرە پێناسانە نە هیچ زیادکرنێك دەکەن و نە ڕوونی پێویستیش فەراهەم دەکەن سەبارەت بە مانا و بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە. رەشنوسی یاساکە هەروەها پێناسەی رێپێدان لە چوارچێوەی دابینکردنی خزمەتگوزارییدا دەکات لە کاتێکدا ئەم دەستەواژەیە دەبێت لە یاسا و رێکخستنەکانی تردا پێناسە بکرێت وەکو یاسا پەیوەندیدارەکان بە پەیوەندیکردن کە رێپێدان بە دابینکەرانی خزمەتگوزاریی پەیوەندیکردن رێکدەخەن. لەوەش زیاتر رەشنوسی یاساکە پێناسەی هاندانی ئەلکترۆنی بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی دەکات، بەڵام هەر هاندانێك بۆ ئەنجامدانی تاوان، چ ئەلکترۆنی یان نائەلکترۆنی بێت، پێشوەختە لە لایەن دەقەکانی تایبەت بە بەشداریکردنی لە تاوان لە یاسای سزاکاندا پێناسەکراون و پێویست نیە کە لەم یاسایەدا دووبارە پێناسە بکرێتەوە.

هەروەها ژمارەی پێناسەکان بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاون لە کۆپیەکی رەشنوسەکە بۆ کۆپیەکی دیکە لە کە لە ماوەی پێشتردا بەردەست بوون. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٩ دا رەشنوسەکە هەژدە پێناسەی لەخۆگرتبوو بەڵام لە کۆپی ساڵی ٢٠٢٢ دا بیست و نۆ پێناسەی لەخۆگرتووە. پرۆسەی پێشکەوتنی رەشنوسەکە لە ماوەی چەندین ساڵدا ڕەنگە واتای ئەوە بێت کە زیادکردنی پێناسەی نوێ بۆ دەقەکە بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسەنگاندنی بۆنەکراوە لە سیاقی خۆیدا. پێداچوونەوەیەکی گشتگیر پێویستە بۆ دروستکردنی لیستێکی کورتتر بە پێناسەکردنێکی وردترەوە.

رەشنوسەکە چەندین دەقی پشتگوێ خستووە کە لە پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکاندا

---

٣٦. چەند هەوڵێکی نوێ بۆ دەرکردنی یاسای تاوانی ئەلیکترۆنی لە عێراقدا: alaraby.com.uk

هاتوون کە تاوانی ئەلکترۆنی ڕێکدەخەن، بەتایبەت ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکان. ئەم پەیماننامانە چەندین پێناسەی ڕوون و پێویست فەراهەم دەکەن بۆ دەستەواژەکان لە ناویاندا سیستەمی کۆمپیوتەری و تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆڕەکان و داتاکان و دابینکەری خزمەتگوزاریی و زانیاری بەشداربووان.

## دەقە بابەتیەکان

ڕەشنوسی یاساکە چواردە بەش لە سەر شێوازە جیاوازەکانی تاوانی ئەلکترۆنی لەخۆدەگرێت. لە کاتێکدا یاساکە بەڕوونی ئاماژە نادات بە توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، ژمارەیەك لەو دەقانە کە پەیوەندیدارن بە توندوتیژی ئەلکترۆنیەوە، جێبەجێدەبن بە سەر ئەم شێوازانەی توندوتیژیدا. ئەم شیکردنەوەیە تیشك دەخاتە سەر چەندین جۆری تاوان لە ڕەشنوسی یاساکە کە بە تایبەت پەیوەندیدارن بە توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یا خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.

### تاوانەکانی دەستڕاگەیشتنی نایاسایی و ڕێگریلێکردنی نایاسایی

لەم جۆرەدا، چالاکییە تاوانکارییە سەرەکییەکان پێک دێن لە چوونە ناوەوە یان مانەوەی بە ئەنقەست لە وێبسایتێکدا یان لە تۆڕێکدا یان لە کۆمپیوتەرێکدا بەبێ ڕێپێدان یان بەبێ بوونی هیچ مافێک وە کرداری گوێگرتن و ڕێگریلێکردنی داتایەکان یان زانیارییەکان لە تۆڕەکانی یان ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی بەبێ ڕێپێدان یاخود بەبێ بوونی هیچ مافێک. چەندین شێوازی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە وەکو هاککردن و شوێن کەوتنی ئەلکترۆنی دەکەونە ناو چوارچێوەی ئەم جۆرەوە. سزای ئەم ڕەفتارانە زیاد دەکات بە پێی قورسی تاوانەکە ئەگەر کردارەکان ببنە هۆی هەموارکردن یان شێواندن یان لابردن یان وێرانکردنی داتاکان یان بەڵگەنامە ئەلکترۆنیەکان و تۆڕەکان یان ئەگەر تاوانەکە لە سەر زانیارییە نهێنییەکانی حکومەت ڕوویدات. بەگشتی حەپسکردن یان بەندکردن بە پێی حاڵەتەکە لە یەك ساڵەوە تاوەکو پانزە ساڵ و غەرامەیەك کە لە پێنج ملیۆن هەتا سی و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی بەلای کەمەوە دەست پێدەکات، یاخود یەکێك لەو دوو سزایە.

### تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری

ڕەشنوسی یاساکە لە مادەی (٨) دا کۆمەڵێک کرداری بە تاوان ناساندوە کە پێک دێن لە بەکارهێنان یان فرۆشتن یان کڕین یان هاوردەکردن یان دابەشکردن یان دابینکردنی هەر ئامێرێك یان پرۆگرامێك یان وشەیەکی نهێنی یان کۆدی دەست گەیشتن بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانانە کە لەم ڕەسنوسەدا هاتوون. ئەم تاوانانە دەکرێ ڕاستەوخۆ پەیوەست بن بەکرداری توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. بۆ نموونە ڕەنگە کەسێك هەستێت بە دروستکردنی ژمارەیەکی سێریاڵ بۆ هاککردنی ئەپێک بۆ چوونەناو ئەکاونتی کەسێکەوە بۆ دزینی زانیاری کەسی یان وێنەکانی یان ڕەنگە کەسێك ئەپێک بەرهەم بهێنێت بەتایبەت بۆ دەستکاریکردنی وێنە و ڤیدۆکان بەشێوەیەکی سوکایەتی پێکەر یان شەرمهێنەر. سزای ئەم تاوانانە حەپسکردن لە بیست و چوار سەعاتەوە هەتا پێنج ساڵ و غەرامەیەك کە لە دە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت لەخۆدەگرێت.

### تاوانەکانی پەیوەندیدار بەبابەتی سێکسی ئەلکترۆنی

بۆ بەهێزکردنی ڕێوشوێنەکانی پاراستن دژ بە خراپ مامەڵەکردنی سێکسی، مادەی (١١) ی ڕەشنوسی یاساکە سێ جۆر چالاکی قەدەغە دەکات لەژێر ناونیشانی تاوانەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی سێکسی ئەلکترۆنی. یەکەم، ڕەشنوسەکە کرداری بەرهەمهێنان یان پیشاندان یان دابەشکردن یان دابینکردن یان بڵاوکردنەوە یان کڕین یان فرۆشتن یان هاوردەکردنی بابەتی سێکسی یان بابەتی ئابڕووبەر لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە بۆ مەبەستی بازرگانی بە تاوان دەناسێنێت. سزای ئەو کردارانە بریتیە لە حەپسکردن بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە چوار ساڵ و غەرامەیەك کە کەمتر نەبێت لە بیست و پێنج ملیۆن دینار. دووەم، ڕەشنوسی یاساکە کرداری ڕەوایەتی پێدان یان هاندان یان بڵاوکردنەوەی لەشفرۆشی و خراپ بەکارهێنانی سێکسی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە بە تاوان دەناسێنێت. سزای ئەو کردارانە بەندکردنە بۆ ماوەیەك کە لە شەش ساڵ کەمتر نەبێت و بە غرامەیەك کە لە بیست ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت. سێیەم، ڕەشنوسی یاساکە ناوی هەندێك کردار دەهێنێت وەك بڵاوکردنەوەی وێنەی ئابڕووبەری منداڵێکی ناکام (یاخود کەسێك کەوا دەرکەوێت کە ناکامە) لە کاتی ئەنجامدانی کردارێکی ئاشکرای سێکسی و هەروەها کرداری بڵاوکردنەوە یان بەرهەمهێنان یان دابەشکردن یان کڕین و فرۆشتن یان هاوردەکردنی وێنەی ئابڕووبەری ناکامێك لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە. بابەتی سێکسی منداڵان - ئەم دەستەواژەیە بەکارهاتووە لەم ڕەشنوسەدا بۆ وەسفکردنی ئەم پێشێلکارییانە - شێوازێکی مەترسیدارە لە شێوازەکانی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵ. سزای ئەم جۆرەی دوایی بریتیە لە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە دە ساڵ و غەرامەیەك کەمترنەبێت لە پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی.

ئەو دەقانەی کە خراپ بەکارهێنانی سێکسیی منداڵان، بە بابەتی سێکسی منداڵانیشەوە، بە تاوان دەناسێنن لە چەند یاسایەکی نێوخۆیدا ڕێکراونەتەوە[٣٧]. بەڵام ئەو دەقانە دانەڕێژراون بۆ چارەسەرکردنی بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ئەنتەرنێت وەکو ئامرازێکی سەرەکی بۆ ئەم چالاکیە تاوانییانە. لە ڕێگەی دەقی مادەی (١١)، ئەم ڕەشنوسەی یاساکە بەشێوەیەکی بەربڵاو بابەتی سێکسی منداڵان وەکو یەکێك لە شێوازەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی ئەنجامدراو دژ بە منداڵان قەدەغە دەکات، بەم پێیەش بنەمایەکی بەهێز فەراهەم دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی خراپ بەکارهێنان وخراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.

### تاوانەکانی هێرشکردنە سەر مافە کەسیەکان

مادەی (١٢) لە ڕەشنوسی یاساکە هەندێك کرداری دیاریکراو قەدەغە دەکات کە دەچنە چوارچێوەی دەستدرێژیکردنە سەر مافە کەسیەکانی تاك، لە ناویاندا:

- کرداری چاودێریکردن یان بێزارکردن یان شوێنکەوتنی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەبێ هیچ مافێک یان بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی تاکەکان بەبێ ڕێپێدان.
- بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئامێری کۆمپیوتەری کەسانی دیکە بەبێ هیچ مافێک یان ڕێپێدانێک.
- بەکارهێنانی کۆمپیوتەر یان تۆڕەکانی زانیاری بۆ ناوزڕاندن یان جنێودان بە تاکەکانی تر لە ڕێگەی دانەپاڵی وێنە و دەنگ و ئاماژە یا هەر شتێکی دیکە بەناواخنێکی ناوزڕێنەر یان سوکایەتی پێ کەرەوە بۆ کەسانی تر.
- کرداری ئیهانەکردن یان جنێوپێدان یان هاوبەشکردنی زانیاری لەو بارەیەوە لە ڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە.
- کرداری ناردن یان گواستنەوەی نامەیەك یان ڕووداوێك یاخود بەڵگەنامەیەکی ئەلیکترۆنی سەرەڕای ئاگاداربوون لە ناوەڕۆکەکەی کە هەڕەشەکردن یان بێزارکردن لەخۆدەگرێت لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەر یان تۆڕەکانی زانیارییەوە.
- کرداری هەڕەشەکردن و چاوسورکردنەوە لە کەسی دیکە لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەرەوە یان لە ڕێگەی تۆڕەکانی زانیارییەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك لە دژی کەسەکە، چ نێر یان مێ بێت، یان لە دژی خۆی یان ماڵ و سامانەکەی.
- کرداری بڵاوکردنەوەی ناواخنی وروژێنەری تایەفی یان نەتەوەیی یاخود ئاینی لە ڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە.

ژمارەیەك لەو کردارانەی کە پێشتر باسکراون دەکرێت شێوازی جۆراوجۆری توندوتیژی ئەلیکترۆنی پێکبهێنن کە دەکەونە ژێر پێناسەی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لە ناویاندا خراپ مامەڵەکردنی پشت بەستوو بە وێنە و هەڕەشەکردن و گێچەڵ پێکردن و گوتاری ڕق و کینە و ناوزڕاندن و هی دیکە. سزاکانی ئەم تاوانە حەپسکردن یان بەندکردن لەخۆدەگرن بۆ ماوەی بیست و چوار کاژمێر هەتا حەوت ساڵ و غەرامەیەك کە کەمتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دیناری عێراقی یان هەریەك لەو دوو سزایە.

٣٧. لە ناویاندا یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی وهاوڕەگەزخوازیی ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٨٨لە عێراق و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٨٨ لە هەرێمی کوردستان و یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨) ی ساڵ٢٠١٢ لە عێراق و ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستان.

## تاوانە ئەلکترۆنییە ڕێکخراوەکان

مادەی (١٠) ی ڕەشنوسی یاساکە دروستکردنی وێبسایت یان تۆڕ بۆ مەبەستی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە یان قاچاخچێتی بە مادەی هۆشبەرەوە بە تاوان دەناسێنێت. هەروەها هەندێک کرداری تریش لەخۆدەگرێت وەکو دروستکردنی وێبسایت یان تۆڕ بۆ ئاسانکاریکردن یان هاوکاری یان هاندانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ و بازرگانی مادەی هۆشبەر لە نێویاندا کرداری ئامادەکردنی گرێبەست یان دانوستاندن لە سەر ئەنجامدانی مامەڵەیەکی پەیوەندیدار بە بازرگانیکردن بە مرۆڤ. سزای ئەو تاوانانە بریتیە لە بەندکردن بۆ بیست ساڵ یان غەرامەیەك بە بڕی سی و پێنچ ملیۆن دیناری عێراقی. لە ڕێگەی بە تاوان ناساندنی ڕەهەندە دیجیتاڵییەکانی بازرگانیکردنی نایاسایی بە شێوەیەکی ڕوون و دانپێدانان بەوەی کە ئەم کردارانە دەکرێت لە ڕێگەی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە ئەنجام بدرێن یان ئاسانکاریان بۆ بکرێت، ڕەشنوسی یاساکە جەختدەکاتەوە لە سەر چارەسەرکردنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ وەك یەکێك لە شێوازەکانی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.

جۆرەکانی تری تاوانی ئەلکترۆنی کە باسکراوە لە ڕەشنوسی یاساکەدا، بریتیین لە تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی دەوڵەت و هێرش بۆ سەر بەڵگەنامەکان و ئیمزای ئەلکترۆنی و ساختەکردن و هەڵخەڵەتاندن و تاوانە پەیوەندیدارەکان بە پارەدانی ئەلکترۆنیەوە و تاوانەکانی پەیوەست بە موڵکایەتی هزرییەوە و تاوانەکانی تایبەت بە دابینکردنی زانیاری و تاوانەکانی دژ بە دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکان.

لە بارەی ڕێسا بابەتیەکان، ڕەشنوسی یاساکە چەندین جۆری گشتی ئەو تاوانانە دەست نیشاندەکات کە پەیوەستن بە توندوتیژی ئەلکترۆنیەوە. بەڵام زۆرێك لەو جۆرانە بە دەستەواژەی ناڕوون و فراوان پێناسە کراون، کە مەترسی ئەوە زیاد دەکەن کە ڕەنگە بەشێوەیەکی وا لێکبدرێنەوە کە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان سنوودار بکەن. بۆ نموونە، دەقە پەیوەندیدارەکان بە ئاسایشی نیشتمانی و تیرۆرەوە ڕەنگە کۆمەڵە دەسەڵاتێکی فراوانخوازانە ببەخشنە دەسەڵاتەکان کە ڕەنگە بۆ چاودێریکردنی چالاکییە ئەلکترۆنیەکانی هاوڵاتیان و لێپێچینەوەکردن لە تاکەکان بەکاربهێندرێت لە سەر دەربڕینی تێڕوانینی سیاسی جیاواز - کە سنوردارکردنێکی مەترسیدارە بۆ ماف و ئازادییەکانی تایبەت بە بیروبۆچوون و ڕادەربڕین و دەستڕاگەیشتن بە ئینەرنێتێکی بێ کۆت و بەند. جگە لەوەش هەندێك لەو سزایانەی کە دیاریکراون بۆ هەندێك تاوانی دیاریکراو ئێجگار قورسن و بو ڕەفتارە تاوانییانە پێویست و گونجاو نین[38]. ڕەشنوسی یاساکە هەروەها هەندێك دەسەڵاتی تەقدیریی بەرفراوان دەبەخشێتە دەسەڵاتی دادوەریی بۆ گونجاندن و جێبەجێکردنی یاساکە بە سەر هەلومەرج و ڕووداوەکانی هەر کەیسێکدا و دواتر دیاریکردنی سزاکان بۆیان. ئەم خەسڵەتانەش ئەگەری خراپ بەکارهێنان زیاد دەکەن.

### دەقە ڕێکارییەکان

ڕەشنوسی یاساکە هەندێك میکانیزم و ڕێوشوێن فەراهەم دەکات بۆ ئاسانکردنی کۆکردنەوەی بەڵگەکان و لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانە ئەلکترۆنیەکان کە لە مادەی (١٧) دا باسکراون. ئەم ڕێسایانە وا دارێژراون کە بگونجێن لە گەڵ سروشتی ئەلکترۆنی و خێرا گۆڕاوی تاوانە ئەلکترۆنیەکاندا. بەڵام بۆ ئەوە دانەڕێژراون کە وەڵامی توندوتیژی ئەلکترۆنی بدەنەوە بە تایبەتی بە هۆی نەبوونی ڕێبازی بە ناوەندکردنی ڕزگاربوو و میکانیزمەکانی پاراستن لە وەڵامدانەوەکاندا.

سەبارەت بە ڕێکاری خێرا بۆ پارێزگاریکردن لە داتاکان، ڕەشنوسەکە دەسەڵات دەبەخشێت بە دادوەری تایبەتمەند بۆ ئەوەی فەرمان بکات بە هەر لایەنێک لە سنووری شوێنی خۆیدا بۆ ئەوەی هەر داتایەکی کۆمپیوتەری دیاریکراو کە لە ژێر دەستی یان کۆنترۆڵی ئەو لایەنەدایە پێشکەشی بکات بۆ خەزنکردنی لە سیستەمێکی کۆمپیوتەری یان ناوەندێکی خەزنکردنی داتای کۆمپیوتەردا هەر کاتێك هۆکاری جدی هەبوو بۆئەوەی کە گومان بکرێت کە داتاکان لە بەردەم مەترسی لەدەستدان یان گۆڕانکاری بەسەرهاتن دان.

ڕەشنوسەکە دەق لە سەر ئەوە دەدات کە دادگای لێکۆڵینەوە یان دادگای بابەتی تایبەتمەند دەتوانێت فەرمان بکات کە دابینکەری خزمەتگوزارییەکە زانیارییەکانی بەشداربووان پێشکەش بکات ئەگەر ئەو زانیاریانە یارمەتیدەر بن لە دۆزینەوەی تاوان و دەرکەوتنی ڕاستیەکاندا. هەروەها دەگونجێت کە ئەم جۆرە فەرمانە بەکاربهێنرێت لە لایەن دادگای تایبەتمەند بۆ چاودێریکردنی سیستەم و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر گەر گومان هەبوو لە بوونی چالاکی تاوانێکی ئەلیکترۆنی بە مەرجێك ئەو کەسەی کە ئەم سیستەمە یا ئەم تۆڕەی لە ژێر دەستدایە ئاگادار بکرێتەوە سەبارەت بەو ڕێوشوێنانە و ماوەی چاودێریکردنەکە. ئەمە پێویستە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کەوا ئەو ڕێکارانەی کە دەگیرێنەبەر وەڵامێکی گونجاو بەرجەستە بکەن بۆ ئەو هەڕەشانەی کە هەن و مافەکانی کەسانی دیکە پێشێل نەکەن. سەرباری ئەوەش، دادگای تایبەتمەند دەتوانێ فەرمان بکات بە دەست بەسەرداگرتنی هەر کۆمپیوتەرێك یا بەشێکی یان فەرمان بکات بە گواستنەوەیان بۆ شوێنی لێکۆڵینەوەکردن و لەبەرگرتنەوەی ئەو داتایانە بۆ مەبەستەکانی لێکۆڵینەوە.

مادەی (١٨)ی ڕەشنوسی یاساکە ئەوە دیاری دەکات کە ناوەندێکی تایبەت دادەمەزرێنرێت بۆ تاوانی ئەلیکترۆنی و بەڵگەی ئەلیکترۆنی کە دواتر بە پێی پێڕەوێکی ناوخۆیی ڕێك دەخرێت. لە کاتێکدا ڕەشنوسی یاساکە سەنتەرێکی تایبەت دادەمەزرێنێت بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ تاوانی ئەلیکترۆنیدا بە گشتی، بەڵام هیچ زانیارییەکی تێدا نیە لەبارەی ئەو سەنتەرە و دەسەڵاتەکانیەوە کە پێویستە لەناو یاسادا ڕێك بخرێت نەوەك بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بسپێردرێت. بە لە بەرچاوگرتنی دەسەڵاتی چڕی ناوەندەکە بۆ دەستڕاگەیشتن بە سیستەم و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، ئەمە پێویستە لە نزیکەوە بە وردیی ڕێکبخرێت. لەوش زیاتر، ڕەشنوسەکە پەیوەندی نێوان ناوەندەکە ودەسەڵاتی دادوەری ڕێك ناخات و ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ئایا ناوەندەکە ئاژانسێکی جێبەجێکردنە یاخود لە ژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتی دادوەرییدا کاردەکات. ڕەشنوسی یاساکە هەندێ ڕێوشوێنی تاوانکاریی دیاریکراوی داهێناوە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ داتای ئەلیکترۆنیدا وە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانی ئەلیکترۆنی. پارێزگارییە پێشنیازکراوەکان ئەوە مسۆگەر دەکەن کە چاودێرییەکی کاریگەری سەرپەرشتیکردنی دادوەریی هەبێت -وە هەندێك هۆکاری ڕەوا هەبێت- بۆ ئەو جۆرە لە دەستێوەردان لە پێناو خۆلادان لە پێشێلکردنی مافەکانی لایەنی سێیەم.

بەڵام لەوە گرنگتر، ڕەشنوسی یاساکە هیچ دەقێك لەخۆناگرێت کە ڕزگابوو بکاتە چەقی وەڵامدانەوە بۆ چارەسەرکردنی بابەتە هەستیارەکانی وەکو توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. لەکاتێکدا کە ڕەشنوسی یاساکە تا ڕادەیەك چارەسەری لایەنە تاوانییەکانی خراپ مامەڵەکردنی ئەلیکترۆنی دەکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لەوەدا کە هەندێك ڕێکاری بنەڕەتی لەخۆبگرێت بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە زیانیان بەرکەوتووە، بەتایبەت ژنان و منداڵان. ئەم ڕەشنوسە لایەنی کەمترینی پاراستنەکان بۆ قوربانییان لەخۆ ناگرێت وەکو دەستڕاگەیشتن بە هاوکاریی یاسایی و پاڵپشتیدەروونی یا ڕێوشوێنەکانی سەلامەتی بۆ ئەوانەی کە کاریگەربوون بە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی. هەروەها ڕەشنوسی یاساکە دامەزراوەیەکی دروستنەکردووە کە خاوەن ژمارەیەکی پێویست بێت لە کەسانی شارەزا بۆ هەڵسەنگاندنی خۆشگوزەرانی جەستەیی و دەروونی ڕزگاربووان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆیان. هەروەها ڕەشنوسەکە نەیتوانیوە ئەوە مسۆگەر بکات کە قوربانییەکان دەتوانن دەستیان بگاتە ئەم خزمەتگوزارییانە بەبێ ئەوەی کە پێویست بێت کە سکاڵایەکی فەرمیی پێشکەش بکەن کە ڕەنگە هەندێك لە تاکەکان سارد بکاتەوە، بە تایبەت ژنان ومنداڵان، لە گەڕان بەدوای ئەو یارمەتییانەی کە پێویستن لە دوای ئەزموونکردنی خراپ مامەڵەکردن. جگە لەوە، ڕەشنوسەکە خاڵیە لە ڕێکارییە گونجاوەکانی تایبەت بە مسۆگەرکردنی ڕەزامەندی ڕزگاربووان و نهێنیپارێزیان لە هەموو قۆناغەکانی وەڵامدانەوەدا. ئەم کەلێن و بۆشییانەی باسکران توانای ڕەشنوسی یاساکە پەکدەخات لە چارەسەرکردنی تەواوی پێداویستیەکانی ڕزگاربووان و مسۆگەرکردنی ئەوەی کە مافەکان و خۆشگوزەرانییان پارێزراو دەبێت.

٣٨. بۆ نموونە، دەستڕاگەیشتنی نایاسایی بۆ وێبسایتێك سزای لەسەر دراوە بە حەپسکردن هەتا پێنج ساڵ و بە غەرامەیەك بەلای کەمەوە پێنج ملیۆن دیناری عێراقی بێت.

## ٥.٤ وەڵامدانەوە یاساییە هەرێمییەکان بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی

چەندین میتۆدی جۆراوجۆر پەسەندکراون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقیادا بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشە باوەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی، هەندێك وڵات یاسای سزاکانی خۆیانیان هەمواركردۆتەوە بۆ ئەوەی هەموو شێوازە ئەلیکترۆنی و نائەلیکترۆنیەکان لەخۆبگرێت. هەندێك وڵاتی تر وەك کوەیت و ئوردن و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو یاسای تایبەتیان داهێناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی. سەرەڕای ئەوەش، ئەم یاسایانە بە تایبەت سەرنجیان نەخستۆتە سەر توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، لە ناویاندا دژ بە منداڵان و ژنان، و بەشێوەیەکی گشتی بۆشایی هەیە لە چارەسەرکردنی هەموو لایەنەکانی وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر[٣٩]. جگە لەوەش چەندین چوارچێوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقیای باکوور ڕەخنەی لێ گیراوە بەوەی کە ئاسانکاری دەکەن بۆ سەرکوتکردنی مافە ئەلیکترۆنییەکان و بەو پێیەش جەخت دەکرێ لە سەر پێویستی هاوسەنگیکردن لەنێوان ڕێکخستنی ڕەفتارە ئەلیکترۆنیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زیان پێگەیاندن لە هەمان کاتیشدا پاراستنی ئازادییە بنەڕەتییەکان[٤٠].

وڵاتی کوەیتی دراوسێ، کە خاوەن کەلتوور و سیستەمێکی دادگەریی تاوانی هاوشیوەی عێراقە، ئەزموونی کاریگەرییە لێکدراوەکانی لاوازی لە وەڵامدانەوە بۆ توندوتیژیی و بەکارهێنانی بەربڵاوی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی کردووە. وەك ڕاهێنانێکی بەراوردکارییانە، ئەم شیکارییە ئەو میتۆدە هەڵدەسەنگێنێت کە کوەیت پێی وەرگرتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی، لە ناویاندا لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و دابینکردنی چەند پاراستنێکی پەیوەندیدار بە توندوتیژیی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. ئەمەش لە پێناو تیشك خستنەسەر کەموکورتییەکانی چوارچێوەکە و تێهەڵکێشکردنی باشترین پەیڕەوەکان و ئەزموونە تاقیکراوەکان لە پێشنیارەکانی کۆتایی ئەم شیکارییەدا.

لە پێش دەرکرنی یاسای ژمارە (٦٣) ی ساڵی٢٠١٥، لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، حکومەتی کوەیت دەقە گشتیەکانی یاسای سزاکانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٦٠ ی جێبەجێ دەکرد بەسەر تاوانەکانی ژینگەی دیجیتاڵیدا. بەڵام دەقە گشتیەکانی ناو یاسای سزاکانی کوەیتی گونجاو نەبوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانی ئەنجامدراو بە ئامێرە تەکنۆلۆژییە پێشکەوتووەکان و بۆ پاراستنی ئازادییەکان و شەرەف و ناوبانگی تاکەکان یان بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژیکردنە سەر متمانەی تایبەت و گشتی. ئەو کەموکورتییانە دەکرێت بۆ ئەو ڕاستییە بگەڕێنرێنەوە کە یاسای سزاکانی کوەیتی هەندێك پێناسە و دەستەواژەی بەرفراوان بەکاردەهێنێ کە ئەگەرێکی گەورەی خراپ بەکارهێنان لە کاتی جێبەجێکردندا دروست دەکات لە ژێر ڕۆشنایی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکاندا. هاوشێوەی عێراق، کوەیت ڕێکەوتننامەی وڵاتە عەرەبیەکانی مۆر کرد، ودوای پەسەندکردنی ڕێکەوتنامەکە یاسای ژمارە (٦٣) ی ساڵی ٢٠١٥ ی دەرکرد لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری.

### یاسای کوەیت ژمارە (٦٣) ی ساڵی٢٠١٥، لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری

یاساکە لە دوو بەش پێك هاتووە. بەشی یەکەم هەندێ پێناسەی تایبەت بە دەستەواژەکانی تەکنەلۆژیا ڕیزبەند دەکات لەناویاندا داتای ئەلیکترۆنی و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و سیستەمی زانیاری و وێبسایت و تاوانی ئەلیکترۆنی و چوونەژوورەوەی نایاسایی و ئیمزای ئەلیکترۆنی و بەدواداچوونی زانیاریی و و هەڵخەڵەتاندنی ئەلیکترۆنی. بەشی دووەم لەمادەکانی (٢-١٥) هەندێك دەق دیاری دەکات لە سەر تاوانە ئەلیکترۆنییە جۆراوجۆرەکان، لەناویاندا:

- چوونەژوورەوەی نایاسایی کۆمپیوتەرێك یا سیستەمەکانی، یاخود سیستەمی چارەسەری ئەلیکترۆنی داتاکان، یاخود تۆڕێکی زانیاری یا ئۆتۆماتیکی. ئەمە کۆمەڵێک کرداری تاوانی دەگرێتەوە وەکو دەستڕاگەیشتنی نایاسایی بە داتاکان یان هەڵوەشاندنەوە یان سڕینەوە یان وێرانکردنی یا درکاندنی یا گۆڕینی یا دووبارە لەبەرگرتنەوەی ئەو داتایانە. تاوانەکان سزاکانیان توندتر دەبن ئەگەر هێرشکردن لە سەر زانیاری تایبەت و داتای کەسی تاکەکان ئەنجام بدرێت. یاساکە بە دۆخی توندکردنەوەی سزاکەی دادەنێت گەر ئەنجامدەرەکە فەرمانبەرێکی میری بێت کە ئەم جۆرە کردارانە لە کاتی کارکردنەکەیدا یا بۆ جێبەجێکردنی کارە فەرمییەکانی بێت.
- چوونەژوورەوەی نایاسایی زانیارییە نهێنیەکانی حکومەت لەناویاندا هێرشکردنە سەر سیستەمە بانکییەکان و داتاکانیان.
- ساختەکردنی بەڵگەنامەیەک یان سیستەمێکی کۆمپیوتەر یا سیستەمی ئەلیکترۆنی یاخود تێکدانیان لە ڕێگەی دروستکردن یا گۆڕین یا هەموارکردنەوەی زانیاری بەهەر ئامێرێك بێت.
- بەکارهێنانی تۆڕی زانیاری یان هەر ئامێرێکی دیکەی تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ هەڕەشەکردن یا چاوسورکردنەوە لە کەسێکی سروشتی یا مەعنەوی بۆ ئەوەی ئەو کەسە ناچار بکرێت کە کارێکی دیاریکراو بکات یا دوورکەوێتەوە لە ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو. ئەگەر هەڕەشەکە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك بێت لە دژی شکۆ یا شەرەفی یان هەیبەت یان ناوبانگی کەسەکە بێت ئەوا بە دۆخێکی قورسکەری سزا دادەنرێت.
- گوێگرتن یان لەبەرگرتنەوە یان ڕێگرلێکردنی بە ئەنقەست لە بابەتێکی پەخشکراو بە تۆڕەکانی زانیاری یا هەر ئامێرێکی تری پەیوەندی کردن بەبێ هیچ مافێک. ئەگەر ناوەڕۆکی بابەتە پەخشکراوەکە بدرکێنرێت و ئاشکرا بکرێت، ئەوە بە دۆخی قورسکەری سزاکە دادەنرێت.
- دروستکردنی یا بەکارهێنانی وێبسایتەکان یا بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە بۆ پەرەپێدان بە بازرگانیکردن بەمرۆڤ یا مادەی هۆشبەری نایاسایی.
- دروستکردنی یان بەکارهێنانی وێبسایتەکان یان بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە بۆ برەودان بە تیرۆریزم لە ڕێگەی ڕێکخراوێکەوە یان تاکەکەسێکەوە.

٣٩. توندوتیژی دژ بەژنان لە پانتایی ئەلیکترۆنیدا (ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢١).

٤٠. پێویستە بە باشی تێبینی بکرێت کە ئوردن یاسای تاوانی ئەلیکترۆنی ژمارە (٧) دەرکردووە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر توندوتیژیی ئەلیکترۆنی و بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنیدا بەڵام یاساکە خراپ بەکارهێنرێت بۆ کۆتوبەندکردنی گەورەی ئازادی ڕادەربڕین و لێپێچینەوە لە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران و ئەوانی تر کە ڕەخنەیان لەسیاسەتەکانی حکومەت گرتووە،کە ئەمە بۆتە هۆی داواکردنی هەڵوەشاندنەوە یا لانی کەم هەموارکردنی یاساکە. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی یاسای سەرەکی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٢ دەرکردووە، کە دواتر هەمواركراوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و مامەڵەکردن لە گەڵ بەکارهێنانی بەربڵاوی ئەنتەرنێت کە ڕێی خۆش کرد بۆ دانانی یاسای نوێی تاوانی ئەلیکترۆنی ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٢١. هەرچەندە هاوئاواز کراوە لەگەڵ یاسای پاراستنی داتای ئەلیکترۆنی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئەوەی باشتر چالاکیە ئەلیکترۆنیەکان و داتا کەسیەکان ڕێك بخات و بیانپارێزێت بەڵام ئەم یاسایە هەندیك دەق تیایە کە قسەکردن وناواخنی ئەلیکترۆنی یاساغ دەکات بەسیفەتی ئەوەی کە تاوانن لە ژێر ناونیشانی هەندێك دەستەواژەی نارۆون و فراواندا و بەم پێیەش مەترسی خراپ بەکارهێنانی یاساکە زیاتر دەبێت بۆ بێ دەنگکردنی ڕای جیاواز و سنووردارکردنی ئازادی دەربڕین.

ئەگەر قوربانی هەریەك لەو كردارانەی كە لە سەرەوە باس كران كەسێكی ناكام یا كەسێك بێت كە لە ڕووی یاساییەوە بە كامڵ دانانرێت یاخود كەسێك بێت كە خراپ بەكارهێنرابێت بە هەر شێوازێك، ئەوە بە دۆخی قورسكەری سزا دادەنرێت.

یاسای ژمارە (٦٣)ی ساڵی ٢٠١٥ ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەكانی تەكنەلۆژیای زانیاری بە شێوەیەكی گشتی تاوانە ئەلیكترۆنیەكان ڕێك دەخەن بە هەموو شێوازەكانیەوە. هەرچەندە ئەم چوارچێوەیە چەند دەقێكی ئاشكرا لەخۆناگرێت لە سەر توندوتیژیی لە سەر بنەمای جۆری كۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە و خراپ بەكارهێنان و خراپ مامەڵەكردنی سێكسیی منداڵان لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە، بەڵام هەندێك هەڵسوكەوتی ئەلیكترۆنی بە تاوان دەناسێنێت كە دەكەونە چوارچێوەی ئەم تاوانەوە لە ناویاندا هاككردن، دەستڕاگەیشتنی نایاسایی بە زانیاری كەسی یا تایبەت لە سەر كۆمپیوتەر و سیستەمەكان و هەڕەشەكردن و چاوسوركردنەوە و خراپ بەكارهێنانی منداڵ و چالاكییەكانی بازرگانیكردن بە مرۆڤ و...هی تر. بۆ گەڵاڵەكردنی وەڵامدانەوەیەكی بەهێزتر بۆ توندوتیژیی ئەلیكترۆنی دژ بە ژنان و منداڵان، ئەم یاسایە دەبێت وەكو تەواوكەر سەیر بكرێت لە گەڵ پاراستنە پەیوەندیدارەكانی دیكە وەكو یاسای توندوتیژیی خێزانی كوەیتی ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٢٠ و یاسای كوەیتی مافەكانی منداڵ ژمارە (٢١) یساڵی ٢٠١٥ كە ئەمەی دواییان بەتایبەتی بەكارهێنانی منداڵان بۆ مەبەستە سێكسییەكان لە ڕێگەی ئامرازەكانی پەیوەندیكردنی مۆدێرنەوە بە تاوان دەناسێنێت كە هاوردەكردنی یا هەناردەكردنی یاخود بەرهەمهێنانی یا ئامادەكردنی یان دابەشكردنی بابەتە سێكسییەكانی منداڵ دەگرێتەوە یان ئەوانەی پەیوەندیدارن بە خراپ بەكارهێنانی سێكسی منداڵانەوە- كە شێوازە سەرەكییەكەی خراپ بەكارهێنان و خراپ مامەڵكردنی سێكسی منداڵە لە ڕێگەی  تەكنەلۆژیاوە.

لە لایەكی ترەوە یاسای ژمارە (٦٣) ی ساڵی ٢٠١٥ ی كوەیتی زۆر وردترە لە دەستەواژەكانیدا لەو یاسا و ڕەشنوسە یاساییانەی كە لە عێراقدا بوونیان هەیە لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیكترۆنیەكان. سزا دەقبەندكراوەكان لە یاسای كوەیتیدا سووكتر و گونجاوترە لەوانەی كە لە ڕەشنوسەكەی یاسای عێراقیدا هاتوون و دەسەڵاتی دادوەریی دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی فراوانی پێ نەدراوە بۆ لێپێچینەوە و دیاریكردنی سزا لە نێوان كۆمەڵێک بژاردەی مەودا فراوان. بۆ نموونە سزای ڕێگریلێكردنی نایاسایی لەڕەشنوسی یاسای عێراقیدا لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیكترۆنیەكان حەپسكردنە كە كەمتر نەبێت لە ساڵێك لەگەڵ بەرزترین ماوەیدا كە دەستنیشان نەكراوە و غەرامەیەك كە كەمتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دیناری عێراقی (یاخود نزیكەی ٣,٨٢٠ دۆلاری ئەمریكی) لەگەڵ بەرزترین بڕێكدا كە دیاری نەكراوە یان یەكێك لەو سزایانە. لەیاسای كوەیتی ژمارە (٦٣) ی ساڵی ٢٠١٥ دا سزای هەمان ڕەفتار بریتیە لە ماوەیەكی حەپسكردن كە زیاتر نەبێت لە شەش مانگ (كەمترینەكەی دەكرێت ٢٤ كاژێر بێت) و غەرامەیەك كە كەمتر نەبێت لە پێنج سەد دیناری كوەیتی و زیاتر نەبێ لە هەزار دیناری كوەیتی (لە نێوان ١,٦٣٧ بۆ ٣,٢٧٤ دۆلاری ئەمەریكیدا)[٤١].

خاڵێكی گرنگ ئەوەیە كە یاساكە ڕاسپاردەی یاسایی دەدات بە فەرمانگەی تاوانە ئەلیكترۆنی و سایبەرییەكان لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیكترۆنی و سایبەرییەكان وە ئەم دامەزراوەیەش لە نزیكەوە كار دەكات لە گەڵ فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیكردن بە مرۆڤ. ئەم فەرمانگەیە - كە تیایدا كە هەردوو میكانیزمی ئونڵاین و سەردانیكردنی دەمەزراوە بۆ ئاسانكردنی هەواڵدان لە سەر ڕووداوەكانی تاوانە ئەلیكترۆنیەكان- بە پیی یاسا دەسەڵاتی پێدراوە بۆ ئەنجامدانی كۆكردنەوەی بەڵگە و لێكۆڵینەوەكردن لە گەڵ بایەخ پێدانێكی ئاست بەرزدا بە ڕێكار و ڕێوشوینەكانی پاراستن. هەروەها فەرمانگەكە كاردەكات لە سەر بونیادنانی شارەزایی و تەرخانكردنی سەرچاوەی پەیوەندیدار بە تەكنەلۆژیا و ئەنجامدانی كەمپینی هۆشیاركردنەوە[٤٢] بە تایبەت ئەوانەی ئاراستەی منداڵان ئەكرێن.

سەرەڕای ئەوەش، هاوشێوەی ڕەشنوسەكەی یاسای عێراقی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیكترۆنیەكان، یاسای ژمارە (٦٣) كوەیتیش بۆ ساڵی ٢٠١٥ هیچ دەقێكی تیا نیە كە ڕزگاربووان بكاتە ناوەندی وەڵامدانەوە بۆ چارەسەركردنی پێداویستیە گرنگەكان و دابین كردنی پاراستنەكان بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی ئەلیكترۆنی. لەوەش زیاتر، هەردوو چوارچێوەی عێراقی و كوەیتیش نەیانتوانیوە هەندێك دەق لەخۆبگرن لە سەر میكانیزمی لێكۆڵینەوە بۆ كۆمپانیاكانی پەیوەندیكردن بۆ ئەوەی كە ئامرازەكانی پەیوەندیكردن ڕێك بخەن كە بە شێوەیەكی كاریگەر بەرەنگاریی توندوتیژی ببنەوە و پەرەبدەن بەدەستپڕاگەیشتنێكی ئارامی ئەنتەرنێت. یاسای كوەیتی ژمارە (٦٣) ی ساڵی ٢٠١٥ ش هەروەها نەیتوانیوە كە هەندێ ڕێوشوێنی پارێزگاری گونجاو لەخۆ بگرێت سەبارەت بە كۆكردنەوە و خێرا پاراستنی داتاكان بۆ خۆلادان لە دەستدرێژی كردنە سەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەكان.

# ٦. دامەزراوەکان لە عێراق وهەرێمی کوردستان

لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا توندوتیژیی ئەلیكترۆنی بە شێوەیەكی گشتی و لە ناویاندا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری كۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە و خراپ بەكارهێنان و خراپ مامەڵەكردنی سێكسیی منداڵان لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە لە چوارچێوەیەكی گشتگیر و ڕوون و تۆكمەی یاساییدا ڕێك نەخراوە. هەر بۆیە هیچ دامەزراوەیەك بە ڕێپێدانێكی یاسایی ڕوونەوە بوونی نیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانە. لە كاتێكدا ژمارەیەك یاسای گشتی و تایبەت چەند ڕەفتارێكی دیاریكراو بە تاوان دەناسێنن كە دەگەنە ئاستی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری كۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەكنەلۆژیاوە یان خراپ بەكارهێنان و خراپ مامەڵەكردنی سێكسیی منداڵان لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە، بەڵام ئەو دامەزراوانەی كە كار لە سەر ئەم توندوتیژیانە دەكەن بەپێی لێكدانەوەی دادگاكان بۆ دیاریكردنی ئەو یاسایەی كە لە سەر هەلومەرجی كەیسەكە جێبەجێدەبێت گۆڕانكاری بە سەردا دێت[٤٣].

لە واقیعدا، ژمارەیەكی كەم دامەزراوەی پەیوەندیدار هەن كە بە شێوازێک لە شێوازەكان كار دەكەن بۆ چارەسەركردنی توندوتیژی ئەلیكترۆنی لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا بەڵام زۆربەی كات ئەو دامەزراوانە نە تایبەتمەندن بە بواری توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری كۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە یان خراپ بەكارهێنان و خراپ مامەڵەكردنی سێكسیی منداڵان لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە وە نە بە شێوەیەكی ڕوون لە لایەن یاساوە ڕێپێپێدانیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانانە. ئەم بەشە شیكارییەكی كورت فەراهەم دەكات لە سەر هەندێك دامەزراوەی دیاریكراو كە بەشدارن لە بەرجەستەكردنی وەڵامدانەوەكاندا بۆ تاوانە ئەلیكترۆنییەكان و ئەو ئاڵنگارییانە دیاریدەكات كە ڕووبەڕووی ئەو دامەزراوانە دەبنەوە لە سایەی نەبوونی چوارچێوەیەكی یاسایی گشتگیردا.

٤١. بەپێی داتاكانی بانكی نێودەوڵەتی، بەرهەمی گشتی نەتەوەیی (GDP) بۆ تاک لە عێراقدا بریتیە لە (٦,٠٧٤ دۆلاری ئەمریكی) و بۆ كوەیتیش بریتیە لە (٣٢,٢١٤ دۆلاری ئەمریكی).

٤٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وێبسایتی فەرمانگەی تاوانە ئەلیكترۆنی و سایبەرییەكانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی كوەیت.

٤٣. بۆ نموونە، ئەگەر پێشێلكارییەك پۆلێن بكرێت یا وە وەسف بكرێت لە لایەن دادوەرەوە بەوەی كە دەكەوێتە ژێر یاسای سزاكانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ یان ئەكەوێتە ژێر یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندیكردن ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ (بەركار لە هەرێمی كوردستان دا) كە هیچ دامەزراوەیەكی تری دەستنیشان نەكراوە بۆ كاركردن لە سەر ئەو جۆرە كەیسانە، ئەوا پۆلیس دەسەڵاتی ئەوەی هەیە كە مامەڵە لەگەڵ كەیسەكەدا بكات. بەڵام ئەگەر پێشێلكارییەكە بكەوێتە ژێر یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیكردن بەمرۆڤە ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠١٢ (ی هەرێمی كوردستان) وە یاخود یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ ی عێراق و ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٨ی هەرێمی كوردستانەوە ئەوا بەڕێوەبەرایەتیە تایبەتمەندەكانی بەرپرس لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێكخراوەكان یا تایبەت بە توندوتیژی خێزانی بە پێی یاسا دەسەڵاتیان هەیە بۆ وەڵامدانەوە. لە ڕووی ڕێكارەكانی وەڵامدانەوەوە، هەریەك لەو دامەزراوانەی سەرەوە بە گشتی كار بە ئەحكامەكانی یاسای ڕێكاری دادگاییكردنی جەزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ دەكات.

## ٦.١ کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن دامەزراوەیەکی فیدراڵی سەربەخۆیە پەیوەندیدار بە ڕێکخستنی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنەوە لە عێراقدا لە ژێر فەرمانی جێبەجێکاری ژمارە (٦٥) ی ساڵی ٢٠٠٤ دا و بە پێی مادەی (١٠٣/أ) ی دەستووری عێراقیدا. ئەرکی ئەم کۆمسیۆنە بریتیە لە ڕێکخستن و پێشخستنی کەرتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لە عێراقدا بە هاوتەریبی لە گەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیە مۆدێرنەکاندا. حکومەتی عێراق بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێ بۆ پێشخستنی سیاسەتە ستراتیجییەکان لە بارەی پەیوەندییەکانەوە و کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنیان.

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن ئەم دەسەڵاتانەی لای خوارە پەیڕەوە دەکات:

- ڕێکخستنی پەخش کردن و تۆڕەکانی پەیوەندییکردن وخزمەتگوزارییەکانی تر، لەناویاندا بەخشینی مۆڵەت و دانانی نرخ و پێکەوەبەستنەوەی ناوخۆیی و دەستنیشانکردنی مەرجە بنەڕەتیەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی.
- پلاندانان و هەماهەنگی کردن و دابەشکردن و دیاریکردنی لەرینەوەی پەخشکردن.ڕێکخستنی شیوازی ڕاگەیاندن و پێشخستنی میکانیزمەکانی ڕاگەیاندن.
- دامەزراندن و پێشخستن و بەهێزکردنەکانی ڕێکخستنەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بە هەڵبژاردن.
- پاڵپشتیکردن و هاندانی بونیادنانی توانای پیشەیی پەیوەست بە ڕاگەیاندن و هەروەها پەسەندکردنی ڕێنماییەکانی ڕەفتاری پیشەیی لە ڕاگەیاندندا.
- پێشخستن و بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن و هەوەها پێشنیارکردنی یاساکان بۆ حکومەت و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان لەم بارەیەوە.

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەیە بۆ ڕێگری کردن لە توندوتیژی ئەلیکترۆنی و وەڵامدانەوەی، لەناویاندا لە ڕێگەی بەهێزکردنی لێپرسینەوەوە لە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و چاودێری کردنی جێبەجێکردنی کۆدە پیشەیی و ئاکارییەکانەوە. لە ڕاستیدا ئەم کۆمیسیۆنە هەندێك ئاڵەنگاری قورسی لە پێشدایە لە ڕووی هاوسەنگیکردن لەنێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکاندا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا. بۆ نموونە، لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٣ دا وێنەیەکی دزەپێکراوی ڕەشنوسی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندنی تایبەت بە ناواخنی دیجیتاڵی بەقورسی کەوتە بەر ڕەخنە بەهۆی کۆتوبەندکردنیەوە بۆ ئازادی ڕادەربڕین و ئازادیە پەیوەندیدارەکانی دیکە کە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا دەقیان لە سەر هاتووە. وە هەروەها بە هۆی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی کۆمیسۆنەکە لە سەر حسابی دەسەڵاتی یاسادانان ئەمەش لە ڕێگەی بە تاوان ناساندنی ڕەفتارە تاوانییەکان و دیاریکردنی سزا بۆیان[٤٤]. جگە لەوەش لە کاتێکدا کۆمیسیۆن دەسەڵاتێکی فیدراڵییە و دەسەڵاتێکی سەراپاگیری وڵاتی هەیە ئەم دەزگایە دوچاری هەندێك ئاڵەنگاریی بۆتەوە لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکاندا[٤٥]. بۆ پاڵپشتیکردنی بەجێگەیاندنی سەراپاگیر پێویستە کۆمیسۆنەکە کاربکات بۆ زیادکردنی هەماهەنگی لە نێوان هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکاندا و بۆ بەهێزکردنی هاوکاریی لە نێوان حکومەتە نیشتمانی و هەرێمییەکاندا.

## ٦.٢ وەزارەتی ناوخۆ لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا

وەزارەتی ناوخۆ لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی تایبەت ئاژانسێکی دیاریکراویان نیە کە بە پێی یاسایەک ڕێگەیان پێ بدات بۆ بەرەنگاربوونەوە و وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە نێویاندا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕیگەی تەکنەلۆژیاوە. لە سایەی نەبوونی دەزگایەکی ڕاسپێردراو وەکو پێویست ئەوا لایەنی پۆلیس و دادگاکانی لێکۆڵینەوە بەرپرسن لە ئەنجامدانی کۆکرنەوەی بەڵگە و لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی. بەهەرحاڵ بە لە بەرچاوگرتنی سروشتی ئاڵۆزی ئەو تاوانانە بە تایبەت لە ڕووی بەڵگەی نا مادی و سروشتی خێرا گۆڕاوی ئەم بەڵگانە لە ناو پانتایی ئەلیکترۆنیدا، پێویستە حکومەت سەرچاوەی مرۆیی و تەکنیکی گونجاو تەرخان بکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەو دامەزراوانەی کە بەرەنگاری ئەو تاوانانە دەبنەوە توانا و شارەزایی پێویستیان لە بەردەست بێت لە پێناو بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان بە کارامەیی و بەشیوەیەکی کاریگەر. دەستنیشانکردنیان و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ ئەو دامەزراوەییەی کە بە پێی یاسا ڕاسپێردراوە بۆ سەرکردایەتیکردنی وەڵامدانەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی کلیلی بەرنگاربوونەوەی ئەم جۆرە تاوانەیە چونکە لەم ڕێگەیەوە ژینگەیەکی ئارام و سەلامەتی ئونلاین دێتە ئاراوە و ماف و ئازادییە کەسییەکان دەپارێزرێن بەبێ بوونی هیچ دەستدریەک لە سەریان.

لە ڕووی پراکتیکەوە، دامەزراندنی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتمەندی دەسەڵاتپێدراو بە پێی یاسا لە ژێر چەتری وەزارەتی ناوخۆدا سەلمێنراوە کە میتۆدێکی سەرکەتووبووە بۆ زیادکردنی توانای حکومەت بۆ چارەسەرکردنی دیاردە ئاڵۆزەکانی توندوتیژی. بۆ نموونە، لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە ڕێگەی بەدامەزراوەییکردنی وەڵامەکانەوە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ و توندوتیژی خێزانی بەهێزترکردووە. ئەو بەڕێوەبەرایەتیە تایبەتمەندانە پاڵپشتی کراون و توانادارکراون لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە سەر بنەمای پێوەرە نیشتمانی و نێودەوڵەتیە دانپێدانراوەکان.

بە پێچەوانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بە پێی یاسا ڕاسپردراون، ئەو دامەزراوانەی تر کە بە ڕێنمایی جێبەجێکاری یان ڕێنمایی ناوخۆیی دادەمەزرێن لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدا لە ناویاندا ئەوانەی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی دامەزراون وەکو یەکەی بەرنگاربوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی لە حکومەتی عێراق زۆربەی کات دەسەڵاتێکی سنورداری پێدەدرێت لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا وە هەروەها دەبینکردنی ژمارەیەکی کەم لە خزمەتگوزاری لە توانایاندا هەیە و لە بەر کەمی سەرچاوەی تەکنیکی و لۆجستی. ئەم شێوازەی کارکردن کۆسپ دروست دەکات لە بەردەم گەڵاڵەکردنی وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر بۆ لابردنی مەترسیەکان. ئەم شیکارییە چەن نموونەیەك فەراهەم دەکات بۆ هەردوو میتۆدەکە.

---

٤٤. پرۆفایل: کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن (پەیمانگای واشنگتۆن، ساڵی ٢٠٢٣).

٤٥. لە مانگی ئازار (٣) ی ساڵی ٢٠٢٤ دا دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاری ژمارە (٣٢٥ و ٣٣١/٢٠٢٣)ی دەرکرد بۆ دەسەڵاتپێدان و ڕێپێدان بە کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندن و وەزارەتی گواستنەوە بۆ داخستنی هەموو سایتەکانی کە برەو بە بابەتی سێکسی دەدەن، کەوا گریمانە ئەکرێت کە بابەتەکانی خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵانیش بگرێتەوە بە هاوبەشی کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا و دابینکەرانی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت، بەڵام هەتا ئێستا چەندین کۆمپانیا پابەند نەبوون.

### ٦.٢.١ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ لە عێراقدا

لە هەرێمی کوردستاندا، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان بە پێی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٨ و ڕێنماییە بەرکارەکان دامەزراوە بۆ وەڵامدانەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە هەموو شێوازەکانیەوە. لە سەر ئاستی فیدراڵیدا، لە کاتێکدا لیژنەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دامەزرێنراوە بە پێی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە ( ٢٨) ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ پەرەپێدانی پلان و پرۆگرامەکان و پێشکەشکردنی پێشنیار و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکە و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لە بارەی پێشکەوتنەکانەوە لە کەمکردنەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەرپرسیارێتیە هەمەجۆرەکانی تر. بەڵام لیژنەکە دەسەڵاتی یاخود ڕێپێدانی یاسایی نیە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە کەیسەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. لە سایەی نەبوونی ئەم ڕێپێدانەدا، وەڵامدانەوەی کەیسەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ یان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە دەبێت کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە دامەزرێنراوە یا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس لەو پارێزگایانەی کە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی بازرگانیکردن بەمرۆڤی تێدا نیە.

شتێکی گونجاوە کە هەندێك شێوازی ناسراوی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی وەکو ئەوانەی پەیوەندیدارن بە خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیەوە بخرێنە چوارچێوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ و لە لایەن ئەم بەڕێوەبەراییەتیانە کاریان لە سەربکرێت ئەگەر ڕەگەزە سەرەکیەکانی پێناسەی بازرگانیکردن بە مرۆڤی تێدا بەدی بێت[٤٦]. بەڵام لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە چوارچێوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤدا، بەڕێوەبەرایەتیە تایبەتمەندەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی چەندین لەمپەری یاسایی و پراکتیکی دەبنەوە کە پێویستە چارەسەر بکرێن. یاسا بەرکارەکانی ئەم بوارە پیویستە بە ڕوونی باسی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لەخۆبگرن و دەسەڵات بدەنە دامەزراوە شیاوەکان بۆ کارکردن لە سەر هەموو لایەنەکانی وەڵامدانەوە و دڵنیایی بدەن لە مسۆگەرکردنی سەرچاوەی مرۆیی و شارەزایی بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم کەیسانە بە شێوەیەکی کاریگەر. هەروەها ئەم چوارچێوانە پێویستە هەندێك ڕێکاری تایبەت لەخۆبگرن بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەکردن و بەڕێوەبردنی بەڵگەی ئەلیکترۆنی. چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە چوارچێوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ هەماهەنگیەکی نزیك دەخوازێ لە نێوان دامەزراوە هەرێمی و هاوتا فیدراڵیەکانیاندا و لە گەڵ دەسەڵاتی دادروەری و لایەنەکانی دیکەی جێبەجێکردنی یاسا و کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن و ڕێکخراوە ناحکومیەکان وە هەروەها هەماهەنگییەکی کاریگەر دەخوازێت بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن بە هاوبەشی لە گەڵ وڵاتانی تر و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوانی (ئێنتەرپوڵ).

### ٦.٢.٢ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی خێزان و منداڵان لە توندوتیژی خێزانی لە عێراقدا

لە هەرێمی کوردستاندا، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان بە پێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠١١ دەسەڵاتی پێ دراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەرپرسە لە لێکۆڵینەوەکردن لە کەیسەکان و فەراهەم کردنی یارمەتی و پاراستن بۆ ڕزگاربووان. بەڵام چوارچێوەی ئەرکەکەی تەنها پەیوەندیدارە بەتاوانە ئەنجامدراوەکانەوە لە لایەن ئەندامانی خێزانەوە لە ناو خێزاندا (ئەوانەی کە پەیوەندی خزمایەتی هەتا وەکو پلە چوار یا هاوسەرگیریی دەیان بەستێتەوە یان ئەوانەی کە بە بەشێك لە خێزان دادەنرێن بە پێی یاسا). لە ئەنجامدا، توندوتیژیی دژ بە ژنان و منداڵان کاتێك دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بۆ کار کردن لە سەریان تەنها ئەگەر ئەم تاوانە لەچوارچێوەی خێزاندا ڕوودەن.

وەك یەکەیەکی تایبەتمەند، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان ڕەنگە لە پێگەیەکی باشتردا بێت بۆ کارکردن لە سەر کەیسەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی. بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەك، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە جێبەجێکردنی یاسادا بۆ وەڵامدانەوەی کەیسەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و منداڵان و لێکۆڵینەوەکردن لە کەیسەکان بۆ پاراستنی ڕزگاربووان. لە ڕووی توانای مرۆیی و تەکنیکیەوە، ئەم دەزگایە چەندین ئەفسەر و کارمەندی لێهاتویی لە بەردەستە - لەناویاندا بەرپرسە حکومیەکان و ئەفسەر و پۆلیس و فەرمانبەری کۆمەڵایەتی و یاسایی هتد، کە زۆربەیان ڕاهێنانی تایبەت و بونیادنانی تواناکانیان وەرگرتووە لە سەر بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و منداڵان و هەروەها لە سەر ڕێبازی بە ناوەندکردنی ڕزگاربوو و ڕێبازی پشتبەستوو بە مافەکانی مرۆڤ. هەروەها ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کاری زۆریکرووە لە فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنی تاکەکان بە خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی هێڵێکی گەرم و بەشداربوونی چالاکی لە کەمپینەکانی بەرزکردنەوەی هوشیاریدا. سەرباری ئەوەش دەکرێت کە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لە ژێر سەرپەرشتی داواکاری گشتی و دادگادا یارمەتیدەر بن بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنێکی گەورەتر بۆ مافە کەسیەکانی وەکو ئازادی ڕادەربڕین و بەکارهێنانی بێ کۆت وبەندی ئەنترنێت لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا.

بە شێوەیەکی بەرچاو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان سەرەنجی خۆی فراوان کردووە، وەك پێویستیەك لە ئێستادا، بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ توندوتیژی ئەلیکترۆنی و حاڵەتەکانی. لە کاتێکدا ئەمە پێشکەوتنێکی زۆر گرنگە و ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بەباشی شیاوە بۆ وەڵامدانەوە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە ڕێپێدانێکی ڕوون و ئاشکرای نیە بۆ وەڵامدانەوەی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕیگەی تەکنەلۆژیاوە و یان بۆ هەر کردارێکی تری توندوتیژی کە لە دەرەوەی خێزاندا ڕوودەدەن. بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو هەروەها پێویستی بەبونیادنانی لێهاتوویی و توانا و شارەزایی زیاتر هەیە لە سەر تاوانە ئاسانکراوەکان بە تەکنەلۆژیا و لێکۆڵینەوەکردن لە سەریان لە پێناو بەهێزکردنی ئەو ژێرخان و ئەزموونەی کە هەیەتی لە چارەسەرکردنی شێوازەکانی توندتیژیدا. هەروەها پێویستی بە بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاوکاریی هەیە لە نێوان سێکتەرەکاندا بۆ پاڵپشتیکردنی وەڵامدانەوەیەکی گشتگیر. هەربۆیە، بۆ چارەسەرکردنی تاوانی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی کاریگەر، پێویستە سنوری ڕاسپاردەکەی فراوانتر بکرێت و پاڵپشتی زیاتر بکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ڕووی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی و یارمەتی هونەری وە هەروەها دەسەڵاتی پێبدرێت بۆ کۆکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

لە سەر ئاستی فیدراڵی، وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی خێزان و منداڵان لە توندوتیژی خێزانی دامەزراند کە شازدە ئۆفیسی هەیە لە شارە سەرەکییەکان لە عێراقدا و بەرپرسە لەوەرگرتنی سکاڵاکان و فەراهەمکردنی زانیاری بۆ ژنان و منداڵانی ڕزگاربووی توندوتیژیی خێزانی. بەڵام لەسایەی نەبوونی یاسایەکی فیدراڵیدا لە سەر توندوتیژیی خێزانی، ئەوا بەشەکە دەسەڵاتی یاسایی نیە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەو جۆرە تاوانانە. هەروەها ئەم بەشە سەرچاوەی گونجاو و توانای هونەریی نیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی لە دەرەوەی خێزاندا، لە ناویاندا توندوتیژیی ئەلیکترۆنی.

---

٤٦. لە مۆدێلی وڵاتانی تردا، لە پێناو وەڵامدانەوەی هەندێك شێوازی دیاریکراوی خراپ بەکارهێنانی سێکسیی ئەلیکترۆنی وەکو خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، دامەزراندنی یەکەیەکی تایبەتمەند بە ڕاسپاردەیەکی دیاریکراوەوە یەکێکە لە بەهێزترین ئامرازەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە. بۆ نموونە، حکومەتی ئوردن، پێشکەوتنی خێرای بەدی هێناوە لە وەڵامدانەوەی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە یەکەی قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی سێکسیی منداڵان بە ئۆنلاین دروستکردووە کە لە ژێر سەرپەرشتی بەشی پاراستنی نەوجەوانان و خێزان کار دەکات و بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکەی دژە تاوانی ئەلیکترۆنی و یەکەی دژە بازرگانکردن بەمرۆڤەوە. یەکەکە هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ (ئینتەرپۆڵ) یشدا دەکات بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی ئەنجامدارانی تاوان.

## ٦.٣ وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق وهەرێمی کوردستاندا

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی پێ دراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان کە هەندێک پابەندییەکان لەخۆدەگرێ بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ گروپە لاوازەکان وەکو ژنان و منداڵان و بەساڵاچووان وە پەرەپێدانی سیاسەت و ستراتیجەکان بۆ بەهێزکردنی پاراستن و چاودێریکردنی ئەو گروپانە. تەنانەت لە سایەی نەبوونی یاسایەکی گشتگیردا، ژنان ومنداڵانی گرفتار بە دەست شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی، چ ئەلیکترۆنی یا نا ئەلیکترۆنی بن، دەکرێ کە بتوانن دەستیان بگاتە پاڵپشتیکردنە سەرەکیەکان بە پێی سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان.

بەڵام زۆرێك لە لایەنە سەرەکییەکانی وەڵامدانەوە کە دەکەونە ژێر چەتری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دوچاری چەندین ئاڵەنگاریی دەبنەوە لە مامەڵەکردنێکی بەهێز لە گەڵ کەیسەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا، لە ناویاندا توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. ئەمەش بەهۆی کەمی شارەزایی هونەریی و تەکنەلۆژیی پێویست و کەموکورتی لە سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان و دەستڕاگەیشتن بە هەموو شاروشارۆچکەکان. سەرەڕای ئەم ئاڵەنگارییانە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە چەندین لایەنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە ناویاندا داکۆکیکردن بۆ چاکسازییە یاساییە پێویستەکان و پەرەپێدانی سیاسەت و جێبەجێکردنی کەمپینەکانی هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئاژانسەکانی جێبەجێکردنی یاسا و دەسەڵاتی دادوەریی بۆ ئاسانکردنی وەرگرتنی پاڵپشتییە تەواو و هەماهەنگی بۆکراوەکان بۆ ئەوانەی کە کاریگەری توندوتیژییان لە سەرە.

## ٦.٤ ئاژانسەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا

لە سەر ئاستی فیدراڵی بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی تردا، ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی عێراق ئەرکی پاراستنی سەلامەتی و ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگەی پێ سپێردراوە. ئاژانسەکە هێڵێکی یارمەتی خستوتە کار بۆ وەرگرتنی سکاڵاکانی پەیوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و تیرۆریزم و گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنییەوە. بەڵام ئەم یەکەیە کە بە پلەی سەرەکی جەخت لە سەر کاری هەواڵگریی دەکات، بچووکە و داپۆشێنێکی جوگرافی سنووورداری هەیە و بانگەشەی دابینکردنی پاڵپشتی ناکات بۆ ئەوەی کەسەکان بتوانن سەردانیان بکەن. هەروەها وەکو پێویست سەرچاوەی لە بەردەست نیە بۆ گەڵاڵکردنی وەڵامدانەوەیەکی گشتگیر بۆ توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لە سەرانسەری عێراقدا.

دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا هەندێك یەکەی تەرخان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی و ئاسایشی گشتی هەولێر یەکەی تاوانی ئەلکترۆنییان دامەزراندووە هەریەکە لە سەنتەری پارێزگاکەی خۆیدا و لە ساڵی ٢٠٢٣ ەوە هێڵێکی یارمەتیان خستۆتەگەر کە هەموو کات و ڕۆژانی هەفتە کاردەکات بۆ وەرگرتنی کەیسەکان و دواتر لێکۆڵینەوەکردن لە ڕووداوە ئەلیکترۆنییەکان لە ژێر سەرپەرشتی دادوەرێکی تایبەتمەنددا. بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕێپێدانی ئەم یەکانە زیاتر لە سەر بنەمای ڕێنمایی ناوخۆیی دامەزراوە نەوەکو ئەوەی لە ناو یاسادا هەبێت و لەوانەیە خزمەتگوزرییەکان بەردەست نەبن بۆ خەڵك یا جەماوەر بەگشتی. هەروەها ئەم یەکانە داپۆشینێکی جوگرافی سنووردایان هەیە و سەرچاوە و ئامێر و توانای هونەریی گونجاو و کافییان لە بەردەستدا نیە بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.

# ٧. پێشنیار و کارە لەپێشینە سەرەکییەکان بۆ یاسادانان بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی

لە کۆتاییدا ئەم شیکارییە هەندێك پێشنیار و کاری لەپێشینەی سەرەکی دەستنیشان دەکات بە مەبەستی ڕەچاوکردنیان لە پرۆسەی دارشتنی یاسایەک بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. لە سایەی نەبوونی یاسایەکی تایبەتدا، پرۆسەی یاسادانان ستراتیجێکی گرنگە بۆ شەری دژ بە توندوتیژی ئەلیکترۆنی چونکە بنەمایەك فەراهەم دەکات بۆ هەموو لایەنەکانی وەڵامدانەوە. سەرەڕای ئەمەش هەتا یاسایەک دەردەچوێندرێت، پێویستە کە کاربکرێت لە سەر بەهێزکردنی سەرکردایەتیکردن لە وەڵامدانەوە و باشترکردنی هەماهەنگی و بونیادنانی شارەزایی گونجاو.

لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی پەرەسەندووی تەکنەلۆژیا کە تیایدا کردارەکانی توندوتیژی بە شێواز و بەرگی نوێوە سەرهەڵدەدەن، لە ناویاندا کردارەکانی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، پێویستە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان یاسای نوێ دەربکەن یاخود یاسا بەرکارەکان هەموار بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیە دەستنیشانکراوەکان لەم شیکارییەدا بە سوودوەرگرتن لە هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کە لە لایەن عێراقەوە پەسەندکراوە و پشتبەستن بەو پێوەرە جیهانییانەی کە گونجاو و تەبان لە گەڵ چوارچێوە نێوخۆییەکاندا.

وەڵامدانەوەی یاسایی بەهێز بەرانبەر توندوتیژیی ئەلیکترۆنی پێویستە بەڵای کەمەوە :

- پارێزگارییە پێویستەکان لەخۆبگرێت. بە دانپێدانان بەوەی کە ئەو چوارچێوانەی کە ڕەفتارەکان لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا بە تاوان دەناسێن بەزۆری ئەگەری ئەوەیان هەیە کە خراپ جێبەجێ بکرێن و خراپ مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، و هەروەها بە دانپێدانان بەوەی کە هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتاری تاوانی، ئەگەر خراپ بەکاربهێنرێت، لەوانەیە مەترسییەکان بۆ ڕزگاربووان گەورەتر بکەنەوە، ئەوا پێویستە یاسا هەندێک پارێزگاری سەرەکی فەراهەم بکات بۆ ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی.
- بەڕاشکاوی دان بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا بنێت لە ڕەهەندی دیجیتاڵیدا وەکو مافی تایبەتمەندێتی و مافی پاراستنی داتا کەسییەکان و هەروەها ئازادییەکانی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن و....هتد.
- پارێزگارییە بابەتی و ڕێکارییەکان لەخۆبگرێت[٤٧] - بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ڕەوایەتی و پێویستبوون و گونجاوبوون - بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانە و کەمکردنەوەی مەترسی خراپ بەکارهێنانی جێبەجێکردنی یاسا.
- ڕێبازی بە ناوەندکردنی ڕزگاربوو و ڕێبازی پشتبەستوو بە مافی مرۆڤ تێهەڵکێش بکرێت- لە ناویاندا ڕەزامەندی بە ئاگا و نهێنیپارێزی و پرۆتۆکۆڵەکانی پارێزگارییکردن- لەناو سەراپای پرۆسەکاندا[٤٨]، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە شکۆ و خۆشگوزەرانی و هیواکانی کەسانی ڕزگاربوو بنەما بێت بۆ هەر وەڵامێک.
- میتۆدێکی گشتگیر دروست بکات. بۆ بونیادنانی وەڵامدانەوەیەکی تۆکمە و تەواوکارانە بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی، پێویستە یاسا میتۆدێکی گشتگیر دابمەزرێنێت کە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی و پاراستن و دادگاییکردن و قەرەبووکردنەوە لەخۆبگرێت.
- بە وردیی ئەو ڕەفتارە تاوانییە جۆراوجۆرانە دەستنیشان بکات کە بە توندوتیژی ئەلیکترۆنی دادەنرێن، لە ناویاندا ئەو کردارانەی کە دەکەونە ناو چوارچێوەی جۆرەکانی توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە یان خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و سزای ڕوون و گونجاو بۆ هەر یەك لەو ڕەفتارانە دیاری بکات.
- ڕێوشوێنی نوێی جەزایی دابهێنێت بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردن لە کەیسەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی و تاوانە بە تەکنەلۆژیا ئاسانکراوەکاندا، لە ناویاندا لە ڕێگەی پاراستنی خێرا و بەڕێوەبردنی بەڵگە و داتا ئەلیکترۆنییەکانەوە.
- دەقبەندی بکات لە سەر چارەسەرەکان و پاراستنەکان و خزمەتگوزارییەکان کە ڕزگاربووانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی شایستەین وەکو پاراستنی سەلامەتی جەستەیی و دەستراگەیشتن بە چاودێری پەناگە (شێڵتەر) و زانیاری و ڕاوێژی یاسایی و یارمەتی پزیشکی و دەروونڕوستی و پاڵپشتی دەروونی و قەرەبووکردنەوە.
- دروستکردنی میکانیزمێکی ڕوونی هەواڵدان وەکو تەرخانکردنی پۆرتاڵێکی یا هێڵێکی یارمەتیدان بە هەندێك ڕێڕەوی دەستنیشان کردن و حەواڵەکردنی سەلامەتیانە بۆ گەیاندنی ڕزگاربووان بە خزمەتگوزاری و پاڵپشتیە بەردەستەکان.
- هەندێك ڕێوشوێن لەخۆبگرێت بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، وەکو بەرنامەکانی فێرکردنی نیشتمانی، و کەمپینە گشتیەکان بۆ بەرزکردنەوەی هوشیاری لە ئاست توندوتیژی ئەلیکترۆنی و دەستنیشانکردنی مەترسییە هاوبەشەکان و بونیادنانی خوێندەواریی دیجیتاڵی و پەرەپێدان بە پەیڕەوەکانی سەلامەتی ئەلیکترۆنی و فەراهەمکردنی زانیاری لە سەر چۆنێتی گەڕان بە دوای یارمەتیی وەرگرتندا.
- ڕوونکردنەوەی پابەندییە ڕێنماییەکان بۆ دابینکەرانی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی و کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا - وەکو تۆمارکردنی ئامێرەکان و خستنەبەرکارەوەی کۆتوبەندەکانی تایبەت بەتەمەن لە سەر ئامێر و مینبەرەکان و فەراهەمکردنی ئامرازەکانی سەلامەتی و بە یاساکردنی پرۆتۆکۆڵەکانی پێداچوونەوەی ناوەڕۆک و ڕێوشوێنەکان لابردنی ناوەڕۆکی ئەلیکترۆنی - و دروستکردنی چەن میکانیزمێکی لێپرسینەوە بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوون.

٤٧. ئەم ڕێوشوێنانە پێویستە ئەوە مسۆگەر بکەن کە هەر کۆت و بەندکردنێك لەسەر ئازادییە بنەڕەتیەکان بەبەرتەسکی پێناسە دەکرێن و ڕەفتارە تاوانییەکان بەوردیی دیاریدەکرێن و سزاکان پێویست و گونجاو دەبن بۆ توندی تاوانەکە؛ و دڵنیایی دەدەن کە دەستبردن بۆ داتای بەڵگەیی بە پێی ڕێکاری گونجاو دەبێت و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و بە پابەندبوونەوە بە پارێزگارییەکانی یاسا بۆ خۆلادان لە دەستێوەردانی هەڕەمەکییانە (بێ بنەمای یاسایی). هەروەها دڵنیایی دەدەن کە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکردن لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیکردندا دەبێت و دەسەڵاتەکانی ڕێپێدراو دەسەڵاتێکی دیاریکراو دەبن بۆ خۆلادان لە زیادەڕۆیی و گەرەنتیکردنی گەیشتن بۆ دادپەروەریی و پابەندبوون بە ڕێکارە یاساییەکان....وهتد.

٤٨. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەوەی کە چۆن دەبێ ئەو پرەنسیپانە جێبەجێ بکرێن لەناو سەراپای پرۆسەکاندا، لەناویاندا لە پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە و ڕێکارە بەڵگەییەکان و یاساییەکان و مافەکانی ڕزگاربوو لە هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکاندا، تکایە بڕوانە : کتێبی یاسادانان لەسەر توندوتیژیی دژ بە ژنان (ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠١٢).

- چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی دروست بکات. بۆ بەکارخستنی وەڵامدانەوە بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی، پیویستە یاسا چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی ڕوون فەراهەم بکات، بە سەرکردایەتییەکی ڕێپێدراو و چەن میکانیزمێکەوە بۆ پاڵپشتی دەستێوەردانە فرەچینییەکان و کرداری هەماهەنگی بۆ کراو لە ناو سێکتەر و خاوەن بەرژەوندییە پەیوەندرەکاندا، بۆ میتۆدی (هەموو سیستەمەکان).
  - دامەزراندنی دەزگایەکی فرە لایەن لە سێکتەرە جیاوازەکان کە لە لایەن حکومەتەوە بەڕێوەببرێت بۆ سەرکردایەتیکردن و هەماهەنگیکردنی وەڵامدانەوەیەکی گشتگیر بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی. ئەم دەزگایە پێویستە بە شێوەیەکی نموونەیی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆبگرێت کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا - وەکو بوونی چەند نوێنەرێك لە وەزارەتە فیدراڵی یا هەرێمییەکانی ناوخۆ و داد و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردە و پەیوەندییەکان و پیشەسازی تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێك لایەنی تر- و هەبوونی دەسەڵاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان.
  - ئاژانسێکی جێبەجێکردنی یاسا یان یەکەیەك دیاریبکرێت بۆ بەرەنگاربوونەووەی تاوانەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی و دەسەڵاتی پێبدرێت بە پێی ڕاسپاردنێکی یاسایی ئاشکرا. ئەم ئاژانسە یاخود یەکەیە پێویستە زانیاری و شارەزایی پسپۆڕیی هەبێت و ئامرازە هونەرییەکانی لەبەردەست دابێ بۆ سەرکردایەتیکردن و پاڵپشتیکردن و هەماهەنگیکردن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە هەستیار و ئاڵۆزەکان، و هەروەها توانای هەبێت بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەشداربووە نێودەوڵەتییە هاوتاکان لە سەر تاوانە ڕێکخراوەکان.
  - هەموو ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی تر دەستنیشان بکرێت کە بەشدارن لە وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی و بەڕوونی ڕۆڵ و بەپرسیارێتی تایبەتی هەریەکەیان دیاری بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کەلێنەکان و بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لەبەرگرتنەوە و پەرەبدرێت بە هەماهەنگی کاریگەرانەی نێوان ئاژانسەکان و کرداری هەماهەنگی بۆ کراو.
  - هەندێک دەق لەخۆبگرێ بۆ پاڵپشتی کردنی گونجاندن و پێشخستنی سیاسەتە پەیوەندیدارەکان لە ناو چوارچێوە یاساییە پێشنیارکراوەکاندا وەکو پلان و ستراتیجەکانی کاری نیشتمانی بۆ تێهەڵکێشکردنی هەموو میتۆدەکان و دروستکردنی ڕێبازی "هەموو سیستەمەکان" بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی.
- داڕێژراو بێت لە پێناو دروستکردنی کاریگەریی. لە پێناو مسۆگەرکردنی ئەوەی کە وەڵامدانەوەکان بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی کاریگەر دەبن، پێویستە یاسا هەندێك ڕێوشوێن لەخۆبگرێت بۆ پاڵپشتی جێبەجێکردن و چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوون و ئاسانکاریی بکات بۆ خۆگونجاندنەکان وەك پێویست.
  - بودجەیەکی بە تایبەت تەرخانکراو و گونجاو بۆ پاڵپشتی کردنی جێبەجێکردن و ئەوە مسۆگەر بکات کە هەموو دامەزراوە ڕێپێدراوەکان بەشێوەیەکی گونجاو پارەدارکراون بۆ جێبەجێکردنی پابەندییە یاساییەکانی خۆیان.
  - هەندێك ڕێوشوێن لەخۆبگرێت بۆ بونیادنانی شارەزایی بۆ ئاژانسە سەرەکییەکان لە ناو پەیکەرسازیی وەڵامدانەوەدا- لە ناویاندا لایەنی جێبەجێکردنی یاسا و دەسەڵاتی دادوەری و ئەو لایەنانەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش دەکەن- لە ڕێگەی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی سیستەماتیکی و هاوکاری هونەرییەوە بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە بە شیاوی توانادار کراون بۆ جێبەجێکردن.
  - دروستکردنی سیستەم یا میکانیزمێك بۆ بە سەلامەتی کۆکردنەوە و خەزنکردن و بەڕێوەبردنی داتا ئامارییە ڕۆتینەکان لە سەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتنەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە بارەی ئامانجەکان و دەرخەری دەرنجامەکان و بۆ پاڵپشتیکردنی گۆڕانکاری پشتبەستوو بە بەڵگە لە پێناو بەهێزکردنی جێبەجێکردن و باشترکردنی وەڵامدانەوەی فرە لایەن.
  - دامەزراندنی ڕێوشوێنی چاودێریکردنی فەرمیی بۆ نمونە لە ڕێگەی پرۆسەی یا لیژنەیەکی پێداچوونەوە بۆ ئەوەی ناوبەناو هەڵسەنگاندن بکات بۆ کاریگەری چوارچێوەکە و پێشنیار پێشکەش بکات لە بارەی پێویستبوونی خۆگونجاندنی دینامیکی و هاوشانیکردنی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و ئاسانکاریی کردن بۆ ئەو خۆگونجادنانە لەگەڵ شێوازە تازە دەرکەوتووەکان لە چالاکی تاوانیی و بۆ بەهێزکردنی لێپرسینەوە.

SEED